لەبڵاوکراوەکانی حەوتەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ

# چەپکێ ڕەخنەی شانۆیی

# 3

حەیدەر عەبدولڕەحمان

چەپکێ ڕەخنەی شانۆیی

3

- نوسەر: حەیدەر عەبدولڕەحمان
- تایب: ژیار حەیدەر
- دیزاین: کاوەر فاروق علی
- تیراژ:١٠٠٠ دانە
- لەبڵاوکراوەکانی حەوتەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ

## دەستپێک:

لەچوارچێوەی چالاکییەکانی فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی شانۆ لەهەولێر، بەچاپ گەیاندن و بڵاو کردنەوەی ئەم کتێبە بوو، کە بەشی سێیەمی ئەو زنجیرە کتێبە رەخنەییانەیە، دەربارەی رەوشی شانۆی کوردی لەچەندین قۆناغی جیا جیادا، خوێندنەوەیەکی رەخنەییانەم بۆیان کردووە.

لەو پێودانگەوە بۆی هەیە خوێنەر، یا توێژەر بتوانێت بۆ ئەو قۆناغەی دوایی شانۆی کوردی شتێ دەربارەی ئاستی شانۆ لەچەندین لایەنی هونەریی و مەعریفی و تەکنیکی تێ بگات و بزانێت بەرهەمی هەر یەک لەو قۆناغانە چەند بووە، فۆرم و ستایلیان لەچ ئاستێک دابووە، چەند پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە دیوە، یاخود چەند شکستیان هێناوە.

ئەم بەدوا چوونە رەخنەییانە دەبنە باشترین سەرچاوە بۆ قوتابیە ئەکادیمیەکانیش، بۆ ئەوەی بەرچاو روونیەکی زانستیانەیان هەبێت بۆ ئەو ماوە زەمەنیەی شانۆی کوردی و هەلو مەرجەکانی .

لەهەر قۆناغێکدا کۆمەڵێ نموونەی شانۆیی خراوەتە روو، بۆ گەیاندنی کۆمەڵە چەمکێک لەرەگەزە جیا جیاکانی پێکهاتەی شانۆ لەشێوەو ناوەرۆک و تەکنیکی شانۆیی، پاشان دیاری کردنی مۆرک و ستایلی جیاوازی هەر دەرهێنەرێک و ئاستی هونەرییان .

هەندێ لەو دەرهێنەرانە نەک هەر توانیویانە زۆر لەسنوورەکان تێپەڕێنن، بگرە بوونەتە بونیاتنەری قۆناغێکی نوێ لەشانۆی کوردی دا، هەشیانە کۆتایی خۆیان بەچاوی خۆیان دەبینن، بەڵام بوێری ئەوەیان نیە مردنی خۆیان رابگەیەنن.

نەک هەر دەرهێنەر، بگرە ئەکتەرەکانیش هەر یەکەو پیگەی تایبەتی

خۆیان لەناواخنی ئەو بەرهەمانەدا دیاری دەکرێت و داهێنان و ئەفراندنەکانیان لێکتر جیا دەکرێتەوە، هەندێ لەو ئەکتەرانە هەلو مەرجێکیان بۆ دێتە پێشەوە ببن بەپاڵەوانی زەمەنێکی دوورو درێژو کاریگەری نواندنیان بەئاسانی لەسەر گۆڕەپانی شانۆیی دا کاڵ نەبێتەوە.

لەهەموو حاڵەتێکا زەمەن پێوەر نیە بۆ ئاستی شانۆو شانۆکارەکانی، بەڵکو ئەوە شانۆیە زۆر جاران پێشی زەمەنی خۆی دەکەوێ، یا لەگەڵ رەوتی خۆی ناڕواو تووشی پاشە گەردانی و هەندێ جاریش دەگاتە سەرە مەرگ.

بەگشتی تۆ ناتوانیت هەڵسەنگاندنێکی گشتی بۆ شانۆی کوردی بکەیت و ئاستێکی دیاری کراوی بۆ دەست نیشان بکەیت، چونکە حاڵەتێکی سەقامگیری نیە و هەمیشە وەک جیوە لەهەڵکشان و داکشان دایە.

تاک حاڵەتی هەیە بۆ دەرهێنەرەکان، ئەکتەرەکان، هونەرکارەکان، ئەوانیش جێگەی متمانە نین بۆ بەردەوام بوون، وەک وەرزێکی دیاری کراو دەردەکەون، بەڵام بەئاسانی ئاوا دەبن و لەبیر دەکرێن.

خۆ ئەگەر شانۆ ببێتە کولتوورێکی کۆمەڵایەتی جێگیر و بەردەوام، بناماکانی دروست بوون و نەشوونوما کردنی دەردەکەوێت و دەتوانی لەگەڵ ئەزموونە پێشکەوتووەکانی جیهان خۆی متوربە بکات و ببێتە بەشێک لەو گۆڕانکارییە ئەرێنیانەی لە تێکرای جیهاندا بەسەر شانۆ دا دێن .

**بە کولتوور بوونی شانۆی کوردی**

بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی تائێستا کورد نەبۆتە خاوەنی کولتوورێکی شانۆیی خۆی، وێڕای تێپەڕ بوونی سەدەیەک لەسەرهەڵدانی؟

بێ شک کێشەی بنەڕەتی لەلاوازی توانست و دەسەڵاتی عەقلی و هونەریی و مەعریفی کورد نەبووە، لەئاست چمکی شانۆو

ئامانجەکانی، بەپێچەوانەوە، کورد یەکیک لەو نەتەوە پڕ بەهرەو دەسەڵاتە زانستی و فیکری و هونەریی و ئایدۆلۆژیانەیە، کە پێگەی دیاری خۆی هەیە لەنێو گەلانی دنیا، لەزۆر لەرەهەندە جیا جیاکانی بواری پێشکەوتنی مرۆیی، بەڵام ئەگەر وەک مێژوو ئاوڕ لەرابووردووی کورد بدەیتەوەو ئەو مەرگەسات و تراژیدیا تاڵە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە لەبەرچاو بگریت، کە رووبەڕووی کورد بوونەتەوە، ئەوسا بەئاسانی ئەو فاکتەرانە دەبینی، کە بوونەتە رێگر لەبەردەم پێشکەوتن و بەمەدەنی بوون و شارستانیەتی کوردو دوا کەوتنی لەو رەوشە پێشکەوتووە جیهانیەی کە ناکرێت بەهیچ لۆژیکێک بەراوردی پێ بکرێت، لەگەڵ ئەو گەلانەی مێژوویەکی سەقام گیرو ئارامیان هەبووە، بۆ خۆ دروست بوون و رەخساندنی زەمینەی پێشکەوتن، لەوانەش لەبواری شانۆیی دا.

لەو ساڵانەش کەکورد دەرفەتی ئارام بوونی بۆ هاتۆتە پێش و لەژێر زەبرو زەنگ و سەرکوتکردنەوەی داگیرکەران بۆ ماوەیەک حەساوەتەوە، بەئاسانی درک بەو پێشکەوتنە بەرچاوانە دەکەیت، کە لەتێکڕای بوارە ژیاریەکاندا سەر هەڵدەدەن، بەتایبەتیش لەبواری شانۆدا.

بۆیە چوار ساڵی رێکەوتنی ئاشتی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ کە بەسەرەدمی زێڕینی ناو دەبەن، هونەری کوردی گەیشتۆتە لوتکە.

بۆیە لەو دەمانەدا کە سەقامگیریی دەبێتە حاڵەتێکی گشتی، زەمینە بەرفرەوان دەبێت بۆ داهێنان و دروست بوونی توخمەکانی رکابەری شانۆیی لەسەر پێشکەوتن و بەرز بوونەوەی داهاتی شانۆو سەرمایەی شانۆیی .

بەپێچەوانەوە، لەهەلو مەرجی ناسەقامگیرو داهێزرانی کۆمەڵایەتی و شکستی ئابووری، هەموو کایە پیرۆزو بەهادارەکان بۆ نزمترین ئاستی خۆیان دا دەبەزن، ئەو شکۆمەندییەی جارانیان نامێنێ و دەبنە کەرەستیەکی بازاڕی هەرزان.

ئـەو هــەرزان بازاڕییە ڕێگە خـۆش دەکــات، بۆ مردنی ڕۆحی خۆراگری دەروونی لەرووی سایکۆلۆژیەوەو دوور کەوتنەوە لەو حاڵەتە مەعنەویانەی حەماسی داهێنان دەوروژێنن، بۆیە، هەموو ئاراستەکان بەرەو بازرگانی بوون دەچن، لەوانەش شانۆو سینەما.

# ڤیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی هەولێر
# ژانی شانۆی کوردی دەشکێنێ؟

دوای ماوەیەک کپی و بێدەنگی، هەولێر کەوتەوە جووڵە بۆ ئەنجامدانی حەوتەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ، بەو ئامانجەی جارێکی دیکە، شانۆ بوونی خۆی لەو شارەدا بسەلمێنێتەوەو ئەو گلەیی و گازەندانە بڕەوێنێتەوە، کە لەو دوو ساڵەی رابووردوودا ڕووبەڕووی بۆتەوە.
بێگومان ئەنجامەکانی ئەو فیستیڤاڵە پێوەرە بۆ یەکلا کردنەوەی هاوکێشەکان و گەڕاندنەوەی هیوایەکی نوێ، یاخود داکشانەوەی تەمێکی تری بێ ئومێدی بەسەر ئەو شانۆیەی گیرودەی کۆمەڵی ئاستەنگی قوڵ هاتووە.
بۆیە ئەگەر ئەو واقیعەی شانۆی تێدا دەژیت چارەسەر نەکرێت، دیسان هەولێر دەکەوێتەوە ژێر هەمان قورسایی جارانی.
جێگەی پرسیارە کە بۆچی لەو هەلو مەرجە تەنگەتاوەی شانۆ لەو شارەدا، لەبری ئەوەی فیستیڤاڵێک بۆ شانۆی خۆماڵی ساز بکرێت و هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان بەشداری تێدا بکەن و لەکۆڵ ئەو ناونیشانە قورسەی (نێو دەوڵەتی) ببێتەوە، ناچاری ئەوە بێت فیستیڤاڵێکی نێو دەوڵەتی ساز بکات،
ناونیشانی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی ناونیشانێکی گەورەیە، لەناوەرۆک و پێکانی ئامانجەکان بچووکە، چونکە ئامانجە بنەڕەتیەکانی شانۆی کوردی ناپێکی کە گۆمەکە نەشڵەقێنێ، تەکانێک بەو واقیعە دواکەوتووە بدات و خوێنی مەییوی شانۆی کوردی بگۆڕێ، بە خوێنێکی ئەکتیف و گەرم.. بتوانێت رکابەرییەک لەنێو تیپە شانۆییەکانی کوردستان دروست بکات لەسەر داهێنان و بە دەست هێنانی سەرکەوتن، فاکتەرێکی هاندەر بێت بۆ زیندوو کردنەوەی هەندێ لەتیپە خەوتووەکان و

بەگەڕخستنەوەی هەندێ لەدەرهێنەرو ئەکتەرە سستەکان،
پەخش کردنی هیوایەکی نوێ لەهزری شانۆکارەکان، دروست بوونەوەی متمانە لای بینەری شانۆیی ئەو شارەو بەدەیان ئامانجی تر، کە لەفیستیڤاڵێکی نێو خۆیی خۆماڵیدا هەبوون و لەفیسیڤاڵێک بەناو ڤیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتیدا نین.
بەڵکو نمایشی چەند بەرهەمێکە کە زۆرینەیان هی تۆ نین، ڕۆڵی تۆ لەرۆڵی تەماشا کەرێک تێناپەڕێ، بۆ بینینی چەند ئەزموونێکی عیراقی و ئیقلیمی و جیهانی، لەسنوورێکی تەسک و دیاری کراودا.
ڕەنگە ئەم ناونیشانە بۆ هەولێر ئەرکێکی قورس بێت و دەرەقی هەڵگرتنی نەیێت، مەگەر تەنیا بەچاوپۆشین و تێپەڕاندن نەبێت لەو واقیعەی ئەمڕۆ بەسەر شانۆی کوردیدا زاڵە.
هەندێ ئاماژەی لۆژیکی هەن، بەشێوەیەکی سروشتی دەبنە وەڵام بۆ ئەو پرسیارە، ئەویش ئەوەیە:
١. ئەو کەوتنە درێژخایەنەی شانۆ لەو شارەدا کە چەند ساڵێکی خایاندووە، بۆتە هۆکار بۆ روخانی ژێرخانی شانۆیی و نەمانی زەمینەیەکی لەبارو گونجاو بۆ زیندوو بوونەوەیەکی خێرا، وەک ئەوەی بینەر ئاواتی بۆ دەخوازێ.
بۆ ئەوەش بتەوێ سەرەتایەکی نوێ بۆ شانۆ دەست پێبکەیت و شانۆیەک بێنیتە کایەوە کە لەدایک بووی ئەم سەردەمەو پێشکەوتنەکانی بیت، پێویستیت بەداماڵینی ئەو بەرگە دواکەوتووە تەقلیدیە هەیە، کە تا ئێستا بۆتە کۆسپ لەبەردەم هەر پێشکەوتنێک ئاواتی بۆ دەخوازرێ.
بۆ ئەمەش، پێویستیت بەکات و ئیرادەو ویستێکی بەهێز هەیە، کە بەراستەقینە بڕیارو دەسەڵاتی گۆڕینی ئەو واقیعەی هەبێ، بۆ بونیاتنانەوەی سەر لەنوێ ی شانۆ لەو شارەدا، کە مخابن تا ئێستا هیچ ئاماژەیەکی دوورو نزیک بوونی نیە بۆ ئەو ئامانجە.
پێشم وایە هیچ چالاکییەکی کاتی و هێور کەرەوە نابێتە چارەسەر بۆ کێشەکە، چونکە ئەو چارەسەر کردنە کاتیانە، وەک پەڵە هەورێک دێن و تێدەپەڕن، بەڵام واقیعە تاڵەکە هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە .

٢. ئەگەر بمانەوێت شانۆ هەبێت، هۆڵە شانۆییە روخاوو شەتو پەتەکان لەجووڵە دابن، بۆ ئەوەی شانۆ بەبەردەوامی حزوری خۆی هەبێت، کاتێ بینەر ئارەزووی بینینی نمایشێکی کرد، شانۆگەریەک هەبێت ئەو ئارەزووەی بێنێتە دی بۆ پڕکردنەوەی ئەو حەزەی هەیەتی، نەک واقعێکی ئەوتۆ هەبێت، ناچاری ئەوە بکرێت، بەساڵ چاوەڕوانی نمایشێک بکات .
ئایا ئەگەر بینەرەساڵێ جارێ نمایشێک ببینی، کولتوورو هوشیاری شانۆیی لەکوێ گەشە دەکات؟
دەرهێنەرێک ساڵێ جارێ دەرفەتێکی بۆ نەڕەخسێ بۆ کارکردن، ئەزموونە نوێکانی لەکوێ پەرە پێ بدات؟
ئەکتەرێک ساڵێ جارێ چانسی بینینی رۆڵێکی پێ نەدرێت، چۆن ئەو توانستە جەستەیی و فیزیکیەی هەیەتی بپارێزێت بۆ نواندن؟
کەواتە شانۆ بەتێکڕایی بەوەستانی دوورو درێژ باوێشک دەدات و دەمرێت، هیچ فاکتەرێکی بە دەستەوە نامێنێ بۆ گەشەسەندن، هەر هەوڵێکییش بەعەمەلیەکی قەیسەری ئەنجام بدرێت، ئەوە لەئاکامدا بەرهەمێکی ئیفلیج بووی لێ لەدایک دەبێت، کە هیچ لەکرۆکی مەسەلەکە نەگۆڕێت.
بۆیە ئەگەر بمانەوێت بەردەوام شانۆ حزوری هەبێت، دەبێت چەندین کەناڵی بەرهەمهێنانی شانۆمان هەبێت.
بەتەنیا مانەوەی سەرچاوەیەکی وەک بەڕێوە بەرایەتی شانۆ، وەک دەزگایەکی شانۆی بەستراو بەبودجەی حکومەت، ناتوانێت ئەو بۆشاییە بەرفروانەی شانۆ لەشارێکی گەورەدا کەناوی پایتەختە پڕ کاتەوە.
ئەوەتا لەشارێکی وەک ڤیەننا لەهەر گەڕەکێک ١١ شانۆی تیایە، ئەی دەبێ لەشارێکدا کە چەندین گەڕەکی تیا بێ، چەند هۆڵی شانۆو، رۆژانە چەند نمایشت هەبێت؟
٣.نەبوونی ئەو تیپە شانۆییانەی سەر بەکەرتی تایبەتن، بۆ ئەوەی ببنە ئەلتەرنایف و جێگرەوەی دەزگا حکومییەکان، ساڵانێکی زۆرە لەبزاڤی

شانۆیی ئەو شارەدا غائیبن و لەگۆڕەپانە شانۆییەکە دوورە پەرێزن.
٤.دوور کەوتنەوەو پەرتەوازە بوونی شانۆکارەکان، بەتایبەت دەرهێنەرەکان لەکاری شانۆیی، بەهۆی دیار نەمانی شانۆ، ئەم دوورکەوتنەوەش ئەزموونی شانۆییان لاواز دەکات و دەست بەتاڵ دەبن لەهەڵگرتنی هیچ پرۆژەیەکی شانۆییی.
٥.لاوازی پەیمانگاو ئەکادیمیا شانۆییەکان و قەیرانی بەرهەمی شانۆییان، بۆ ئەوەی لەو بۆشاییەی لەگۆڕپانی شانۆیی ئەم شارەدا هەیە، بەشێک لەو بۆشاییە پڕ کەنەوە.
ئەم چەند خاڵەو زۆر خاڵی تریش هەن، ئەوە دەسەلمێنێ کە هەولێر لەو هەلو مەرجەو بەو هەموو ئاستەنگانەی دێتە ڕێ ی، لەئێستادا ئامادەیی نیە بۆ سازکردنی فیستیڤاڵێکی شانۆیی خۆماڵی، بەشێوەیەک مایەی ڕەزامەندی بینەرو تێنوویەتی شکانی بێت، لەو زەمەنە دوورو درێژەی تێنوو بوونی دا.
بەڵام دوای هەموو ئەو گلەیی و بناشتانەی ئاراستەی حکومەت کران لەپشتگوێ خستنی شانۆ لەو شارەدا، پێ دەچێ جارێکی تر حکومەت چانسێکی تری بەشانۆکاران بەخشی، بۆ ئەوەی خۆیان بخەنە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی تر.
بەڵام لەهەمبەر ئەو واقیعە تاڵە بەسەردا سەپاوەی شانۆ لەهەولێرو نەبوونی ئەو ئامادەباشیەی پێویست بوو بۆ سازکردنی فیسیڤاڵێکی خۆماڵی، بیری سازکردنی فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی هاتۆتە ئاراوە.
هیوا خوازین ئەم فیستیڤاڵە سوودمەند بێت، بۆ ئەو شانۆکارو بینەرانەی دەست کورتن لە بینینی ئەزموونی بیانی و پێشکەوتنەکانی، کەم تا زۆرێک تینوویەتی بینەری کورد بشکێنێ بۆ شانۆ.

ڤیستیڤاڵەکە هاندەر بێت بۆ گەڕاندنەوەی شانۆو دەست پێکردنەوەی جموجۆڵی شانۆیی، بەتایبەت لای گەنجە شانۆکارەکان و درک کردنی زێتر بەبەرپرسیاریەتی نیشتیمانی و نەتەوەییان.

## شانۆگەرییەکانی ئەم کتێبە

**لەو کتێبەدا کە بەشی سێیەمی خوێندنەوە رەخنەییەکانمە بۆ شانۆی کوردی، ئەم چەند نمایشە تاوتوێ دەکەین :**

١. (وەک قەقنەس دەسووتێم )
نووسینی گەزیزە عومەر
دەرهێنانی نەژاد نەجم
نواندنی: هەوار فارس.

٢. باوک
دەق: ئۆگیست سترانبیرگ
دەرهێنانی: سدیق عەزیز

٣. شەماڵی عەبە رەش
لەنێوان دوو جەمسەری شانۆیی دا

٤. دوژمنی گەل
لەنێوان ناوەرۆک و شێوەدا
نوسینی ( هندرک ئەبسن)
دەرهێنانی : ئەرسەلان دەروێش

٥. کەسێک هەر دێت . منیش دەیبینم
تێکستی : جۆن فۆست
دەرهێنانی : مەهدی حەسەن

٦. گوێچکەکانم قسە دەکەن منیش گوێیان لێ دەگرم
تێکست ودەرهێنان: کارۆخ ئیبراهیم :
نواندن : گۆران ساڵح
سێبەر ئیبراهیم

٧. تاریکتر لە شەوە زەنگ و
خوێندنەوەیەک لە مانگەشەودا
تێکست : دلشاد مستەفا
دەرهێنان: ئەرسەلان دەروێش

٨. بکوژ
لەنێوان فەلسەفەو سینۆگرافیا
نووسین و دەرهێنان : ئومێد کەمال

٩. مایسترۆی سلێمانی لەهەولێر بوو
نووسین و دەرهێنان : حەیدەر ئەبو حەیدەر
نواندن : میدیا رەئووف بێگەرد

١٠. لەنمایشی دوا ڕۆژەکانی بابلۆ
سیحری ڕاکێشانی بینەر لەکوێ دایە؟
نووسین: کلۆد ماگینێر
دەرهێنان :شوان کەریم
نواندن : ڕێشان حەمۆش، ژمارەیەک ئەکتەری تر

# کاتێ قەقنەس لەهەولێر سووتا



# کاتێ قەقنەس لەهەولێر سووتا

نووسینی : گەزیزە عومەر
دەرهێنانی : نەژاد نەجم
نواندنی هەوار فارس

ئامادەی بینینی مۆنۆدرامای (وەک قەقنەس دەسووتێم )ی نووسەر (گەزیزە عومەر) و دەرهێنانی (نەژاد نەجم) و نواندنی (هەوار فارس) بووم، لەهۆڵی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر.

بێگومان کەباس لەسوتان دەکرێت، باڵندەی قەقنەس دەبێتە هێمای سوتان، چونکە هیچ سوتانێک دوای سوتانی ئەو باڵندە ئەفسانەییە پڕ لەئازارترو پڕ ئێش تر نیە، ئەگەرچی ئەو خۆی لەئاگر لەدایک بووە، لەنێو ئاگریشدا گیان لەدەست دەدات.

چیرۆکە ئەفسانەییەکان دەگێرنەوە دەڵێن :

(قەقنەس) ئەو باڵندە گەردن سپیە بێ وێنەیە کە مرۆڤ نەیبینیووە، هەر کات بزانێ وادەی مردنی نزیک بۆتەوە، کۆمەڵە پوشو پەراشێک کۆ دەکاتەوەو خۆی دەخاتە ناوەڕاستی ئاگرەکە و خۆی دەسووتێنێ، تا دەبێتە پارچەیەک لەخۆڵەمێش، دواتر هەر لەو خۆڵەمێشە قەقنەسێکی تر لەدایک دەبێتەوە، بۆیە بەباڵندەی ئاگرو سوتان ناوبراوە.

(گەزیزە عومەر)ی ئەکتەرو دەرهێنەرو نووسەر، کە هەم نووسەری مۆنۆدراماکەیە، هەم کاراکتەرە راستەقینەکەیەتی لەدەقەکەدا، ئەو سوتانەی لەناخی دایە بەسوتانی ئەو باڵندەیە دەشوبهێنێ، کە کەس نەدەیبینی نەکەسیش هەستی پێ دەکات، سوتانێک لەئاکامدا دەبێتە مشتێ خۆڵەمێش.

دەرهێنەر (نەژاد نەجم) لەتەرح کردنی ئەو فەلسەفەی سوتانە، شتێ باس ناکات چەندراوی فانتازیایەکی خەیاڵی بێت، بەڵکو هەوڵی ئەوە دەدات ئازارەکانی شانۆکارێک بەرجەستە بکات، کە بەدەم چاوەڕوانی و یادگارییەکانی ئازیزەکەی، دووچاری جۆرێک لەهیستریای دەروونی بێت و تۆش وەک بینەر هاتووی چێژ لەبینینی ئەو ئازارانە وەرگری وەک شانۆ.

دەرهێنەر لەچمکی سوتاندا دەیەوێت ئەو ئامرازانە بەکار بێنێ، کە ئەتمۆسفیرێکی تراژیدی دروست بکات لەسەر شانۆو دیوی ناوەوەی کاراکتەرمان نیشان بدات، وەک فەزایەکی سەرتاپا رەش،

گۆرانی و موزیکی غەمگین، نیشاندانی تەقسیێکی شین و گریان، پۆشینی جلی ماتەمینی..
کەچی هیچ لەوانە ناچنە دەرەوەی بازنەی دیمەنێکی تەقلیدی و نابن بەئامرازێکی تەعبیریی و ستاتیکایی بۆ شانۆ )ئەگەر( بەزمانی شانۆ بەرجەستەیان نەکەیت و نەیانخەیتە نێو چوارچیوەیەکی درامی هاوسەنگ...
چونکە دیارە چەند ئەوەندەی دەرهێنەر لەئامرازە هێما بەخش و تەعبیریەکان و سینۆگرافیا دوور کەوێتەوە، ئەوەندە زێتر ئاراستەی نمایش رووبەرووی روخان دەکاتەوە ..
بینەر کاتێک دەتوانێ تێت بگات و چێژ لەهونەرەکەت وەرگرێت، کە بەزمانی دراما قسەی لەگەڵ کەیت نەک بەڕواڵەت، هەر گوتارێکی تری نادرامی بێ دەسەڵاتی دەرهێنەر نیشان دەدات لەبەرجەستە کردنی ئامانجەکانی.
دەرهێنەر هەر بۆ ئەوەی کەشوهەواوو ئەتمۆسفیرو تەقسیێکی حەزین باڵی بەسەر نمایشەکەدا بکێشێ، فەزای نمایشەکەی بەو کەشو هەوا ماتەمینیە خنکاندوە.
 دوو گۆرانی نێو رووداوەکانی نمایشەکە، یەکێکییان لەدەستپێکی دیمەنەکان کەگۆرانیەکی ناوازەو درێژو نەگونجاوە، بەتۆنێکی بەرزو ریتمێکی بڵند، بەشێوەیەک لەنمایشەکەت دادەبڕێنێ، ئەوە لەبیر کەیت بەرامبەر نمایشێکی شانۆیی دانیشتووی وابزانی لەئاهەنگێک دایت .
 گۆرانی دووهەمیان کە دوا دیمەنی نمایشەکەو رادەست کردنی ئامانجەکانی کۆتایی بوو، بەئاگر پژانێک کۆتایی هات کە لەیاری ئاگرین دەچوو نەک دراما، بەتایبەت بەتێکەڵ کردنی گۆرانیە کۆنە تەقلیدیەکەی قادر مەردان (گۆرانی بێ ئومێدی)
 ئەمە وای کرد دوا چارەسەری درامی زۆر لاواز بێت وبەتەواوی بینەر بەتاڵ کاتەوە.
بینەر لەهەردوو دیمەنی گۆرانیدا ئەکتەر کەوتە دەرەوەی بازنەی

نمایشەکەو وەک پەیکەرێکی لێهات بەدیار کۆتایی هاتنی ئاگر پڕانەکە، تا یارییەکە تەواو بوو، ئەکتەر هەر بەچەق بەستراوی لەسەر سەکۆیەکە وەستابوو، چونە دەرەوەی ئەکتەریش، وای کرد تەقسەکە هیچ بەهایەکی نەمێنێ.

ئەو گۆرانیانە وەک ژەهر وا بوون بۆ کوشتنی نمایش، کە هەموو بونیاتە درامیەکانی لەسەر ئەکتەر وەستا بوو.

بینەر هەمیشە وێڵی دروست بوونی وێنەی درامیە چاوەکانی تێر کات لەجوانی وستاتیکای شانۆیی، بۆ ئەوەی چێژێکی درامی پێ ببەخشێت.

لەو مۆنۆدرامایەدا بینەر هەست بەوە دەکات نمایشەکە بەوێنەی درامی تێر نەکراوە، سینۆگرافیا لاوازەو تەکنیک نیە.

بەدەر لەچەند دیمەنێک نەبێ کە بوون بەفریاد رەسی رزگار بوونی بونیاتی نمایشەکە لە روخان، وەک دیمەنی دەف لێدانە عیرفانیەکە و گرنگی سەماو ریتمی دەف و دیمەنی سەما بازنەییەکە، کە پێویستی بەوزەو هەناسەیەکی درێژی ئەکتەر هەبوو، کە تێیدا (هەوار فارس) توانستێکی گەورەی نیشاندا لەچوارچیوەی پێرفۆرمانسێکی هاوسەنگدا.

بەگشتی کێشەی بنەڕەتی نیوەی نمایش لەخێرایی ریتمی نمایشەکە دابوو، کەمتر دەرفەتی بەجێ هێشتبوو بۆ تەئەمول کردن لەگەڵ پێرفۆرمانسی ئەکتەرو سینۆگرافیا، جگە لەوەی موزیک رۆڵێکی ئەوتۆی نەبوو لەتێرکردنی دیمەنەکان.

هەروا خێرایی ریتم دەرفەتی کەمتری رەخساند بۆ لێک جیاکردنەوەی کاراکتەرەکانی ترو ناساندنیان و چێژ وەرگرتنی زیتر لەفۆرمی نواندن بۆ هەر یەک لەو کاراکتەرە لێک جیایانەی لەکاراکتەری سەرەکی دروست کرابوون.

نەژاد لەو بەرهەمەدا هەم دەرهێنەرەو هەم سینۆگرافیا، بۆ هەریەک لەو دوو هونەرە بەئاراستەیەک تێپەڕیوە، هەست دەکەیت لەهەندێ دیمەندا سینۆگرافیا وەک هونەرێک بۆ ستاتیکای

شانۆیی تێر نەکراوە، تەفاعولیان لەگەڵ دیمەنەکاندا لاوازە، یاخود بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەچنە ناو رووداوەکان .

لەرووی دەرهێنانیشەوە دەرهێنەر هەموو قورسایی خۆی خستۆتە سەر ئەکتەر، وەک بزوێنەری بەهێزی ریتمی مۆنۆدراماکە، هەموو ئامرازەکانی دیکەشی تەنیا بۆ بەرجەستە کردنی رۆڵی کاراکتەر تەرخان کردووە.

هـەوار فـارس پیرفۆرمانسێکی زینـدووی هـەیەو توانیویەتی جەستـەی خـۆی لــەرووی فیزیکییەوە بـۆ دەرخستـنی زۆر هێما بەرجەستە بکات و ریتمێکی جەستەیی هاوکوف لەگەڵ ئەتمۆسفیری نمایشەکە دروست بکات، ئەگەرچی ریتمی خێرای نمایشەکە هیلاکی کردبوو.

بەگشتی نمایشەکە وێڕای سەرنجەکان هەوڵێکی دیـاری تیپی هەوارە لەکەرکووک، کە لە هەلومەرجێکی سەخت دا هەوڵەکانیان بــەردەوامــی پــێ دەدەن و قـــەوارەی چلاکییەکانیان روو لە پەرەسەندنە، ئەمەش جێگەی دڵخۆشیە، بەڵام هەر بەرهەمێک کە دەخرێتە بەر خوێندنەوەیەکی رەخنەیی ناچارین هیچ پاساوێک لەبەرچاو نەگرین و وێنەکە وەک خۆی رەسم بکەین.

لە پەراوێزی نامەو پەیوەندییە تەلەفونیەکەی دەرهێنەر نەژاد نەجم ئـەم ئێوارەیە دەرهـێـنـەری مـۆنـۆدرامـای (وەک قەقنەس بۆت دەسووتێم) کە ڕۆژی پێنج شەممە لەهەولێر نمایش کرا، سەبارەت بەخوێندنەوە ڕەخنەیەکی ئێمە، کەهەمان ئێوارە بڵاومان کردەوە، بەسوپاسەوە لەپەیجەکەی خۆی و پەیجی تایبەتی (هەوار فارس) ی ئەکتەریش شێریان کردبوو.

لەنامەیەکی تایبەتی و پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، ستایشی ئەو بابەتەی کردو خۆشحاڵی خۆی نیشاندا بەرامبەدا هەموو ئـەو سـەرنج وبیروبۆچوونانەی ئێمە سـەبـارەت بەنمایشەکە نوسیبوومان و گوتی: وتارەکەتمان حەرف حەرف خوێندەوە

لەبەر ڕۆشنایی ئەو وتارە کۆمەڵێ گۆڕانکاریمان لەنمایشەکەدا کردووە، بەقازانجی بەرهەمەکە.
تەواوی گۆڕانکارییەکان لەو نمایشە دەردەکەوێ کە لەسلێمانی و کەرکووک پێشکەش دەکرێت.
ڕاستی ئەو نامەو پەیوەندیەی نەژادی دەرهێنەر زۆر دڵخۆشی کـردم، چونکە وای بۆ دەچـووم کـە نـەژادیـش وەک زۆرێـک لەشانۆکارە ئازیزەکانم، دوای ئەو ڕەخنە گرتنە لەدەست دەدم، بەڵام خۆش بەختانە نەژاد هاوکێشە چاوەڕوانکراوەکانمی سەرەو ژێر کرد، بەعەقل و سینگێکی کراوە سەرنجەکانی لەباوەش گرت.
وەزیفەی ڕاستەقینەو ئامانجەکانی ئێمەش هەر ئەوەیە
کە ڕەخنە کردەیەکی ئەرێنی بێت، بەئاراستەی خزمەت گەیاندن بەپرۆسەی شانۆیی و دەرخستنی ڕۆڵی ڕەخنە لەو پرۆسەیەدا، چونکە کارێکی لۆژیکیە کەشانۆ بەبێ ڕەخنە پێش ناکەوێ..
ڕووی دووەمی تەواو کردنی ڕۆڵی ڕەخنە ئەوەیە کە ئەوانەی کاری شانۆیی دەکەن، واز لە دژایەتی کردنی ڕەخنە بێنن، بگەنە ئەو باوەڕە کە بەچاوی خۆیان تەماشای بەرهەمەکانی خۆیان نەکەن، بەڵکو ئەوە ڕەخنەگرەکان و بینەرانن چاوی ڕاستەقینەن بۆ نرخاندنی بەرهەمەکان.
بۆیە هـەر کاتێ ڕەخـنـە بەپراکتیک وەزیـفـەی خـۆی گەیاندو شانۆکارەکان دەرگایان بەڕووی ڕەخنەدا کردەوە، ئەوە ئەو کاتە ڕەنگە ڕەخنە ببێتە سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ بەخۆداچوونەوە و سوود لێ وەرگرتن.
رەخنە گرەکانیش کە بۆیان دەرکەوت ڕەخنە ڕێزی لێ دەگیرێ، متمانەی زێتر بەخۆیان پەیدا دەکەن و شانازی بەوەوە دەکەن ڕەخنەکانیان بگاتە ئاستێک ئاراستەی شانۆ بگۆڕێت، بەرەو ئاراستەیەکی ئەرێنی.
هەمیشە ئەو ئاواتەی ڕەخنەگرەکان ئاواتی بۆ دەخـوازن لای شانۆکارەکانە، لەوانەی لەچمک و پەیامی ڕەخنەو زەرورەتـی

ڕەخنە گەیشتوون.
ئەگەر هاوکێشەکەش بەپێچەوانە هەڵکەوێتەوە، ئەوە ڕەخنە گرتن وەک کوتانی ئاسنی ساردی لێ دێت و زەرەرمەندی یەکەمیش ئەو شانۆکارانەن کە ڕقیان لەڕەخنەیە.
نکۆڵی لەوەدا ناکرێت کە ئەو دەرهێنەرانەی ڕەخنە بەزەرورە دەزانن، ئستا ژمارەیان زۆر زیاترە لەوانەی بڕوایان بەخۆیان و بەرهەمەکانیان نیەو هەمیشە لەدەست ڕەخنە ڕادەکەن.

# لەهەولێر لەگەڵ (باوک) بەیەک گەیشتین



# لەهەولێر لەگەڵ (باوک) بەیەک گەیشتین

**شانۆیی : باوک**
**دەقی: ئۆگیست سترانبیرگ**
**دەرهێنانی : سدیق عەزیز**

واتێ بگەم راستەوخۆ بچینە نێو کرۆکی بابەتی شانۆگەری ( باوک) باشترەو و دوو سێ قسە لەسەر ئەو نمایشە بکەین، ئەوەندە لەسەر تێکستەکەی ئۆگیست سترانبیرگ ــ ی گەورە نووسەری سویدی نەوەستین، چونکە فەلسەفەو ئامانجی شانۆیی (ئۆگیست سترانبیرگ ) وەک خاوەن میتۆدێکی سروشتی و واقیعی، پێگەی تایبەتی خۆیان هەیە لەبواری رۆمان و شانۆ و ئەدەبی جیهانی و پرسی ململانێی کۆمەڵایەتی و دەروونی، بەتایبەت دوای نمایش کردنی شاکارە مەزنەکەی (باوک) کە زۆرینەی شانۆکانی جیهانی هەژاندووە.

ئۆگیست سترانبیرگ ـ ئەو نووسەرە بلیمەتەی ئەدەب و کولتوور، شانۆی سویدی و شانۆی جیهانیی بەهزرو رۆمان و بەرهەمە بەپێزەکانی دەوڵەمەند کردووە، یەکێکە لەسێ جومگەکانی وەک چیخەف و ئەبسن، کە پێشەنگی شانۆی نوێی جیهانی بوونە، تا سەدەی بیستەم. سترانبیرگ ساڵی ١٨٨٧ ئەم شانۆگەریەی بڵاو کردۆتەوە، کەیەکێکە لەدیارترین ئەو شانۆگەریانەی لەئەدەبی جیهانیدا زۆر بەتێرو تەسەلی بەرجەستەی ململانێ ی نێوان پیاوو ئافرەت دەکەن، ناوداریەتێکی زۆری بەهەردوو شانۆگەری سروشتی و تەعبیرییەکانی وەک ( باوک ) و (خاتوو جولیا ) و چەند شانۆگەری تر، دەربارەی ململانێی ئافرەت و پیاو پەیدا کرد، دواتر بوو بەپێشەنگی شانۆی دەروونی و سایکۆلۆژی، بەتایبەت دوای نووسینی شانۆگەری (خەون و ئەقلی قوڵایی)

چمکی نمایشەکەی (باوک) ی سترانبێرگ، سەربوردەی (ئەدۆلف) ی کابتنە، کەسێکی بەمەعریفەو زانست پەروەرە، ئەو پیاوەی هەموو ژیانی بۆ بایەخ پێدان بەتوێژینەوە زانستیەکان تەرخان کردووە، بەبەردەوامی بەدوای کتێبدا دەگەڕێت و ماڵەکەی پڕ کردووە لەفەلسەفەو زانست، هاوسەرگیری لەگەڵ (لۆرا) ی خوشکی قەشە کردووە، بیست ساڵی تەمەنیان بەیەکەوە بەسەر بردووە، کچێکیان کەوتۆتە نێوان بەناوی (بیرتا) کە سەرچاوەی

سەرەکی کێشەی نێوانیان بووە.
لورا ـ ئارەزووی ئەوەی دەکرد (بیرتا) لەگەڵیاندا بژی و فێری هونەری ڕەسم کردن بێت، بەڵام ئەدۆلیفی باوکی بەپێچەوانەوە دەیویست کچەکەی لێیان بەدوور کەوێتەوەو لەگەڵ ژنانی تر دابڕێ، ببێت بەمامۆستا، تا ئەگەر هاوسەرگیریشی نەکرد، بتوانێت خۆی بەڕێوە ببات.
کابتن لەسەر بیرو ڕاکەی خۆی مکوڕە، چونکە خۆی بەبەرپرسی یەکەم دادەنێ بەرامبەر بە کچەکەی.
لورا ـ دڵگرانە بەوەی کابتن هەموو ئەو پارەو پوولە بۆ کڕینی کتێب و توێژینەوەی زانستی خەرج دەکات و دژایەتی ژنەکەی دەکات بۆ پەروەردەکردنی کچەکەی.
ئەم کێشەیەی پەروەردە کردنی منداڵ و ڕێکخستنی کاروباری نێو خێزان، کێشەی سەرەکی ململانێ ی نێوان ئەو ژن و مێردە بوو.
ئەو کاتە کابتن لەپۆپەی دەسەڵات دابوو، قسەی یەکەم لەو ئیمپراتۆریەتە بچووکەی ماڵ، قسەی ئەو بوو، بەڵام دواتر کە پەتای گومان و ڕاڕایی ڕووی تێ کرد و هەست و دەروونی داگیر کرد، بەهۆی گومان کردن لەوەی بیرتا ـ کچی ڕاستەقینەی ئەو بێت و ژنەکەی خیانەتی لێ نەکردبێت.
گومان ئەدۆلیفی کابتنی خستە قۆناغێکی ترسناک لەژیانیدا، تەنانەت کاتێ پزیشک سەردانیان دەکات (لورا)ی هاوسەری ئەدۆلیف بەشێت بوون لەقەڵەم دەدات، چونکە ئەدۆلیف گومان لەوە دەکات کە بیرتا کچی ئەو بێت.
بەڵام کاتێ پزیشک دەیبینێ، زۆر پێی سەرسام دەبێت و ڕێز لەتوێژینەوەکانی دەگرێ، (ئەدۆلف) وا لەپزیشک دەگەیەنێت کە هۆکاری تووڕە بوونی ئەوەیە، خاوەن کتێبخانەکان کەمتەرخەمن لەناردنی کتێب بۆ توێژینەوەکانی، ئەگەرچی چەندین نامەی بۆ نا ردوون

بۆیە پزیشک بە (لورا) دەڵێت کە ئەو هەست بەهیچ نیشانەیەکی شێت بوونی (ئەدۆلیف) ناکات، ئەو توێژینەوانەش هەمووی نیشانەی بیرمەندی مێردەکەیەتی.
بەڵام (لورا) پێداگری دەکات لەسەر بەشێت بوونی مێردەکەی و داوای لێ دەکات چاوەڕوانی بکات تا نیشانەکانی شێتی تیا دەردەکەوێت.
کاتێ کابتن لەپۆستە خانە دەگەڕێتەوەو دەزانی ژنەکەی ناردنی هەندێ نامەی لێ قەدەغە کردووە، توڕە دەبێت، ئەوەندەی تر (لورا) دەهەژێنێ کە پێی دەڵێ هەموو دۆست و برادەرانی بەشێت بوونیی ئاگادار کردۆتەوە و بەم زووانە دەست بەسەر سەرو سامانیدا دەگرێ.
ئەدۆلیف ـ ئاگاداری ژنەکەی دەکاتەوە ئەگەر ئەو مەبەستی شێت کردنی بێت، ئەوە پێش ئەوەی ئەوە روو بدات خۆی دەکوژێت، بەمەش ئاواتی دەست بەسەر داگرتنی قرۆشێکی بۆ نامێنێتەوە لەسەرو سامانەکەی.
لەئەنجامی ئەو رووبەروو بوونەوە توندو تیژە (ئەدۆلیف) لەحاڵەتێکی توڕە بووندا،چرایەکی هەڵگیرساوی بۆ داوێ .
(لورا) قەشەی برای و پزیشک بانگ دەکا، بۆ ئەوەی رووداوەکەیان بۆ بگێڕێتەوە، بۆیە پزیشک داوا دەکات بەزووترین کات بۆ چارەسەر کردنی شێت بوونەکەی (ئەدۆلیف) رەوانەی نەخۆشخانە بکرێت، داواش لەمارگرێتی دایەن دەکات کراسی شێتخانەی لەبەرکات، بەڵام ئەو رەتی دەکاتەوە.
(ئەدۆلیف) بەتەنیا لەژوورەکەی خۆی دادەنیشێ و دەردە دڵی خۆی دەکات، یادی ئەو ئافرەتانە دەکاتەوە کە لەژیانیدا خیانەتیان لەگەڵدا کردووە.
ئینجا (بیرتا)ی کچی دێتە ژوورو لەهۆکاری پەلامارەکەی باوکی دەپرسێ بۆ سەر دایکی، ئەویش لەتاو گەورەیی کارەساتەکە لەویش توڕە دەبێت و بەبێ ئەوەی ئاگای لەخۆ بێت بەدەمانچە

هەڕەشەی لێ دەکات، بۆیە (بیرتا) هاوار دەکا کە باوکی شێت بووە.
دواتر (مارگرێت)ی دایەن دێت و بەدەم گێڕانەوەی یادگارە کۆنە بەچێژەکانی، بەئەسپایی کراسی شێتخانەی لەبەر دەکات و بەو کراسەوە دەیبەستێتەوە.
کابتن کە هەست بەبەستانەوەی خۆی دەکات، بەگلەییەوە بە(مارگرێت) دەڵێ: تۆش مارگریت؟
ئەدۆلیف ـ تووشی داهێزران دەبێت و بەدەم ئێش و ئازارە دەروونییەکانی، خەو دایدەگرێ، کاتێ دەزانێ پاڵتۆکەیان لەبەر کردۆتەوە، کە ئەو بەپێستی شێر ناوی دەبات، دەزانێ ئیدی هەموو شتێ بەرەو کۆتایی هاتن دەچێت.
بۆیە داوا لە(مارگرێت)ی دایەن دەکات، رانی بۆ بکاتە سەرین، بۆ ئەوەی پشوویەک بدات و بەئارامی رادەستی مەرگ بێت.
بەم دیمەنە کۆتایی بەئیمپراتۆریەتی (کابتن) دێت لەماڵەکەو ژنەکە سەرکەوتوو دەبێت لەبەدی هێنانی خەونەکانی و دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات و سەرو سامانی کابتن.
(سترانبیرگ) نەیویستووە واقیع رتوش بکات، بەڵکو وێنەیەک وەک خۆی نیشان بدات، چونکە ئەو هەمیشە مۆرکی بەململانێ کۆمەڵایەتیەکانەوە گرتبوو، بەتایبەت ئەو نەخۆشییانەی لەناو خودی خێزانەوە تەشەنە دەکەن.
ململانێی ژن و مێرد لەشانۆیی ( باوک ) دا، ئەو دژایەتیە فیکری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و دەروونی و پەروەردەییەیە، کە دەرهاوێشتەی زەمەنێکە لێواو لێوە لەنیگەرانی و گومان و دوو دڵی.
لەدوای روخانی خۆشەویستی بەئەلتەرناتیفی خۆپەرستیەتی و نەرگزیەت و تەماعکاری، زەمەنێک نغرۆی گومانە، لەبۆشاییەکدا کە مرۆڤ هەموو شتێک دەکات لەپێناو سەپاندنی غەریزە ئەهریمەنیەکانی خۆی، ئەم گومانە لەیەکەم رۆژی ناوک بڕانی

مرۆڤایەتیەوە هەیە، تا ئەو دەمانەش و دوای ئەو دەمانەش، بەردەوام دەبێت.
لەشانۆیی (باوک) دا ئەو گوتارەی سترانبیرگ بۆ سەردەمی خۆی هەیبووە، رەنگە درێژەی هەبێت بۆ زۆر لەسەردەمەکانی دوای خۆشی.
لەسنووری کۆمەڵگایەکی دیاری کراوەوە بپەڕێتەوە بۆ زۆر لەکۆمەڵگاکانی جیهان، لە زەمەنێکەوە بۆ چەندین زەمەنی تر.
بێ ئەوەی سترانبیرگبەسنوورێکی جوگرافی و زەمەنێکی دیاری کراوەوە بەسترابێتەوە.
بەهەمان شێوەش (باوک) تەنیا ئەو رەسمە نامێنێتەوە کە سترانبیرگ کێشاویەتی، لەوانەیە دەرهێنەرێکی هۆڵەندی لەرەسمی باوکدا وێنەو چمکێکی تر هەڵێنجێ، کە پێشتر بەرەنگێکی تر نیشان درابێت، دەرهێنەرێکی کوردیش، بۆی هەیە بەو شێوەیە باوک نیشاندا کە لەخەیاڵی ئەو دایە، گرنگ ئەوەیە ئەو داهێنەرێکی تر بیت جودا لەوانی تردا.
ئەوەی گرنگە ئەوە یە، دەرهێنەر ئاشنا بەعالەمی سترانبیرگ بێت و بزانێت ستایلی سترانبیرگ جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوانی تر، چونکە زۆر لەوانەی پێشتر ئاشنا بەعالەمی چیخەف و ستایلەکەی نەبوونە، هەمیشە شکستییان خواردووە، تۆ وەک دەرهێنەر پێویستیت بە میتۆدی تایبەتی هەر یەک لەوانە، کە لەرێگەی بەپراکتیک کردنی تیۆرو بەپیشە بوونی شانۆییەوە ئاشنایان دەبیت، رەنگە کەم دەرهێنەری کوردیش ئەگەر ئەکادیمی و دەرهێنەرێکی پیشەیی نەبێت بتوانێت بچێتە ناو دنیای هەندێ لەو بلیمەتانەی کە میتۆدو ستایلی تایبەتی خۆیانیان هەیە.
سترانبیرگ، شێوازی سروشتی خۆی هەیە لەشانۆدا، لەپاڵ ئەندریە ئەتوان، چیخەف، ئەبسن، بەدوای گەڕان بەدوای ئەشکەنجەو ئازارەکانی کۆمەڵگاو نەخۆشییەکانیدا دەگەڕێن، بۆیە ئەو ئەکتەرانەش کە لەو جۆرە نمایشانەدا کار دەکەن، دەبنە

وێنەیەک لەو ستایلە سروشتیە، دەبێت خۆیان دوورە پەرێز رابگرن لەگوتار بێژی و دایەلۆژی راستەوخۆ و دوور لەهاتو هاوارو جولانەوەی زێدە ڕۆیی.
دەرهێنەر(سدیق عەزیز) کەمتر وەک دەرهێنەر بەبینەری کورد ئاشنایە، تا ئێستا هیچ بەرهەمێکیمان لەکوردستاندا نەبینییووە، ناشزانین لەکوێوە چۆتە ناو پیشەی دەرهێنانی شانۆییەوە، بەڵام ئەرکی ئێمە گەڕان بەدوای ئەو باگ راوندەدا نیە، هەڵسووکەوت لەگەڵ بەرهەمێکی شانۆیی دەکەین کە ئەو دەرهێنەرەکەیەتی، ئەو توانی وێنەیەکی ترمان لەشانۆی واقیعی نیشان بداتەوە، بەڵام هەموو ئەزموونێکیش مەرج نیە لەهەموو بۆشاییەک بەدەر بێت، بۆیە من وا هەست دەکەم شوێن پەنجەی هەندێ خاڵی لاواز لەسەر پانتایی نمایشەکەدا دەبیندرێت، لەوانە:
١.رانەگرتنی هاوسەنگی لەریتمی نمایش، بەهۆی چارەسەر نەکردنی کێشەی تێکست و دیالۆگی درێژو دادر
٢.لاوازی لەبونیاتنانی ئەو دیمەنانەی هەمە رەنگی لە فۆرم دا دروست دەکەن، نمایش رزگار دەکەن لەفۆرمی چەقیوو.
٣.لاوازی لەسینۆگرافیا و ستاتیکای شانۆیی و بەجێ هێشتنی فەزای شانۆ بەرووناکی و رەنگی کراوەو فلات، سوود وەرنەگرتن لەتەکنیکی شانۆیی، بەتایبەت بۆ نمایشێکی دەروونی و سایکۆلۆژی و بەرجەستە کردنی ناخی ئەکتەر بەسینۆگرافیا، کە رەنگە هەندێ جار نمایش هەر تەنها جەستەو ئەدای ئەکتەر بەس نەبێت بۆ دەرخستنی هەندێ هێمای دەروونی.
٤.لەدەست دانی چێژ بەهۆی ریتمی چەسپاوو بۆشایی سینۆگرافیا، لەهەندێ دیمەندا.
بەگشتی دەرهێنەر هەموو پشت بەستنێکی بەئەکتەر بوو، زۆرینەی پێکهاتەکانی دیکەی فەرامۆشکردبوو.
رەنگە ئەگەر رەگەزەکانی دیکەی ستاتیکای شانۆیی کارا بوونایە، ئەوە نمایشەکە ئاستێکی تری وەردە گرت، کە زۆر لەوەی ئێستا

باشتر بێت.
کاتێ دەرهێنەر بڕیاری بژارکردنی ئەو تێکستەی دا، خۆی خستە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی زۆر سەخت، کە ڕەنگە هەموو دەرهێنەرێک دەرەقەتی نەیەت، بەهۆی پێداویستیە هونەرییەکانی، کێشەی هەرە گەورەی دەرهێنەرێک کە خۆی لەقەرەی شانۆیی (دیالۆگ) دەدات ئەوەیە، دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت دیالۆگ لەچوارچێوەی تەنیا وشەو ڕستەو دەستەواژە دەربێنێ و بیخاتە نێو چوارچێوەیەکی هونەریی ئەوتۆ بینەر دووچاری خاوبوونەوە نەکات، کاتێ بینەر سەعات و نیوێک لەسەر کورسیەکی ڕەق دادەنیشێ، لەچاوەکانیشەوە چێژ وەرگرێ.
خۆ بینەر هەر تەنها بۆ گوێ گرتن نایەتە هۆڵی شانۆیی ئەگەر ڕەگەزەکانی تر نەیوروژێنن و هەست بە تێپەڕبوونی کات نەکات.
بۆیە بینەر چۆن پێویستی بەبیستنە، زێتر لەوەندەش پێویستی بەبینینە، خۆ ئەگەر لەنمایشی باوک دا بەراوردی نێوان بیستن و بینین بکەین، بەروونی هەست بەلەنگ بوونی هاوسەنگی دەکەین و لەوە بە ئاگاین کە سێ بەشی رووبەری نمایش بەدیالۆگ داگیر کراوەو تەنیا بەشێکی بۆ چاو و ڕەگەزەکانی دیکەی وروژاندن ماوەتەوە.
ئەکتەر:
ڕاستە هەر پێکهاتەیەکی شانۆیی کاریگەری تایبەتی خۆیان بەسەر نمایشەوە هەیە، بەڵام هەندێ لەو پێکهاتانە جومگەیەکن لەهەیکەلی شانۆیی دا، بۆ ڕاگرتنی ریتمی نمایش.
ئەو ئەکتەرانەی لە باوک ـ دا دەرکەوتن بە گشتی ئەکتەری پرۆفیشنالن و زۆرینەیان ئەزموونێکی دەوڵەمەندییان هەیە چ لەگەڵ شانۆی کوردستان چ لەگەڵ شانۆی ئەوروپا، ئەم چانسەی گردبوونەوەی ئەو کۆمەڵە ئەکتەرە بەتوانایە لەدەوری ئەو نمایشەدا، بوون بەفریاد ڕەزی نمایشەکەو ڕزگار کردنی لەتاقیکردنەوە سەختەکە.

دەرهێنەر لەکاتی هەڵسووکەوت کردن لەگەڵ ئەکتەری پرۆفیشنال و خاوەن ئەزموون، ئەرکە هونەرییەکانی ساناتر دەبێت، لەرووی وەرگرتن و لەرووی ئیزافەی نویَ لەلایەن ئەکتەرەکان خۆیانەوە، بەو ناوەی کە ئەوان خاوەن مەعریفەن بۆ ناساندنی ستایلی کارکردن و ناسینی کاراکتەرەکانی خۆیان.

ئەگەر دیقەت بدەیت دەبینی کە جگە لە (شەماڵی عەبە رەش) کە ئەو لەدەرەوەی بازنەی بەراورد پێکردن بوو، ئەوە زۆرینەی کاراکتەرەکانی دیکە، ئەکتەری ئامادە بوون، بۆیە دەکریَ بڵێین نمایشەکە نمایشی ئەکتەر بوو.

ئەکتەر بوو بەئەلتەرناتیف بۆ پڕ کردنەوەی هەموو بۆشاییەکان، سەرچاوەی چێژ لای بینەر لە پێرفۆرمانسی ئەکتەر دابوو.

ئەگەر (شەماڵی عەبە رەش) دیارترین نیشانەی نواندن بێت، ئەوە خەرمان هیرانی، سیروان جەمال، دلشاد ئەحمەد، شادان فوئاد، دییە عەلی و ئەوانی تر. هەر یەکەو بەقەد رۆڵی خۆی کاریگەری هەبوو بەسەر ئاستی نمایشەکە.

ئەکتەرەکان لەنێوان خۆیاندا هێزیان بەیەکتر دەبەخشی، بۆ ئەوەی وێڕای ئەو بارە قورسەی لە دیالۆگدا لەسەر شانیان بوو، ریتمی نمایشەکە لەدەست نەدەن.

شەماڵی عەبە رەش کە هەموو پێکهاتەکانی جەستەی هەر لەئەداو ئیلقاوە، تا دەگاتە سیماو روخساری سپی رەنگی، لەو نمایشەدا شوێنەوارێکی لە دوا تاقیکردنەوەکانی تەمەنی هونەری خۆی بەجیَ هێشت، کە لەو بڕوایە دانیم هیچ لە ئەکتەرەکانی شانۆی سترانبێرگی لەئەوروپا دەسەڵاتی ئەو ئەدا بەرزو بڵندەی بووبێت، بۆیە هەر کات ناوی نمایشی (باوک) بێت، ئەوە ئەو دیمەنەی کۆتایی شەماڵ بە زاکیرەماندا دێتەوە، جارێکی تر چێژێکی دیکەمان پیَ دەبەخشێتەوە.

# شەماڵی عەبە رەش
# لەنێوان دوو جەمسەری شانۆیی دا



# شەماڵی عەبە ڕەش
# لەنێوان دوو جەمسەری شانۆیی دا

ناكرێت وا بەسووک و سانایی بەسەر ئەو رۆڵەدا تێپەڕین کە ئەکتەرێکی وەک ( شەماڵی عەبە رەش) لە نمایشی (باوک) لە نووسینی (سترانبیرگ) و وەرگێڕانی (دلاوەر قەرەداغی) و دەرهێنانی (سدیق عەزیز) بینی، ئەگەر لەسەری نەوەستین و بەوردی و بە دیدێکی رەخنەییانە تێی نەڕوانین، بەو ناوەی ئەو نواندنە لەدوو جەمسەرەوە بایەخی تایبەتی خۆیان هەبوو، چ وەک وەرچەرخانێکی نوێ لەرەوتی هونەریی شەماڵی عەبە رەش لەماوەی زێتر لەچل ساڵی کاری هونەری دا لەبواری دراماو شانۆدا، چ لە ئاستی نواندن لەسەردەمی نوێ ی شانۆی کوردی و ئاستەنگەکانی نواندن و داهێنانی ئەکتەر.

بینەر دوای بینینی نمایشەکە،پێویستی بەوە هەیە بزانێت ئاخۆ فاکتەرەکانی ئەو گۆڕانکارییانە چین لە تێپەڕاندنی ئەکتەرێک لەقاوغێکی تەقلیدی گشتی، بەرەو قۆناغێکی تری نا تەقلیدی، لە نواندندا ؟

ئایا سەرچاوەی ئەو تێپەڕاندنە سینۆگرافیای جەستەی ئەکتەرو دەنگ و ئیلقاو پێرفۆرمانسی ئەکتەرە بۆ راگرتنی ریتمی نمایش و بەهاوسەنگ راگرتنی رەگەزی وروژاندن لای بینەر، یاخود کاریگەری دەرهێنەرە بەسەر ئەکتەرو ستایل و فۆرمی دەرهێنانی؟

بەڵام رەهەندێکی لۆژیکی و رەهایە کە چەند ئەوەندەی دەرهێنەر کاریگەریی خۆی بەسەر ئاستی نواندنی ئەکتەردا بە جێ بێڵێ، ناتوانێت ئەکتەرێک دروست بکات لەسنووری دەسەڵات و توانستی جەستەیی خۆی تێپەڕێنێ و بیکات بەئەکتەرێکی داهێنەر (ئەگەر) ئەکتەرەکە خۆی خاوەنی خەیاڵ و پێرفۆرمانسی تایبەتی خۆی نەبێت و ئازاد نەبێت لەبەرجەستە کردنی توانستەکانی خۆی لە شانۆدا.

هەر ئەوەشە وای کردووە توانستی ئەکتەرەکان لەیەک نمایش و لەژێر دەسەڵاتی یەک دەرهێنەردا، یەکێک جیاوازی هەبێت لەگەڵ ئەوی تردا ..

بۆیە ئەو نواندنەی شەماڵی عەبە رەش لە (باوک) دا ئەنجامی دا، بەپلەی یەکەم موڵکی ئەزموونیی تایبەتی خۆی بووە لەگەڵ نواندندا، بەڵام زۆر زەمینەی تر هەبوون یاریدەدەر بوون بۆ شەماڵ، بۆ

ئەوەی بتوانێت ئەو رۆڵە بەشێوەیەک بەرجەستە بکات، ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لەژیانی هونەریی ئەودا لەوانە:
١.شەماڵ عەبە رەش لەو تەمەنەی ئێستای دا و بەو روخسارە سپی رەنگە، لەرووی فۆرمەوە روخسارێکی درامایی هەیە بۆ رۆڵی کاراکتەرە بەتەمەنەکان، کە پێویستی بەئارایشت نەبێت، سیمایەک لەهێمنی و دنیا بینی پێوە دیار بێت، زۆر لەئەکتەرە ناودارەکانی جیهان چەشنی (ئەنتۆنی کوین) سوودییان لەو قۆناغەی تەمەن وەرگرتووە بۆ هەندێ رۆڵی گرنگ لەکەسایەتیە جیهانییەکانی وەک (زۆربا) و (عومەر موختار) کە رەنگە ئەکتەرێکی تر چەند لێوەشاوە بێت، نەتوانێت ببێت بەئەلتەرناتیفی (ئەنتۆنی کوین) بەهۆی تەمەن و سیمای دراماییانەی.
بێگومان ئەکتەر لەو قۆناغەدا هەوڵی ئەوە دەدات سوود لەئەزموونی رابووردووی ئەو تەمەنە وەرگرێ و لەرۆڵێکی لێوەشاوە لەگەڵ کەسایەتی خۆی بەرجەستەی بکات، یان زۆرێک لەهمومی تایبەتی خۆی لەناو ئەو کاراکتەرەدا بدۆزێتەوە و بیەوێت ئەو همومەی خۆی لەو دەرفەتەدا لەکار اکتەرەدا بەرجەستە بکات ..
شەماڵ لەو نمایشەدا بەدوو فۆرم نواندنی ئەنجام دا:
لەیەکەمدا وەک ئیمپراتۆرێکی بەدەسەڵات و بەهێز و خاوەن بڕیار لەناو کۆشکدا، کە ریتمی نواندنەکەی فۆرمێکی ئاسایی هەبوو، لەرووی جەستەییەوە هاوسەنگ بوو، خۆ ئەگەر تەواوی نواندنەکە لەسەرەتای نمایش تاکۆتایی بەو فۆرمە بڕۆیشتایە، ئەوە شەماڵ وەک هەر ئەکتەرێکی دیکەی ئاسایی نمایشەکە دەردەکەوت، بەڵام لەقۆناغی دوای شکست هێنانە دەروونییەکەی، فۆرم و ریتمی نمایش کردنی، شێوازێکی دیکەی وەرگرت، کەلەرووی جەستەییەوە هاوکوف بێت لەگەڵ ئەو حاڵەتە دەروونییە ئاڵۆزییەی بەهۆی تەوژمەکانی گومان و کاریگەرییەکانی لەسەر تەندروستی دروست بوون، ئەو حاڵەتە جوانییەکی بەفۆرمی نواندنەکە بەخشی و ریتمی نواندنی لای ئەکتەری بەرز کردەوە و ئاستی وروژاندنی بینەریشی لەگەڵ خۆیدا بڵند کرد.

بۆیە بینەر بەئاسانی درک بەوە دەکات کە ستاتیکای نواندن لەقۆناغی دووەمدا زۆر کاریگەرترو سەرنج راکێشتر بوو لەوەی یەکەم .
٢ .کاراکتەر لەهەندێ نمایشدا دەبێتە فاکتەری سەرەکی بۆ دەرکەوتنی ئەکتەرو سروش بەخشین بەئەکتەر، بۆ ئەوەی بتوانێت وەک پێویست ئەو کاراکتەرە سەرەکییە بەرجەستە بکات، کە پاڵەوانی نمایش و داینەمۆی هاوسەنگ راگرتنیەتی.
بۆ نموونە زۆرینەی کاراکتەرە سەرەکییەکانی شکسپیر چەشنی هاملێت و ئۆتیللۆو لیر پاشاو رۆمیۆ جولێت و ماکبێس، کاراکتەر فاکتەری سەرکەوتنیانە، ئەو کاراکتەرانە بوونەتە سروش و ئیلهام بۆ ئەکتەرێکی وەک (لۆرانس ئۆلیڤیە) تا ببێت بەو ئەکتەرە جیهانییە، شەماڵ لەگەڵ کاراکتەری (ئەدۆلیف) ی کابتن هاوسۆزییەکی زۆری پێوە دیار بوو، تێگەیشتنێکی تەواوی هەبوو لەکەسایەتی و لەرووی دەروونی و هزری و رۆشنبیریی و سایکۆلۆژییەتی ئەو کاراکتەرە، ئەو تێگەیشتنە شەماڵی کردبوو، بە وێنەیەکی کۆپی کراوی کەسایەتی ئەو .
٣.تێکستەکەی سترانبیرگ ـ بەتایبەتی کاراکتەری ئەدۆلیف ـ ی کابتن و زاناو نووسەرو توێژەر و رووداوە نیمچە تراژیدییەکانی ناو تێکستەکە، زەمینەیەکی لەبار بوو بۆ ئەوەی ئەکتەر سۆزێک لەگەڵ کەسایەتی و رووداوە واقعیەکانی پەیدا بکا، ئەو سۆزە وزەو دەسەڵاتێکی زێتری پێ ببەخشێت، بەتایبەت لەدوایین دیمەنەکانی کۆتاییدا، کە قۆناغی رادەست بوون بوو، بەچارەنووسێکی تاڵی چاوەڕوان نەکراوو بەسەردا سەپێندراو، لەدەرەوەی ویست و دەسەڵاتی خۆی، کە لەلای ئەو لەخەون دەچوو..
لەهەمان کاتیشدا چۆن کاراکتەر کاریگەری دەروونی بەسەر ئەکتەرەوە هەبوو بۆ پەلکێش کردنی بەرەو داهێنان، بەهەمان شێوە کاراکتەر هەمان رەنگدانەوەی هەبوو بەسەر حاڵەتی سایکۆلۆژی بینەریش، بۆ ئەوەی کارلێک کردنی لەگەڵ کاراکتەرەکە ببێتە کارلێک کردنێکی فیزیکی و دەروونی بۆ ئاوێتە بوون لە گەڵ نمایش، کەواتە

سەرچاوەی سەرەکی و بنەڕەتی بۆ پەیوەندی نێوان نمایش و بینەر ئەکتەر بوو، بۆ وێنا کردنی کاراکتەرێکی بەهێز.
٤.ئـەم ئەزموونە نوێیەی شەماڵ عەبە رەش ـ دەرفەتێک بوو بۆ قـەرەبـووکـردنـەوەی ساڵانێکی زۆری بێ دەنگی لـەگـەڵ شانۆدا لەکوردستان، ئەو خەونەی گەڕانەوە بۆ سەر تەختەی شانۆو پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە و ئاوێزان بوونەوەی لەگەڵ نواندندا، شەماڵی خستە بـەردەم تاقیکردنەوەیەکی قورس، کە هەموو دەسەڵاتەکانی خۆی لـەو تاقیکردنەوەیەدا بەرجەستە بکات و دەرفەتەکە وەک پێویست بقۆزێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو بەرهەمە ببێتە شوناسێک بۆ ئەو .. کەواتە شەماڵی عەبە رەش وەک ئەکتەری سەرەکی نمایش ـ لەچەند گۆشەیەکەوە بوونی خۆی لە نمایشەکەدا بەرز راگرت:
١.فاکتەری سەرەکی راگرتنی ریتمی نمایش بوو بەهۆی بەهاوسەنگ راگرتنی نواندن، ئەمەش دەسەڵاتی ئەکتەر نیشان دەدا بۆ بەئەلتەرناتیف بوونی فەراغی سینۆگرافیاو هەندێ لایەنی تری ستاتیکای شانۆیی، یاخود بۆ پڕ کردنەوەی گرفتەکانی دەرهێنان.
٢.سەرچاوەی وروژاندنی بینەر بوو، بۆ چێژ وەرگرتن لەنواندن دا و فۆرمی نمایش، لەپاڵ کۆمەڵە ئەکتەرێکی دیکەی بەتوانا، کە زۆرێک لە دەسەڵاتەکانی خۆیان لەیەکتر وەردەگرت، بۆ ئەوەی ئەکتەر لە نمایشەکەدا ببێتە سەرچاوەی سەرەکی راگرتنی ریتم و چێژی شانۆیی.
٣. ئەو نواندنەی شەماڵی عەبە رەش لەباوک دا بەرجەستەی کرد، کاریگەری ئەرێنیانەی بەسەر بەرز کرنەوەی ئاستی نواندنی ئەکتەری کورد بەجێ هێشت و ئاستی نواندنی لەشانۆی کوردی بەرەو قۆناغێکی تر تەکان پێدا.

# دوژمنی گەل
# لەنێوان ناوەرۆک و شێوەدا



# دوژمنی گەل
# لەنێوان ناوەرۆک و شێوەدا

**دەبێ مرۆڤ ملکەچی رای زۆرینەی کۆمەڵگا بێت، ملکەچی بڕیاری ئەوانە بێت کە بەرژەوەندی باڵای کۆمەڵگایان لەئەستۆ دایە ..**

ئەمە نوێشێکی رووداوەکانی ئەو گرد بوونەوە خێزانیەی نێوان هەردوو برا (بیتەر)ی قائیمقام و دکتۆر (توماس) پشکێنەری ئاوو زێرابەکانی شار بوو، کە لەماڵی دکتۆر تۆماس لەکەشوو هەوایەکی خێزانداری دا ئەنجام درا.

تێیدا (بیتەر) ی قائیمقام سوور بوو لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگا بۆی نیە دەست لەکارو باری دەسەڵات وەر بدات، بەڵام دکتۆرتۆماس کە تازە پۆستی پشکێنەری ئاوو زێرابەکانی شاری وەرگرتبوو، رایەکی پێچەوانەی بیتەری برای هەبوو، پێی وابوو نەخێر کۆمەڵگا خۆی خاوەنی بڕیارە بەرامبەر بەو کارو بارانەی زیان بەبەرژوەندی گشتی دەگەیەنێت و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لایەنگیری بۆ ڕای ئازادی گەل دەردەبڕی، بەتایبەت لەپرسی مەترسیەکانی بەژەهراوی بوونی سەرچاوەکانی ئاو، کە جێگەی مەترسییەکی گەورە بوو بۆ سەراپای خەڵکی شارەکە.

ئەوەبوو لەئاکامدا بڕیاری دا، ئەو لەپێناو ژیانی خەڵکی شاراکەی و ئارامی ویژدانی خۆی کار بکات، مەترسیەکان لەرێگەی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە زانستییەکانی لەرۆژنامە بۆ خەڵکی روون کاتەوە، بەدەر لەوەی روون کردنەوەی ئەو هەقیقەتانە تاچەند بەگران لەسەر ژیانی خۆی و خێزانەکەی هەڵدەکەوێتەوە و زەرەرو زیان بەبەرژەوەندی کێ دەگەیەنێت، هەتا ئەگەر (بیتەر)ی براشی بێت، کە بەرپرسی یەکەمە لەو کێشەیەدا، چونکە دکتۆر تۆماس پێی وابوو بێدەنگی بەرامبەر بەو گەندەڵیە تاوانێکی گەورەیە.

هەوڵەکانی (بیتەر)ی قائیمقام کە پێی وابوو ئەگەر گەلەکەی ژەهر خواردووش بکرێت گرنگ نیە، گرنگ مانەوەی دەسەڵاتە کە ئامانجی هەرە گەورەی ئەو بوو، بۆ بێدەنگ کردنی برا دکتۆرەکەی و واز هێنانی لەبڵاو کردنەوەی توێژینەوەکانی بەگفتوگۆ شکستی هێنا.

دکتۆر رازی نەبوو بەهیچ شێوەیەک بەشداری لەو گەندەڵی و تاوانە گەورەیەدا بکات، بۆیە لەگەڵ سەرنووسەری رۆژنامەی (دەنگی گەل) رێکەوتن کە ئاکامەکانی بڵاو کردنەوەی توێژینەوەکە هەر باجێکی بێتە سەر، ئامادەیە بیبەخشێت لەپێناو درکاندنی راستیەکان، بەڵام دواتر لەژێر فشارو موغرەیاتە جۆراوجۆرەکان، یەکەیەکەی رۆژنامە نووسەکان و میدیا کارەکان پشتیان لەراستیەکان و هەڵوێستی نیشتمان پەروەرانەی دکتۆر تۆماس کردو مل کەچ بوون بەبڕیارکانی دەسەڵات.
ئەو دەسەڵاتە فاشیە بوو بەمایەی ئەوەی دکتۆر تۆماس بەتەنیا و لەگەڵ ژمارەیەکی کەمینە لەهەق بێژەکان لەگۆڕەپانەکەدا بمینێتەوە، ئەو رۆژنامانەی کە سەنگەری گەل بوون، بۆ بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان شەرەفی پیشەکەی خۆیان دۆڕاندو لەبەڵێنەکانی خۆیان پەشیمان بوونەوە.
گەل کەوتە دوای زۆرینەی بەهێزو دەست بەرداری هێزە لاوازەکان بوو، تەنانەت هەموو هاواری ئەوەیان دەکرد کە مادام دکتۆر تۆماس ئاژاوە بۆ گەل دەنێتەوە، دەبێت ناوی دوژمنی گەلی لێ بندرێت.
ئەوەتا لەئاکامدا دکتۆرتۆماس و خێزانەکەی و کەسە دڵسۆزەکانی دەوروبەری لەپۆستەکانیان لا دەبرێن و ئازار دەدرێن، تەنانەت ماڵەکشی فڕێ دەدرێتە سەر جادەو ئەو باجە قورسەی هەق بێژی دەدات کە چاوەڕوانی دەکرد، بەڵام دکتۆر تۆماس لەورەو هێزو بیرو باوەڕی بەتینی نیشتمانپەروەرانەی خۆی ناکەوێت و دەرکەوتنی هەموو راستیەکان بەئایندە دەسپێرێ .
لیرەدا ئەبسن - پێمان دەڵێت لەکۆمەڵگا دوو رووەکاندا، کاتێ سەوداسەری بەبیرو راو دیموکراسیەت و ئازادی دەکرێت، دوور مەبینە هەقیقەت زیندەبەچاڵ بکرێت و ببێتە قوربانی دوو فاقی و بەرژەوەند پەرستی.
ئەرسەلان دەروێشی دەرهێنەر بەهەڵبژاردنی شانۆیی (دوژمنی

گەل) ی هنریک ئەبسن، ویستوویەتی چەند وێنەیەک لەواقعێکی تاڵی کۆمەڵایەتی بەرجەستە بکات کە پەیوەست نەبێت بەهیچ زەمەن و سنوورێکی جوگرافی، لەهەر شوێنێک قۆرخ کاری و داگیرکاری و ناعەدالەتی هەبێت و رای گشتی تێدا سەوداسەری پێ بکرێت، ئەوە ئەو واقیعە وەک یەک وایە، ئەگەر لەنەرویجی وڵاتی ئەبسن، یا کوردستانی وڵاتی ئەرسەلان دەرویش بێت.

بەهاوکوف بوونی گوتاری شانۆیی لەگەڵ زەمەن دا، فاکتەرێکی گرنگی پتەو بوونی پەیوەندی بینەرە بەشانۆ، چونکە زۆر جاران بینەر لەجوگرافیای شانۆدا بەدوای دۆزینەوەی پێگەی مرۆیی و کۆمەڵایەتی خۆیدا دەگەڕێت، هەر کات شوێنێکی لەو فەزایەدا نەدۆزییەوە گوزارشت لەهزرو بیرو باوەڕو خەونەکانی بکات، خۆی بەکاراکتەرێکی نامۆ دەبینی .

بەدرێژایی زەمەنەکان هەمیشە ئایدۆلۆژیاو فەلسەفەی شانۆیی لەنێو ئامرازەکانی دیکەی ئەدەبی و هونەریدا کاریگەری راستەوخۆو تایبەتی خۆیان هەبووە لەهاوکێشەی گۆڕانکارییەکانی سەردەم، بەتایبەت لەسەردەمە تەنگەتاوو پڕ لەمەینەتیەکانی چەوساندنەوەو سەردەمی کۆیلایەتی و پێشێڵ کردنی مافی مرۆڤ و زەوت کردنی ئازادی دا، چەشنی ئەو سەردەمەی نەرویج و جەنگڵستانەکانی دیکەی چەشنی نەرویج کە تێیدا خیانەتکارو دزو جەردەو خاک فرۆشەکان دەبن بەسەروەری وڵات و کاراکتەرە وڵات پەروەرو دڵسۆزو زاناو داناکانیش ناونیشانی دوژمنی گەلییان بەباڵادا دەبڕێت .

بۆیە دەرهێنەر لەهەڵبژاردنی تێکستدا پشتی بەتوخمە هاوبەشەکانی واقیعی تاڵی هەردوو گەلی نەرویجی و کوردستانی بەستووە، تەنانەت لەململانێ نێو خۆییەکاندا هەردوو کاراکتەری (دکتۆر تۆماس و( بیتەر) قائیمقام و ئەوانی تری دابەشی سەر دوو بەرە کردووە، بەرەیەکی زۆرینە کە لایەنگری گەندەڵکارەکانن، لایەنگری کەمینە کە لایەنگری گەلن، سەرانی ئەو دوو لایەنە

سەرەکیەی ململانێ ئەگەرچی لەرەسەندا بران، بەڵام بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتیەکان دوژمنی یەکترن
زمانی دەربڕین و وەرگێرانی تێکستەکە سادەو پاراوە، بینەر بەئاسانی دەتوانێ لەفەلسەفەی نمایشەکە بگاو واقیعەکە بەچاوی خۆی ببینی، لەمەدا دەرهێنەر ژیرانە بەتەنگ خواستی بینەرانەوە چووە، بۆ وێنا کردن و بەرجەستە کردنی ئەو واقیعە پڕ لەمەرگە ساتە.

**فۆرم ..**

ناوەرۆک و فۆرم لەکاری شانۆییدا تەواوکەری یەکترن و بەبێ یەکتری ناتوانن ببن بەپێکهاتەیەکی شانۆیی زیندوو.
بۆیە دەرهێنەری شانۆیی هەوڵەکانی خۆی چەند بۆ فەراهەم کردنی تێکستێکی دەوڵەمەندی پڕ ناوەرۆک تەرخان دەکات، دەبێت دوو ئەوەندەش بۆ دەستەبەر کردنی فۆرم و جوانکاریی و توخمە وروژێنەرەکانی سینۆگرافیای شانۆیی، چونکە ئەوەی دیالۆگ لەسەر شانۆ ناتوانێت گوزارشتی لێ بکات، سینۆگرافیا تەواوی دەکات، بەتایبەت لەدەربڕینی پرسە سایکۆلۆژی و دەروونیەکاندا لەپێناو بەهاوسەنگ راگرتنی پێکهاتەو توخمەکانی شانۆ، کە هەر یەک لەوان کاریگەری و تایبەتمەندی خۆیان هەیە لەکاری شانۆییدا.
بەڵام ئەو پەیوەندییە جەدەلیەی نێوان ناوەرۆک و فۆرمی وەک (دوژمنی گەل) تا چەند لەنمایشەکەدا دەرکەوتووە؟
یان ئەوەندەی بینەر تینوویەتی بەفەلسەفەی نمایشەکە شکا، ئەوەندەش بەسینۆگرافیا قایل بوو؟ ئایا پێت وایە تەنها (ناوەرۆک) بەسە بۆ کاری شانۆیی ؟
خۆ ئەگەر وەڵامەکە بەڵێ بێت ئێمە دەتوانین ئەو نمایشە وەک کتێب بخوێنینەوەو پێویستیمان بەشانۆ نەمێنێ، ئەگەر وەڵامەکەش نەخێر بێت، ئەوە دەبێت بزانین ئەو توخمانەی تر چین کە دەرهێنەر پشتی پێ بەستبوو بۆ تێرکردنی هاوسەنگی نمایشەکەی ؟

**بۆشایی سینۆگرافیا**

لەدوژمنی گەل دا بۆشاییەک لە سینۆگرافیای شانۆیی لەو پێکهاتەیەدا هەستی پێ دەکرێ، ئەگەر ئەو بۆشاییە بەهەند وەرگیرابوایە، رەنگە هاوکێشەی نمایشەکە بەئاستێکی تردا دەگۆڕاو لەگەڵ ناوەرۆکدا زێتر لەهاوسەنگ بوون نزیک دەبوونەوە.

کێشەی زۆرینەی دەرهێنەرانی ئێمە لەکاری دەرهێناندا خۆ بەستنەوەیە بەدەق وەک خۆی، بێ ئەوەی مافی ئەوە بەخۆیان بدەن شوێنێک بۆ خەیاڵو تێڕوانینی تایبەتی خۆیان بدۆزنەوە، کە زۆر جاران ئەو ئازادی لەخۆ زەوت کردنە دەبێتە هۆکار بۆ روخانی نمایش، یاخود لە بارچوونی ئامانجەکان.

کاتی خۆی بیتەر بروک کە (هاملێت) ی شکسپیری بۆ شانۆ دەردەهێنا، هەرگیز خۆی بەشێوازی بونیاتی دەق نەدەبەستەوە، بەڵکو بونیاتی دەقەکەی هەڵدەوەشاندەوەو پاشان پارچەی دەکردو سەر لەنوێ بونیاتی دەکردەوە، بۆ ئەوەی رێگاکانی وەرگرتن لای بینەر ساناترو بە چێژتر بێت.

لەشانۆیی (دوژمنی گەل) دا چاوەڕێی ئەوەبووم دەرهێنەر لەو ناوەرۆکە واقیعیە بخاتە نێوچوارچیوەیەکی نوێ و لەپەراوێزی بیرو بۆچوونەکانی ئەبسن دا تێڕوانین و خەیاڵی خۆیمان پێ ببەخشێت، هەر تەنها گوێچکەمان پڕ نەکات لە دیالۆگ، چاویشمان تێر کات لەجوانی، مێشکمان بە هێمای شانۆیی و گوزارشتی درامی زاخاو بداتەوە، بەتەکنیک و فۆرمی نوێ دوور لەدیکۆری تەقلیدی مردوو، هەست بە سیحری شانۆ بکەین . ئێمە بۆ ئەوە دێینە شانۆ، لەوێدا شانۆ بەگەمە سیحراویەکانی خۆی بمان وروژێنێ، رۆحمان تێر کات لەجوانیەکانی، بەوێنە، موزیک، سەما، گۆرانی، رەنگ، ئارایشت، دیکۆر، جلوبەرگ، بێدەنگی ..هەموو توخمەکانی سینۆگرافیا.

کاتێ تۆی بینەر لەهۆڵی شانۆیی دێیتە دەرەوە، دەبێت ئەو کەسە

نەبیت کە هاتیتە ژوورەوە، کەسێکی تر بیت، هەست بکەیت شانۆ لەرەگو ریشەوە تۆی هەڵتەکاندووە، پاشان دروستی کردویتەوە، ئەگەر لەگەڵ هاتنە دەرەوەتدا هەستت بەو گۆڕانە دەروونی و فسیۆلۆژییە نەکرد، بزانە کە تۆ وەک بینەر فریو خواردوو کراوی، کاتێکی زۆرت بەفیڕۆ داوە .

**رووناکی لە بەرجەستەکردنی وێنەدا**

هەمیشە فـەزای شانۆیی بەزمانی وێنەی شانۆیی و فۆرمی رووناکی جوانتر دەبێت، ئەو رووناکیەم لە دوژمنی گەل دا نەبینی، ئیدی نازانم ئەگەر رووناکی بۆ شانۆ تەوزیف نەکرێت وەک بونیاتێکی درامی بۆ دروست کردنی زمانی وێنە، ئەگەر رەنگ، رەنگە ساردو گەرمەکان کاریگەری خۆیان وەک دەلالاتی هێماداری سینۆگرافیای شانۆیی لەفەزای شانۆدا دابەش نەکەن، بۆ گەیاندنی هەندێ دەلالات بەزمانی وێنە، دەبێت رووناکی چ نرخێکی هەبێت ؟

زمانی وێنە هەمان بۆشایی لەدروست کردنی وێنەی شانۆیی دا بزر بوو، مەبەستم ئەو وێنە درامی و هێماداریانەن کە وەک بیتەر برۆک دەڵێت: ئەلتەرناتیفی وشەن، ئەوانەن ئاسەوارەکانی خۆیان لەمێشک و دەروونـی بینەردا بەجێ دێڵن و دوای دەرچوونی لەهۆڵی شانۆییدا هەرگیز لەمێشکی بینەردا کاڵ نابنەوە، دەسەڵاتی راستەقینەی دەرهێنەر کاتێک دەردەکەوێت، کەزمانی دیالۆگ لەسەر شانۆدا دەکات بەزمانی وێنەی درامی، بۆ ئەوەی باری بینەر لەوەرگرتنی دیالۆگدا سووک کات و هەندێ لەسەرچاوەکانی وەرگرتن بداتە چاو لەبری گوێ، ئەو کات بینەریش هەموو هەستەکانی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ وەرگرتن، نەک هەر تەنها ئامرازی مێشک، ئیدی نازانم هەر بینەرێک کە دوژمنی گەلی بینی بێت، کامە وێنەی درامی لەمێشکدا تۆمار کراوە؟

بێگومان دەرهێنەر دوای تێکست، پشتی بەئەکتەر بەستووە بۆ بەهاوسەنگ راگرتنی نمایشەکەی و ریتمی شانۆگەریەکەی،



کەهەندێ جار بەهای نواندن لەنمایشدا دەگاتە تۆپی بەهاکانی ترو هاوسەنگی نمایش و سینۆگرافیای شانۆیی لەسەر هێزو دەسەڵاتی ئەکتەر دەوەستێ و ئەو بەرپرسی یەکەم دەبێت دوای

دەرهێنەر کە چارەنووسی نمایشی شانۆیی بەدەست بێت.
ئەوەتا ئەرسەلان دەروێش، کۆمەڵێ ئەکتەری بژاردە کردووە، کە ئەو متمانەیەت پێ ببەخشن، بۆ ماوەی ١٠٥ خولەک ریتمی نمایش لەسەر شانۆ رابگرن و ئەو دەرفەتە نەڕەخسێنن بینەر دووچاری ماندوو بوونوو و سارد بوونەوە بێت لەکاتی ئاوێزان بوونی لەگەڵ نمایش دا، راگرتنی ئەو ریتمە بۆ ئەو ماوە دوورو درێژە لەهۆڵێکی شانۆیی بچووک و تەسکو تریسکی نا ئارام، دەسەڵاتی دەرهێنەرو ئەو ئەکتەرانە دەردەخا کە توانیان رووبەرووی ئەزموونێکی سەخت ببنەوە.
ئەو ئاستە شایەستەیەی زۆرێک لە ئەکتەرەکانی دوژمنی گەل نیشانیان دا، بوو بەکۆڵەگەی بە هاوسەنگ راگرتنی نمایشەکەو پەردە پۆشی بۆ هەندێ بۆشایی لەسینۆگرافیادا، کە بەشێکی ئەو سینۆگرافیایە لە ئەداو جەستەی ئەکتەرەکان و دەنگ و ئیلقای ئەوانەوە دروست دەبوو، هەر کاتێک ریتمی نمایشەکە کز بوایە، ئەو ئەکتەرانە هاوسەنگیان دەکردەوە، ئەگەرچی من لە یەک تۆنی بڵندی دەنگی ئەوان و یەک ریتمی و بوار نەڕەخساندن بۆ بێدەنگی و هەناسە نەدان نیگەران بووم .
ئەکتەرەکان لەپاڵ پێکهاتەکانی دیکەی سینۆگرافیا رۆڵی ریشەییان هەبوو لەراگرتنی ریتمی نواندن، ریتمی نمایش، ریتمی بینەر، ئەم بەهاوسەنگ راگرتنەی ریتمیش فاکتەری تایبەتی خۆیان هەبوو لەوانە :
١.کاریگەر بوونیان بەتێکست وەک تێکستێکی جیهانیی دەوڵەمەند کە گوزارشت لە ئینسانیەتی ئەوان و کۆمەڵگاکەیان دەکات.
٢.کاریگەر بوونیان بەکاراکتەرە ئەکتیفەکان، کە کەسایەتی و رۆڵەکانیان لەگڕو تینی دەروونی ئەکتەرەکان زێدە دەکات لەنواندندا .
دەرهێنەر ئەرسەلان دەروێش جگە لەتێکست، متمانەیەکی زۆری بەوە هەبووە، کە ئەو ئەکتەرە خاوەن ئەزموونانە زامنی

بەهاوسەنگ ڕاگرتنی نمایشەکەی بۆ دەکەن لەڕووی ڕاگرتنی ریتمی نمایش و بەرز ڕاگرتنی سینۆگرافیای نمایش، لەرێگەی جەستە و پێرفۆرمانسی شانۆیی و دەنگ و ئیلقای بەهێز، لەراستیشدا هەر وابوو، ئەوان رووی ئەکتیفی نواندن بوون، بەڵام بەشداری پێ کردنی چەند ئەکتەرێکی تر کە بۆ پڕ کردنەوەی بۆشایی کاراکتەرەکان لەسەر شانۆ بوون و ئەزموونی هونەرییان لەگەڵ نواندندا لاواز بوو، بوون بەدروست کردنی ئەو جیاوازییەی وای کرد ئاستی نواندن بەگشتی لەنمایشدا جێگیر نەبێت، چونکە هەمیشە ئەکتەری بەتوانا زۆرێک لەدەسەڵاتی نواندنی خۆی لەئەکتەری بەرامبەر وەردەگرێت، هەر کات هەستی بە مردوویی ئەکتەری بەرامبەر کرد، هەست بەجۆرێک لەداهێزران دەکا.

ئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەو نمایشە، تێگەیشتنێکی قوڵییان لەگەڵ کاراکتەرەکانیاندا هەبوو، زۆرێک لەشارەزایی تیۆری و پراکتیکی رابووردووی خۆیان لەو نمایشەدا بەرجەستەکرد.

ئەو هەنگاوەی دەرهێنەر ئەرسەلان دەروێش هەنگاوێکی ئەرێنی دیکەیە و درێژەدانە بەئەزموونە بەردەوامەکانی، سوور بوونی ئەو نیشان دەدات لەسەر گەڕان بەدوای کاری جوانترو جوانتر لەوەی ئێمە هەموومان چاوەڕوانی دەکەین .

**ئەکتەر لەشانۆیی (دوژمنی گەل) دا**

هەریەک لەکاراکتەرەکانی شانۆییەکانی هنریک ئەبسن، تایبەتمەندی خۆیان هەیە و ئەبسن بەفەلسەفەیەکی دیاری کراو ئەو کاراکتەرانەی دروست کرددووە، کە ئەگەر بیانخوێنیتەوە، هەریەک لەوان هەڵگری پەیامێکە، تەنانەت هەندێ لەوان، چونەتە رێزی کاراکتەرە جیهانیەکان و خۆیان ئاشنا بەبینەرێکی زۆر کردووە لەسەراپای جیهاندا، بۆیە ئەو دەرهێنەرەی کار لەشانۆییەکانی ئەبسن دەکات و ئەو ئەکتەرانەش کەرۆڵی ئەو کاراکتەرانە دەبینن، دەبێت زۆر بەئاگاییەوە هەڵسوو کەوت لەگەڵ کارو کاراکتەرەکانی ئەبسن دا بکەن، رەنگە کارێکی سەخت و

دژوار بیت، گەرمرۆڤ بیەوێت بچێتە ژوورێکی تاریک و نوتەک، ناتوانێت یەک هەنگاو بچێتە پێشەوە، تا چرایەک نەبێت ئەو تاریکیە بڕەوێنتەوەو دەورو بەری خۆی بەروونی ببینی، بەشداری کردنی ئەکتەریش لەشانۆدا ئەوەیە وەک ئەکتەر بتەوێت بچیتە ناو دنیای ئەو نووسەرە زەبەللاحەی دنیاو فەلسەفەکانی، ئاشنایەتیەکی باشت لەگەڵ ئەو کاراکتەرانە بەگشتی و ئەبسن خۆی بەتایبەتی نەبێت.

بۆیە ئەکتەرانی (دوژمنی گەل) کەوتونەتە بەردەم ئەزموونێکی گەورە، کەسەرکەوتن تێیدا شانازییەکی گەورەیە، زۆر لەوان ئەکتەری ئەکادیمین و خاوەن ئەزموون لەبواری نواندندا، تەنانەت هەندێکییان شانۆیان وەک پیشە وەر گرتووە، بەڵام هەندێکی دیکەیان تێدایە، بۆ یەکەم جارە لەنمایشێکی وا گەورەدا بێتە سەر شانۆ..

بێگومان کۆ کردنەوەی ئەو دوو کۆمەڵەیەی ( ئەکتەرە خاوەن ئەزموونەکان لەگەڵ ئەکتەرە تازە پێگەیشتووەکان) یان کەم ئەزموونەکان) کارێکی ئاسان نیە، چونکە ئەوان جیاوازی زۆریان هەیە لەئاستی نواندن و جەستەو دەنگو ئیلقاو ئەدا، بینەر لەهۆڵی شانۆدا ئەو جیاوازییانە بەچاوی خۆی دەبینی، بینەر پارسەنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ نرخاندنی هەر یەک لەو ئەکتەرانە، ڕەنگە بۆ ئەکتەرە خاوەن ئەزموونەکانیش سەخت بێت، بەرامبەر چەند ئەکتەرێکی کەم ئەزموون نواندن بکەن و زۆرێک لەگڕوتینیان لەدەست بدەن.

ڕاستە دەرهێنەر بەرپرسی یەکەمە لەدروست کردنی ئاستی نواندن لای ئەکتەرەکان، بەڵام زۆر جارانیش ئەکتەر خۆی لەسۆنگەی توانست و شارەزایی خۆیەوە ڕۆڵی دەبێت لەرەسم کردنی جوانترین وێنە بۆ کاراکتەر و بەهێز کردنی، خۆ هەر تەنها دەرهێنەر نیە ئەکتەر دروست دەکات، زۆر جاران ئەو توانستە لەناخی ئەکتەر خۆیەوە سەر هەڵدەدات، لەئەنجامی تێڕوانین و

فانتازیای جوانیی بۆ ڕۆڵەکەی خۆی و ئەزموونی درێژی لە بواری نواندندا .
ئەکتەرەکانی دوژمنی گەل ـ بەتایبەت ئەکتەرە خاوەن ئەزموونەکان بوون بەهۆکار بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی نمایش.
زۆر جاران ئەکتەری لاواز دەبێتە هۆکار بۆ ڕوخانی ناودارترین تێکستی جیهانیی، بەپێچەوانەشەوە ئەکتەری سەرکەوتوو هەمیشە ڕۆحێکی نوێ دەخاتە بەر ئەو تێکستانەی لاوازن و لەمردن ڕزگاری دەکەن، بەگشتی کۆمەڵێ ئەکتەری بەتواناو خاوەن ئەزموون لەنمایشەکەدا ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لەڕاگرتنی ڕیتمی نمایشەکە، بۆ ماوەی ١٠٥ خولەک، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو ئەکتەرانە ئەکتیف بوونە لەپاراستنی هاوسەنگی نمایشەکەو چارەنووسی .

**کاراکتەرەکانی شانۆیی دوژمنی گەل:**

دکتۆر تۆماس ستۆکمان: پشکێنەری ئاوو زێرابەکانی شار .
کاترین: هاوسەری دکتۆر تۆماس
هۆفستاد: سەرنووسەری ڕۆژنامەی دەنگی گەل
بیتەر ستۆکمان: برا گەورەی د.ستۆکمان و قائیمقامی شار.
بیلینگ: نووسەر لەڕۆژنامەی دەنگی گەل
کابتن هۆرستیر: کابتن و هاوڕێ ی دکتۆر تۆماس
ئەسلاکسن: خاوەن چاپخانە
پیترا: کچی دکتۆر تۆماس
بەهمەن حاجی: دکتۆر تۆماس

**بەهمەن حاجی ـ**

ـ ئەکتەرێکی ئەکادیمی دیارو بەرچاوەو خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندە لەبواری شانۆدا و لەچەندین بەرهەمدا توانستی داهێنەرانەی خۆی سەلماندووە، دواترینیان شانۆیی (دوژمنی گەل) ی هنریک ئەبسن بوو، لەدەرهێنانی ئەرسەلان دەروێش،

لەو بەرهەمە نوییەدا رۆڵی دکتۆر تۆماسی بینی،
ئەو بەر لەهەموو شتێ ئەوەی دەزانی کە لەو شانۆگەریەدا دەکەوێتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەو بەرجەستەی رۆڵی یەکێک لەگەورەترین کاراکتەرە جیهانییەکانی مێژوو دەکات، ئەمەش بەرپرسیاریەتی ئەوی قورستر کرد بۆ خۆ ئامادەکردن و بەرجەستە کردنی رۆڵەکە.
دکتۆر تۆماس، ئەو پسپۆرو پشکێنەرەی لەرووی گەندەڵکارانی ژەهراوی بوونی سەرچاوەکانی ئاو وەستا، بۆ بەرژەوەندی گەلەکەی روو بەرووی دەسەڵاتدارانی شارەکەی بۆوە، لەوانەش (بیتەر)ی برای کە بەرپرسی یەکەمی ژەهراوی بوونی ئاوەکە بوو، لەو پێناوەشدا لەکار لابراو، دەورو بەرەکەی ئازار دران و ماڵەکەی فڕێ درایە سەر جادە. لەئەنجامی ململانێکەی لەگەڵ زۆرینەی لایەنگرانی دەسەڵات شکستی هێنا، بەڵام نەڕوخاو بە گەشبینی راستیەکانی بەئایندە سپارد.
دکتۆر تۆماس وەک شۆڕشگێڕێک دەرکەوت، رۆڵەکەی پێویستی بەئەکتەرێک هەبوو، لەو کەسایەتیە شۆڕشگێرە بوەشێتەوە و بتوانێ بەئەدای بەهێزی رۆڵی ئەو کاراکتەرە بەرجەستە بکات، ئەو ئەبسن لەپێستی کاراکتەرێکی وەک دکتۆر تۆماس دەبینی کە لەرەسەندا ئەبسن خۆیەتی و بەرگری لەمافەکانی گەل دەکات.
بەهمەن کە رۆڵی ئەو پیاوە شۆڕشگێرەی بەرگری کار لەمافی گەل و هەقیقەت دەبینێ، کاراکتەرەکە دەبێتە یەکەم هاندەری بۆ بەرجەستە کردنی ئەو کەسایەتیەو ماف پێدانی، بەهەموو ئەو دەسەڵاتە جەستەییانەی هەیبوو لەدەنگ و ئیلقا و ئەدای گوزاشت بەخش، دووهەمیان: تێگەیشتنێکی باشی بۆ دکتۆر تۆماس هەبوو، بەگڕو تینێکی هونەری هاوسەنگ رۆڵەکەی بینی، بەڵام ئەوەی ئارەزووم نەبوو لەبەهمەندا بیبینم، ئەوەبوو کە لە هەندێ دیمەندا گرژی و یەک ریتمیم دەبینی لە ئەداو لە ریتمی دەنگ دا،چونکە ئەو کەسێکی زاناو نووسەر بوو، بیروباوەڕێکی شۆڕشگێڕانەی

هەبوو، پێویستی بەهێمنیەکی زیاتر هەبوو بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوانتری ئەو کاراکتەرەمان بداتێ، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە، بەهمەن خەریکە هاوسەنگی لەشولارو جەستەی جارانی خۆی لەدەست دەدات، پێویستی بەوە هەیە پێداچوونەوە بەخۆی دا بکات بۆ گەڕانەوەی هەمان لیاقەی جارانی خۆی..

**مەولان حەمەد ئەمین : قائیمقام**

رۆڵی(بیتەر)ی قائیمقام و برای دکتۆر تۆماس دەبینی، هێمای دەسـەڵات دەنوێنێ، لە کەسایەتیەکەی دا کەسێکی رووکەشە، وەک نموونەی رووکەشی دەسەڵات، هەتا لەهەڵوێستە لەخۆبایی بووەکانی، ئەو داڕێژەری ئەو گەمانەیە کە لەگەڵ دکتۆر تۆماسی برای و یاوەرانی دەکرێت، بەرژەوەندییەکانی ئەوەی لەبیر دەباتەوە کە برای دکتۆرە، گرنگ بەلای ئەوەوە پاراستنی دەسەڵات بوو.

هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوە دەخاتە گەڕ دکتۆر تۆماسی برای دەست لەبڵاوکردنەوەی پشکنینەکانی خۆی هەڵگرێ دەربارەی بەژەهراوی بوونی سەرچاوەکانی ئاو، لەو پێناوەشدا دەکەوێتە بەردەم ململانی و هەڕەشە لێکردنی براکەی بەهەموو دەسەڵاتێکی خۆی و ناچار کردنی میدیا کارو رۆژتامەنووسەکان بەبێدەنگ بـوون، لەئەنجامی ململانێ کەشی دا بەسەر دکتۆر تۆماس و یاوەرەکانی زاڵ دەبێت و بـەرەی گەندەڵکاران و تومەتباران بەسەر حەقبێژەکاندا سەردەکەون ..

مەولانا ـ ئەگەرچی کاراکتەرەکەی کەسێکی گەندەڵ و تاوانبار بوو، لەریزی دەسەڵادارەکانی ئەو شارە، ژەهراوی بوونی گەلەکەی بـەلاوە باشتر بوو، لەئاشکرا کردنی راستیەکان، بـەڵام بەهیچ شێوەیەک سیماو رەفتاری لەکاراکتەرێکی نەگەتیف و شەڕخواز نەدەچوو، ریتمێکی ساردی هەبوو، هیچ جۆرە رقێکی لای بینەر دروست نەکرد، تەنانەت ئارایشت کردنیشی ئەو سیمایەی پێ نەبەخشی بوو کە بینەر وەک تاوانبارێک ببینێ، بۆیە بینەر ئەو کاراکتەرەی وەک کاراکتەرێکی نەگەتیف نەناسی کە هاوکوف

بیت لەگەڵ بیرو باوەڕو رەفتارە توندو تیژو دوژمنکاریەکانی بەرامبەر گەل و نزیکترین کەسانێک لە خانەوادەکەی، بۆیە من پێم وابوو دەبوا مەولانا لە هەندێ دیمەندا ئەو ریتمە خاوەی خۆی بگۆڕیبوایە بە ریتمێکی گەرمتر ..

**محەمەد تاهیر:**

رۆڵی (ئەسلاکسن) ی خاوەنی چاپخانەی دەبینی، کە زۆر بەئاسانی لەبیروباوەڕو بۆچوونەکانی خۆی هەڵدەگەڕێتەوە و بەئاسانی دەچێتە ژێر فشاری دەسەڵاتداران بەلای منەوە (محەمەد تاهیر) باشترین ئەکتەری نمایش بوو، لەرووی ئەداو دەنگ و ئیلقا، مانایەکی جوانتر لە خۆی بەکاراکتەرەکەی خۆی بەخشی .

**بیترا: (سیمامستەفا)**

کچی دکتۆر تۆماس و مامۆستای قوتابخانەیە، هەمان هەستی شۆڕشگێڕانەی باوکی هەڵگرتووەو هەست بەوە دەکات کە لە ماڵدا داوای ئەوەی لێ دەکەن زمانی خۆیان بگرن، وەک مامۆستایەکیش لە قوتابخانەدا منداڵەکان فێری درۆ بکەن.

ئەو ئەکتەرە لەقۆناغە سەرەتاییەکانی چوونە ناو دنیای شانۆیە، ئەرکێکی قورسیان پێ بەخشی بوو کە لە توانست و ئەزموونی ئەو گەورەتر بێت، پێم وابوو هەڵبژاردنی ئەو ئەکتەرە تەنها بۆ پڕ کردنەوەی بۆشایی ئافرەتی ئەکتەر بوو، ئەمەش کاریگەری نەرێنی هەبوو بە سەر نمایش .

**بیلینگ: ( یوسف یوسفی)**

کاراکتەرە نموونەی رۆژنامە نووسێکی ئیزدواجیە کە بەپێی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆی رەفتار دەکات و بەئاسانی دەتوانێت پشت لەراستیەکان بکات لەپێناو پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانە.

ئەو بەرهەمە بۆ یوسف ئەزموونێکی نوێ بوو، توانی رۆڵەکەی خۆی وەک پێویست راپەڕێنێ، ئەگەرچی لە ئیلقاو دەنگ لاوازی پێوە دیاربوو، پێویستی زیاتری بە پرۆڤە هەیە ئەگەر بڕیاری

ئەوەی دابێت بەردەوام بێت لەکاری شانۆیی دا .

**کابتن هۆستەر (زیاد کەریم)**

وێنەی کەسێکی هوشیارو دۆستێکی ئەمەکدارو خاوەن هەڵویست نیشان دەدات، کە راستیەکان دەخاتە سەرووی هەموو شتێکەوە، گوێ بەو فشارانە نادات کە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەخرێتە سەری،لەرۆژە سەختەکانیشدا هەڵوێستێکی جوامێرانە دەنوێنێ کە لەپشت دکتۆر تۆماس و منداڵەکانی دەوەستێ، کاتێ خانووەکەیان لێ دەسێنرێتەوەو دەکەونە سەر جادە ئەو فریایان دەکەوێت .

زیاد شانۆی وەک پیشە وەرنەگرتووەو کەسێکی میدیا کارە، بەڵام ئەوە رێگر نیە لەبەردەوام بوون لەسەر کاری شانۆیی، ئەو خۆی لە ئەزموونێکی قورس داوەو کاراکتەرەکەی کاراکتەرێکی دیاروبەرچاو بووە لەشانۆکانی جیهاندا بایەخێکی زۆری پێ دراوەو تەواوکەری دکتۆر تۆماسە لەهەڵوێست و بیرو باوەڕدا، ئیدی نازانم بۆچی زیاد بەخۆی و پایپەکەی، زۆر بەفیزەوە دەرکەوت وەک کەسایەتیەکی بورژوازی و بازرگان، کەچی لەهەقیقەتدا ئەو کەسێکی خاوەن هزرو تێگەیشتنێکی تەواو بوو لەکۆمەڵگادا لەرێزی گەلەکەی دا بوو بۆ بەرگری کردن لە مافەکانیان، ئەم جیاوازییەش لەنێوان بیرو شێوەدا وای کرد، ئەو ئەکتەرە لە دەستپێکدا وێنەیەکی راستەقینەی کار اکتەرەکەی بەبینەر نەبەخشێت، ئەگەرچی لەدیمەنەکانی دوایی دا ئەو شێوازەی رەسم کردنی کاراکتەرەکە گەڕایەوە قەدی رەسەنی خۆی ..

**کاترین (وەیلان سدیق) :**

هاوسەری دڵسۆزی دکتۆر تۆماس بوو، ئەو لەدەستپێکدا باوەڕی وابوو کە دکتۆر تۆماس ناتوانێت بەرگەی دەسەڵاتداران بگرێت کە خاوەنی هێزێکی گەورەن، بەمەش دووچاری نەهامەتیەکی زۆر دەبنەوە، بەڵام ورەی دکتۆر و بڕوای پتەوی بەامبەر بەو گوتارەی باوەڕی پێ هەبوو لەهەموو فشارەکان گەورەتر بوو،

کاترین کە زانی دکتۆر ڕێگەیەکی ڕاستی هەڵبژاردووە، پشتگیری لێ کرد، چ لەڕووی پێگەیاندن و پەروەردە کردنی منداڵەکانی چ لەڕووی وەستان لەپشت مێردەکەی بەهەموو دەسەڵاتی خۆیەوە. وەیلان لەتەمەندا بچووکتر بوو لەتەمەنی کاراکتەرەکەی خۆی، ئارایشتیش نەیتوانی ئەو جیاوازییە لەتەمەندا پەردە پۆش بکات، ئەمە هەم کاراکتەرەکەی لاواز کردبوو، هەم وەیلان بەو ئەزموونە سادەیەی هەیبوو نەیتوانی بەرامبەر بەبەهمەن بوەستێت، بەڵکو کاریگەریەکی نەگەتیفانەشی بەسەردا بەجێ هێشتبوو، لەزۆربەی ئەو شانۆگەریانەی (دوژمنی گەل) کە لەجیهاندا نمایش کراون، ڕۆڵی کاترین چ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ ڕۆڵی دکتۆر، لەو نمایشە نەبێت کە ئەو کاراکتەرە بەو لاوازییە ببینم ئێستاش نەمزانی هۆکار چی بووە لەوەی دەرهێنەر ئەو ڕۆڵە قورسە بەوەیلان ببەخشێ، لەکاتێکا ئەو لەسەرەتاکانی هاتنە ناو دنیای شانۆیەتی، جگە لەموفارەقاتی تەمەنی.

**هۆفستاد: یاسین کەریم**

سەرنووسەری ڕۆژنامەی دەنگی گەل بوو، ئەو لەدەستپێکدا پشتگیری لەتوێژینەوەو هەڵوێستەکانی دکتۆر دەکرد، دواتر ئەویش وەک ئەوانی تر شەرەفی پیشەکەی خۆی رادەستی گەندەڵکاران کرد لەپێناو پاراستنی بەرژوەندییەکانی خۆی .

یاسین کەریم - تێگەیشتنێکی باشی لەگەڵ کاراکتەرەکەی خۆیدا هەبوو، توانی کارێک بکات، بەئەدای خۆی، وەک پیاوێکی ئیزدواجی لەبیرو باوەڕو کەسێکی ئینتیهازی خۆی نیشان بدات، بەمەش بەرجەستەی وێنەی ڕاستەقینەی کاراکتەرەکەی خۆی کرد.

# کەسێک هەر دێت. منیش دەیبینم



# کەسێک هەر دێت. منیش دەیبینم

**تێکستی: جۆن فۆست**
**دەرهێنانی: مەهدی حەسەن**

لەدەستپێکی نمایشی کەسێک هەر دێت، لەنووسینی (یۆن فوسە) و دەرهێنانی (مەهدی حەسەن)

ئەکتەرێکی ژن و یەکێکی پیاو، بەسواری پایسکلێکەوە لە تاریکییەوە دێنە سەر شانۆ، لەسەر ئەرزێکی چنراو بەگەڵای زەردی هەڵوەریوی پایز، بەدەوری پیرە دارێکی وشکی بێ گەڵا دەسوڕێنەوە، کە لەناوەڕاستی شانۆدا چەقیووە، بەدەم گفتو گۆ کردنەوە بەرەو دورگەیەکی دابڕاو لەهەموو دنیا، خانوویەک بۆ نیشتەجێ بون دەکرن، کە بێجگە لەوان هیچ بنیادەمێکی لێ نیە، پێیان وایە ئەو شوێنە دوورە پەرێزە گونجاوە، بۆ ئەوەی بەردەوامی بەخۆشەویستی خۆیان بدەن و ژیانێکی ئارامی تێدا بگوزەرێنن.

نمایشەکە هەر لەدەستپێکدا، کۆمەڵێ ئاماژەت بۆ دەردەخا، تا تۆش وەک بینەر بچیتە ناو ئەتمۆسفیری نمایش و رووداوەکانی، کاتێ چاوت بەو گەڵا وەریوە پایزیانە دەکەوێت ئەو دوو کاراکتەرە بەدەم گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو هیوایەی بۆی دەچن، ئەو وشکە دارە بێ گەڵایە لە ناوەڕاستی شانۆدا دەبینی رەسمی ژیانێکی بێ هودەت بۆ دەکێشێ، هەست بەوە دەکەیت ئەو شوێنە شوێنی هیوای هەڵوەریووە.

بۆیە زوو خەیاڵت بۆ ئەوە دەچێت، بەڵێ ئەو ژن و پیاوەش لەئاکامی ئەو بێ هیواییە، رادەکەن و ئەو شوێنە بەجێ دێڵن ..بەڵام ئاخۆ راکردن و رووکردنە گۆشەگیریی، چارەی برینی ئەوان دەکات ؟

نەخێر کە ئەوان دەگەنە شوێنی مەبەست، لەپڕێکا هەستێکی نامۆ ژنەکەر دادەگرێ، ترسێک ئەو شوێنە دادەپۆشێ، نیگەرانیەک، وەک سێبەر بەدوایانەوە دێت، نیگەرانی ئەوەی کەسێک هەر دێت، دڵنیا لەوەی، کەسێک هەر دێت.

بۆیە لەناو شەپۆلێک ترس و رارایی، چەند جارێک بەپیاوەکە دەڵێت:

چ روو دەدات ئەگەر کەسێ بێت ؟
رادەکشێ و گوێ لەزەویەکە ڕادەگرێ بۆ ئەوەی گوێ ی لەخشپە پێی هاتنی ئەو کەسە بێت کە دێت ..
پێ دەچێ قەدەری ئێمە ئاوا بێت کە بەتەنیا نەژیین !
نەخێر لێ ناگەڕێن ئێمە بەیەکەوە بین!
ئا ئەوەتا کەسێکمان لێ پەیدا دەبێت ..
دواتر نەخۆشی ئەو گومانە لەژنەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ پیاوەکە، نیشانەی تووش بوون بەو نەخۆشی گومانە لای پیاوەکە لەوەوە دەست پێ دەکات، ئاخۆ چۆن ئەو ژنە مکوڕە لەسەر ئەوەی یەکێک هەر دێت ئەگەر خۆی بەو هاتنە نەزانێ ؟
بۆیە بەتوڕەیی هێرشی بۆ دەبات و پێی دەڵێ:
پێم بڵێ کێیە دێت ؟
بەڵام دیسان بۆ چارەسەرکردنی ئەو هیستریایەی ژنەکەی گرتۆتەوە، پیاوەکە پەنا بۆ دڵ نەوایی و لە ئامێز گرتن دەبات، تەنیا بەلەئامێز گرتن دەتوانێت ئارامی بەژنەکە ببەخشێت و لەناو ئەو ترس و گومانە هێوری کاتەوە،
دەرهێنەریش بەهەمان فۆرم لەگەڵ لەئامێز گرتنەکە، رووناکی کز دەکات و دەیانخاتە ناو گەرووی تاریکی، لەوێ جگەرەیەک دادەگیرسێنێ، هەردوکییان بەیەکەوە هەرجارەو قومێکی قوڵ لەجگەرەکە هەڵدەمژن و دوکەڵەکەی بەبا دەکەن، بۆ ئەوەی لەو ئەتمۆ سفیرە ئارامە، هەم ریتمی هەڵچوونی دەروونیی لای کاراکتەر هێور کاتەوە، هەمیش بینەر ئارام بێتەوە، بەڵام ئەو حاڵەتە کاتیەش دادیان نادات و گومانەکە بەتوندتر لەجاران دەگەڕێتەوە.
وەهمەکە دەبێتە راستی، کەسێکی نامۆ پەیدا دەبێت کە فرۆشیاری خانووەکەیە و باوکو باپیرانی لەو خانووەدا نیشتەجێ بوونە، دەچێتە ناو ژیانیان، وەک گەردەلولێک دەیانخاتە گێژەنەیەک.
وێڕای توڕەبوونی پیاوەکە و ئەو هەستە پڕ لە ئازارە دەروونییەی

تووشی دەبێت، ئەمجارە زۆر لەژنەکە زیتر، گومان دەست دەخاتە قاقای و بەرەو شێت بوونی دەبات.
ئەوەتا بەگومانەوە بەکچەکە دەڵێت: تۆ داوات کرد لەتەنیشتتەوە دانیشی، چاو ببڕیتە ناو چاوی؟ بەتایبەت دوای ئەوەی ژنەکە قەبوڵی ئەوە دەکات پیاوەکە بەدەستی خۆی ژمارەی تەلەفونەکەی بخاتە نێو سوخمەکانییەوە، ئەویش قەبوڵی بکات، هەموو ئەوانە ترس و دڵە راوکێیەک لای پیاوەکە دروست دەکەن و دەگەڕێتەوە سەر ئەو گرێ کوێرە دەروونییەی ئازاری دەدات و ناوە ناوە بەژنەکە بڵێ:
پێم بڵێ زەروری بوو کە تۆ چاو ببڕیتە ناو چاوی؟
ژنەکەش دەیەوێت لەو گومانەی دابڕێنێ و چەند جارێک دووپاتی دەکاتەوە:
(برۆ بابچینە ژوورەوە) بۆ ئەوەی لەوێ غەریزەکانی خۆیان هەڵڕێژن و کۆتایی بە نیگەرانیەکانیان بێنن.
بەڵام بینەر هەر زوو ئەو پرسیارەی لا دروست دەبێت، ئاخۆ هۆکاری نەرمی نواندنی ژنەکە بەرامبەر بەپیاوە خانوو فرۆشەکە چی بوو؟
لەبەر ئەوە بوو کە پیاوێکی دەوڵەمەندو خاوەن پارە بوو؟
یاخود لە بڕوا بەخۆ بوونی ژنەکە بوو بەخۆی؟
چونکە لە دایەلۆژێکا دەڵێ: من نە نەفرەتی لێ دەکەم، نەخۆشیشم دەوێ.
بەڵام ئەو بڕوا بەخۆ بوونە بەهایەکی نەبوو لای پیاوەکە، تا لەئاکامدا بە بەردەوامی لەسەر گومان دەگەڕێنەوە ناو تاریکیەکە و خانوو فرۆشکەش بەردەوام دەبێت لەسوڕ خواردنەوە بەدەوریاندا .

**شوێن لەجوگرافیای نمایشدا**

شوێن لەنمایشەکەدا پرسیاری زۆر دروست دەکات..
ئایا شوێن دەتوانێت ئاسوودەییەکی رەها دەستەبەر بکات ؟

یاشتیَ لەهاوکێشە دەروونـی و مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکانەوە بگۆڕییێت ؟
یان جیَ گۆڕکیَ بەشوێن وەهمێکەو هەموو شوێنەکان وەک یەکن بۆ خۆشەویستی و ئارامی؟ تۆ بلَیَ ی سوچێک هەبێت بەگۆڕانی شوێن کۆتایی بەگومان و نائارامی بێنێت؟
یان دەگەیتە ئەو ئەنجامە، نەخێر هەموو شوێنەکان وەک یەکن، مادام بنیادەم لەسەر هەسارەیەکا دەژیت لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤ دایە.
**دەرهێنان:**
هەر شانۆکارێک بیەوێت کار لەسەر شانۆگەرییەکانی (جۆن فۆسـە) بکـات، ئـەوە دەبێت پێشتر ئـەو نـووسـەرە شانۆکارە نەرویجیە بناسێت کە بەجێگرەوەی ئەبسن ـ ناونراوە، بەهۆی لێک نزیک بوونەوەی لە هونەری (ئەبسن) و (بیکیت) و کاریگەریەکانی ئەوان لەسەر بەرهەمەکانیدا
بە هۆی ئەو تایبەتمەندییەی ( فۆسە) هەیەتی، رەنگە بۆ دەرهێنەرێکی کـوردی وەک (مەهدی حەسەن) کارێکی ئاسان نەبیت، بەڵام ئـەوەش بەو مانایە نیە، کە دەرهێنەرە کوردەکان بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەی فۆسـە- هەیەتی، نەتوانن خۆیان لەقەرەی بدەن، بۆیە خۆ لێدانی مەهدی لەو بەرهەمە، تاقیکردنەوەیەکی جیاوازە و کارێکی ئاسایی نەبووە.
زۆربەی شانۆگەرییەکانی (فۆسە) وەک: پاڵتۆی زەرد، چەترێک بۆ بـاران، خەونی پایز، سۆزان، بەچەندین زمانی جینهانییڤ لەشانۆ ئەوروپیەکاندا نمایش کراون.
مەهدی حەسەن لەنێوان ٣٠ دەقی شانۆیی جۆن فۆسە ـ شانۆیی (کەسێک هەر دێت)ی دەستنیشان کردووە، کە فۆسە- ساڵی ١٩٩٤ نووسیویەتی و یەکێکە لەدیارترین بەرهەمەکانی ئەو لەلایەن (هاودەم ساڵح جاف) لە نەرویجیەوە کراوە بەکوردی.
دەرهێنەر بەسیَ ئاراستە کاری لەسەر بەرهەمەکە کردووە کە

بوونەتە کرۆکی بەرجەستە کردنی فەلسەفەی نمایشەکە لەوانە:

**١.موزیک:**

ئەو فۆرمە نمایشانەی کە دەکەونە نێو ئەتمۆسفیرێکی سایکۆلۆژی و دەروونی لەترس و نیگەرانی و رارایی لەچەشنی ستایلەکانی (بیکیت) پێویستی زۆریان بەموزیک هەیە بۆ گوزارشت کردن لەناخی کاراکتەرەکان و بەرجەستە کردنی رووداوەکان.

واش باشترە کە موزیکی زیندوو تایبەت بەنمایشەکە هەبێت، ئەگەرچی ئێمە موزیک ژەنی درامی مان نیە، ئەگەرنا دەبێت موزیک هاوشان بێت لەگەڵ ریتمی نمایشەکە، لەو نمایشەدا موزیکێکی گونجاو لەگەڵ ریتمی نمایش هەیە کە بۆتە ئەلتەرناتیفی موزیکی زیندوو.

بینەر هەست بەوە دەکات موزیک کاریگەرییەکی زۆری هەیە بەجێ هێشتووە لەسەر سینۆگرافیای نمایشەکە

**٢.تاریکی و رووناکی**

لەنمایشەکەدا شوێن لەگەڵ زەمەندا لێک گرێ دراون، زەمەن ئێستایە، تەماشای چوار دەوری فەزای شانۆ بکە، هیچ دیکۆرێک نابینی جگە لەباگ راوندێکی رەش نەبێت، کە فەزای نمایش بە رەشی بنوێنێ لەبەر دوو هۆ:

یەکێییان بۆ ئەوەیە کە تۆ وەک بینەر لەوە بگەیت کە رەنگی رەش رەنگی زەمەنێکی تاریکە

دووهەمیان: فەزای رەش دەتوانێ بەرجەستەی رەنگەکانی تر بکات و ئاوێزانی هەر رەنگێکی تر بێت، بەتایبەت بۆ رووناکی سوورو شین و ئاوێتە بوونێکی هارمۆنی دروست بکات، بەتایبەت بۆ ئەو نمایشە کە تاریکی و رووناکی، دوو هێمای بنەڕەتی رەنگەکانن بۆ دوو رووی جیاوازو دوو فەلسەفەی دژ بەیەک.

بەڵام تاریکی لەم نمایشەدا زۆرینەی فەزاو پانتایی نمایشەکەی داگیر کردووە و لەئاستی سینۆگرافیاو ستاتیکای شانۆیی جوانتر کردووە بۆ بەرجەستەکردنی دیمەنەکان، ئەوەتا دەسپێکی نمایش

بەتاریکی دەست پێ دەکات و کۆتایی هاتنەکەشی بەتاریکی کۆتایی دێت.
لەبەر ئەوەی گومان ساراپای نمایشەکەی داپۆشییووە، هەمیشە پێویستیت بەتاریکی دەبێت، بۆ دەربڕینی حاڵەتەکانی ترس و کڵپە دەروونییەکان و سایکۆلۆژیەتی شوێن، لەهەمان کاتیشدا حالەتەکانی ئارام بوونەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی لەهەندێ دیمەندا ریتمی نواندن بەرز دەبێتەوە و کاراکتەرەکان دەگەنە پۆپەی نیگەرانی و ترس و توڕەبوون و پیاوەکەو ژنەکە بۆ خۆ رزگار کردن لەو حاڵەتە هیستیرییانە بەگەڕانەوە بۆ ئامێزی یەکتر ئەو ریتمە خاو دەکەنەوە و حاڵەتێکی رۆمانسی دروست دەکەن، دیسان دەرهێنەر پێویستی بەتاریکی دەبێتەوە .
دەرهێنەر بایەخێکی ئەوتۆی بەدیکۆر نەداوە، بەڵکو سەراپای فەزای شانۆی بەرەنگی رەش داپۆشیووە، تیشک و سێبەری بەکار هێناوە، وەک هێمایەک بۆ گۆشەگیر بوونی ئەو دووکەسە لەجیهانی دەرەوەدا، هەردوو ئەکتەر لەسەرەتاوە لەتاریکییەوە دێن .
**٣.ئەکتەر:**
ئەکتەر کرۆکی نمایشەکەیەو هەموو هیواکان بەتوانست و ئەدای ئەکتەرەوە بەندن، ئەگەر داینەمۆی نمایش کە ئەکتەرە هاوسەنگ نەبێت لەگەڵ ئەو چوارچیوە ستاتیکییەی بۆ ئەکتەر ئامادە کراوە، ئەوە هیچ لەئامرازەکانی دیکەی سینۆگرافیا ناتوانن ببن بەئەلتەرناتیلف بۆ ئەکتەر
دەرهێنەر بەدەستپێکێکی دروست دەستی پێکردووە کە سێ ئەکتەری بەتوانای دەست نیشانکردووە بۆ رۆڵی کاراکتەرەکان کەبریتین لە
**یوسف عوسمان ـ فرۆشیاری خانوو:**
ئەکتەرێکی خاوەن ئەزموونە، تەمەنی ئەو و ئەو توانایەی لەرووی نواندنەوە هەیەتی، هەمیشە بوونەتە یاریدەدەر بۆ هەڵبژاردنی

لەلایەن زۆر لەدەرهێنەرەکان بۆ بینینی رۆڵی کاراکتەرە بە تەمەنەکان، لەم بەرهەمەدا کە کەسی سێەمی نمایشەکەیە، رۆڵی ئەو پیاوە خاوەن خانووە دەبینێت، کە دەبێتە فاکتەری دروست کردنی گومان و دووبەرەکی نانەوە، بۆ روخاندنی خۆشەویستی لەنێوان ژن و مێردەکە سەرچاوەی ترس و مردنە، تەنانەت تا ئەمڕۆش لەگەڵ دابێت ئەو کاراکتەرە وەک ئەهریمەن بەدوای تێکدان و دروست کردنی گومان لەسەر رۆحی مرۆڤایەتی دا هەر ماوەو هەر دەمێنێ .

یوسف عوسمان ـ لە رووی تەمەنەوە جیاوازییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ ژنەکە بۆ ئەوەی هەوڵی دروست کردنی پەیوەندییەکی سۆزداری لەگەڵدا ببەستێت، بە حوکمی پارەو سەرو سامان کە زۆر جاران دەیوست بیکات بەکارتێک بۆ ئەوەی خۆشەویستیەکە لە کوڕەکە بستێنێتەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی، چونکە ئەو پێی وابوو پارە زۆر لە هاوکێشەکان دەگۆڕێت، چەند ئەوەندەی خۆشەویستی گەورە بێت، بەڵام رەنگە لە زۆر حاڵەتدا نەبێتە ئەلتەرناتیف بۆ دابین کردنی ژیانێکی ئارام و بەختەوەر، بۆیە بینەر وا هەستی دەکرد خەریکە بەنەرمی نواندنی ئەم گومانە ژنەکە ببێتە ئەمری واقیع، ئەگەرچی نەرمی نواندنەکەی ژنەکە زۆر لێکدانەوەی جیا جیای بۆ دەکرێت

**چاوان خەلیل:**

کە بەداینەمۆی بنەڕەتی نمایشەکە دەهاتە بەرچاو، بەئەداو نواندنی بوێرانەو داهێنەرانەی خۆی، هەمیشە ریتمی نمایشەکەی لەسەر شانی خۆی راگرتبوو، وەک ئەکتەرێک تێگەیشتوو لە کاراکتەرەکەی خۆی و رۆڵەکەی ئازادییەکی رەهای لەنواندندا بەخۆی بەخشیبوو، بۆ ئەوەی بینەر هەست بەهیچ گرێیەک نەکا لەبەرجستە کردنی نواندنەکەی و دیمەنەکان تێر کات لە ستاتیکاو سینۆگرافیای شانۆیی بەجەستەو ئیلقاو دەنگ، چێژێکی زۆری بەبینەر بەخشی، بە تایبەت لەو شوێنانەی کە راجفرین و ترس و

نیگەرانی لێ دەکەوتەوە، یا لەکاتی لەئامێز گرتن و ئاوێزان بوونە ڕۆحیەکان لەگەڵ دڵدارەکەی دا

بۆیە ئێمە هەمووومان چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد، کە خەڵاتی باشترین ئەکتەری ئافرەت بە چاوان ببەخشرێت، کە وا دەرنەچوو، ئەگەرچی خەڵاتی ڕاستەقینە لای بینەر بوو کە میدالی خۆشەویستی بەو ئەکتەرە داهێنەرە بەخشی کە شایەستەی زۆرتر بوو

دلشاد شەهاب:

ئەوبەرهەمە بۆ (دلشاد) دەرفەتێکی لەبار بوو، بۆ ئەوەی هەموو توانستێکی خۆی وەک ئەکتەر نیشان بدا، ئەگەرچی کارێکی سەخت بوو بۆ ئەو لەتەک ئەو توانستە فرە جەمسەرەی (چاوان) بتوانێت خۆی ڕابگرێت، بەڵام ئەو نەک هەرتوانی هاوسەنگییەکە ڕابگرێت، بەڵکو تایبەتمەندییەکی خۆی بەکاراکتەرەکەی بەخشی بوو، بەشدار بوونێکی دیاری کرد، لەچێژ وەرگرتن و تێر کردنی سینۆگرافیای نمایشەکە .

## گوێچکەکانم قسە دەکەن.. منیش دەیانخوێنمەوە



# گوێچکەکانم قسە دەکەن.. منیش دەیانخوێنمەوە

**تێکست ودەرهێنان: کارۆخ ئیبراهیم :**
**نواندن : گۆران سالّح**
**سێبەر ئیبراهیم**

ئەگەر بتەوێ بخزێیتە ناونمایشەکەی (کارۆخ ئیبراهیم) گوێچکەکانم قسە دەکـەن) کە لەچوارچیوەی فیستیڤاڵی نێو دەوڵـەتی شانۆ لەهەولێر، لـەدەرەوەی پێشبڕکێ ی فیستیڤاڵەکە نمایش کرا، ئەوە دەبێت لەدوو جەمسەرەوە بیخوێنیتەوە.

یەکێکییان روونکردنەوەو شیتەڵ کردنی فەلسەفەی نمایشەکە و کاراکتەرو باگ راوندەکانی، کەنیوەی پانتایی نمایشەکەیان گرتۆتەوە نیوەکەی تریشیان ئـامرازە هونەرییەکانی دەرهێنـەر، لـەرووی ستایلی دەرهێنان و ئەکتەرو سینۆگرافیا بەموزیک و دیکۆرو دەنگ و ئامرازەکانی دیکەیەوە، پرسیاری ئەوەش بکەین ئاخۆ دەرهێنەر چەند سەرکەوتوو بووە لەهاوسەنگ راگرتنی هەر دوو تەوەرو ئاوێتە بوونیان وەک دوو جەمسەری هارمۆنی بۆ راگرتنی بالانسی تمایشەکە،.

کارۆخ ئیبراهیم یەکێکە لەو دەرهێنەرانەی هەمیشە پشت بەخۆی دەبەستێت بۆ نووسینی تێکستەکانی، بۆ ئـەوەی ئامانجیەتی لەبەرجەستە کردنی ئەو وێنانەی لەخەیاڵی دایـە، تێکست نەبێتە بەربەست لەدروست کردن و گەیاندنی ئەو وێنانە، بـەڵام ئاخۆ کارۆخ ئەوەندەی لەرووی هونەری دەرهێنانەوە دەست رۆیشتووە، ئەوەندەش لەبواری نووسینی دەق دا سەرکەوتوو دەبێت ؟

ئەمە هەرگیز مەرج نیە، چونکە زۆرینەی شانۆکارانی دنیا لەبواری نووسیندا پشت بەدەقی نووسەرە شانۆکارەکان دەبەستن، تێڕوانینی خۆیان وەک نووسەری دووەم، لەسەر ئەو دەقانە بونیات دەنێن هەر یەکەو بە قەد پسپۆری خۆی لەبوارەکەدا.

ئەوەتا زۆر جاران نمایشی جوان هەبووە لـەرووی دەرهێنانەوە، بەڵام لەبەر دەست کورتی دەرهێنەر لەنووسینی تێکست دا، بوونەتە هۆکار بۆ روخاندنی نمایش بە تێکڕایی، من بەقەد ئەو بەدواداچوونەی لەگەڵ کارۆخ و شانۆگەریەکانی هەم بووە، هەستم بەبۆشاییەک کردووە لەو بوارەداو هەمیشە گەیشتوومەتە ئەو بڕوایە کە کارۆخ خۆی تێکستەکانی خۆی نەنووسێ و بەدوای ئەو تێکستانەدا بگەڕێت،

که بۆی هەیە نمایش تێر بکەن لەپێکهاتەکانی خۆیاندا.
ئەو لەو بەرهەمەشدا، کێشەی تێکستی هەیە و لەدەوری ئامانج و فەلسەفەیەکدا خول دەخواتەوە، تێیدا رووبەرووی حاڵەتێکی ئاڵۆزی ئەوتۆ دەبێتەوە، کە نەتوانێ ئامانجەکانی خۆی وەک پێویست بپێکێنێ.
کۆمەڵێ بابەتی گەورەی تێکەڵ یەکتر کردووە، بۆ ئەوەی دەقەکەی پێ پڕ کات، کەچی چەند ئەوەندەی هەوڵی پڕکردنی دەقەکەی داوە، ئەوەندە لەبەهای سەرەکی ئامانج و فەلسەفەی دەقەکەی کەمتر کردۆتەوە .
ئەو هەوڵی ئەوە دەدات لە(گوێچکەکانم قسە دەکەن) فەلسەفەی نمایشەکەی پەیوەست کات بە رابووردووە تاڵەکانی نەتەوەکەی، بەهەموو ئەو روداوو کارەساتانەی بەسەریدا تێپەڕیون، تادەگاتە روداوە نوێ کانی سەردەم، لەتراژیدیا پڕ لەمەرگەساتەکانی داعشەوە، تا دەگاتە رۆژە رەشەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، بەڵام هەموو ئەو پەرتەوازەییە لەبابەتدا لەسەر حیسابی سەرلێ شێوانی بینەر و ماندوو کردنی بووە لە تێگەیشتنی فەلسەفەی نمایشەکەی .
دەرهێنەر سەرچاوەی هەموو ئەو رووداوانە دەگەڕێنێتەوە بۆ دێر زەمانێکی دووری باوکو باپیرانی و نەفرەت لەو کولتوورە دەکات، کە ئەوان و نەوەکانی دوای ئەوانیش فرچکییان پێوە گرتووەو پشتاو پشت وەک کولتوورێک بۆ نەوەکانی دوای خۆیانیان بەجێ هێشتووە.
بۆیە هەر سەندوقێک لەو مێژووە بەجێ ماوە دەکەیتەوە، کتێبێک، بەردێک، ژەهرێکی تێدایە، پڕیەتی لەنهێنی و هەر یەک لەوان دەلالەتی تایبەتی خۆیان بەخۆیانەوە هەڵدەگرن، لەوانەش ئەو دوانزە کتێبەی ی باوکی کەهەریەک لەو کتێبانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمێک و باس لەمەرگە ساتێک، لەمەرگە ساتەکانی مێژووی ئەو نەتەوەیە دەکەن.
تەماشای دیکۆرو تەختە رەشەکەی شانۆ بکە، کەسەراپای رەنگێکی رەش قەترانیەو گوزارشت لە زەمەنێکی پڕ لەرەشبینی و نیگەرانی و ماتەمینی دەکەن، کە سەراپای شانۆی تەنیووە، ئەوە ئەو زەمەنە رەشەیە کە کاراکتەرەکانی تێیدا دەژین.

ئەو تابلۆ گەورە پڕ لەسەندوقانە ببینە، کە هەر سەندوقەو ببینە، کە بەدەیان لەمبەرو ئەو بەر بەدوو گویَ ی لای راست و لای چەپی شانۆدا نەخشیێندراوە، ئەوانی تر سکێچی سەرچاوەکانی دەنگن کە سەرچاوەی ژاوە ژاوو هاوارو دەنگە خنکێندراوەکانن.

کەشانۆ دەکرێتەوە راستەوخۆ دوو کاراکتەری سەرەکی لەسەر شانۆدا دەبیندرێن، ژنێک و مێردێک (سێبەر ئیبراهیم - گۆران سالْح) پیاوەکە کەسێکی گەنج لەرواڵەتدا، بەڵام ئایین پەروەرو، خوێندەوار لەناوەرۆکدا، پابەند بەعەقلیەت و بیرو باوەڕی کۆنی باوکو باپیرانی. ئەو هەمیشە بۆ گەڕانەوە بۆ کێشەکانی، پشت بەو کتێب و سەرچاوەو کەرەستانە دەبەستێت کە بەنهێنی لای پارێزراوە و بە بەردەوامی لە گەڵیاندا دەژیت ..

هەر یەک لەو دوو کاراکتەرە، چەندین کاراکتەریان لەناو دایە.

ژنەکە: لەیەکەمیاندا کەنیزایەکی داعشەکانە و وەک هەر کەرەستەیەکی بازاڕی سەودای پێکراوە، لەو پیاو بۆ ئەو پیاو، لەهەر یەکێکییان چەندین لەو منالانەی ناوەتەوە، کە لەسەندوقەکەدا گەلاڵە کراون و ناوە ناوە بەپانتایی شانۆکە هەڵیان دەڕێژێ .

کاراکتەری دووهەمییان گولیشانە کە ژنی (سعودە) ئەو هێما نەتەوەییەیە کە لەگۆڕەپانی شەڕدا بەتەنیا دەکوژرێ، هێمایەکە بۆ قوربانی دان لەپێناو بیرو باوەڕ.

سێیەمییان (کەڤێ) ئەو ژنەی ئێستایە لەگەڵ سەیواندا کە هەمیشە دەستییان لەهەوکی یەکتر ناوەو لەململانێیەکی بەردەوامدا دەژین، ئەو لەئەنجامی ئەو کارەساتانەی لەنێو داعشدا بە سەری هاتوون، دووچاری نەخۆشییەکی دەروونی (شیزۆفرینیا) بووەو دووچاری لەبیرچوونەوە هاتووە، بەهۆی حەبێکەوە خۆی لەو کێشەی لەبیر چوونەوە دەپارێزێ وەک دەرمانێکی هێور کەرەوەی کاتی، هەر کاتێ ئەو حەبە نەخوات تووشی هەمان کێشەی لەبیرچوونەوە دەبیت، بۆیە هەمیشە مێردەکەی ئاگاداری دەکاتەوە حەبەکە بخوات و بەئاگا بێت لەوەی روودەدات .

لەناو گێژاوی ئەو وەهمەدا، کاتێ دەست بەسەر منداڵە بێ باوکە نادیارەکاندا دێنی، گلەیی ئەوە لەمێردەکەی دەکات بۆچی نازی ئەو منداڵانە ناکێشێ و بایەخییان پێ نادا، لای مناڵەکانیش گلەیی لەبێ بەزەیی باوکییان دەکات .
ئەو هەمیشە لەگومانی نهێنیە شاراوەکانی مێردەکە دا دەژیت، بۆیە گلەیی ئەوە لەمێردەکەی دەکا بۆچی نهێنییەکانی لێ شاردۆتەوە، لەو دەلاقانەدا چی حەشار داوە؟ تا رۆژێکییان خۆی بۆ خۆ رزگار کردن لە تەلیسمی ئەو سەندوقانە، هەموو سەندو قەکان هەڵدەڕێژێ، تەنانەت ئەو ژەهرەش کە هێمای دەیان دەردی کۆمەڵایەتیە لەناو ئەو سەندوقانەی باوکو باپیری مێردەکەی دەردێنێ و لەشێوەی هەڵمێکی چڕ پەخشی سەر شانۆوە سەر بینەرانی دەکاو تەنانەت سەر روخساری مێردەکەشی، تا بەو ژەهرە دەیکوژێ و تۆڵە لەهەموو پیاوە داعش ئاساکان دەکاتەوە، کە دەیانەوێ ئافرەت بکەن بەکۆیلەو هەتکی بکەن، بەشێکیش پەخشی سەر ئەو بینەرانە دەکا کەنموونەی کۆمەڵگایەکن بەشێک لەگوناهەکانیان بەردەکەوێت .
پیاوەکەش (سەیوان) بەهەمان شێوە دابەش کراوە بۆچەند کاراکتەرێک، هەر کاراکتەرێک روویەکی جیاواز لەیەکتری پیاوە، هەر کاراکتەرێک لەو پیاوانە چیرۆکێکی هەیە، لەوانە:
ئەوەتا کاتێ یەکێ لەچەفیە رەشەکانی ژنەکەی لەسەر دەنێ، دەبێتە پیاوێکی داعش و باوکی کۆمەڵێ لەو مناڵانەی باوکییان ناناسرێتەوە بە هۆی زۆری ژمارەی ئەو پیاوانەی سەودایان بەژنەکان کردووە.
کاراکتەری دووەم: سەیوانی مێردی کەڤێ یە، ئەو پیاوەی کە هەمیشە داوا لە ژنەکەی دە کات، خۆی بناسێتەوە، ئەو هەمیشە بەئاگای دێنتەوە کە دەبێت خۆی بناسێتەوە ئاگای لەوە بێت کە ئەو کەڤێ نیە، بەڵکو کەسێکی ترە، بۆیە دەڵێت: دەبێت تۆ من هەموومان خۆمان بناسینەوە، چونکە هەموومان ون بووین، کەسمان ئەوی تر وەک خۆی ناناسێتەوە.
لەناو تێکەڵ کردنی هەموو ئەو رووداوانە، فەلسەفەی نمایشەکە

کەوتۆتە ئەتمۆسفیرێکی پڕ لەتەمومژ، بەشێوەیەک بینەر نەتوانێت خوێندنەوەیەکی روون بۆ فەلسەفەی نمایشەکە بکات، دەرهێنەریش هەموو شتێکی بۆ بینەر بەجێ هێشتووە، کە ئـازاد بێت لەهەر خوێندنەوەیەک هەستی پێ دەکات.

پێی وایە ئەو فەلسەفەیە راستە کە بینەر هەستی پێ دەکات، بێ ئـەوەی دەرهێنەر سـوور بێت لەسەر هەلبژاردنی ئـەوەی خۆی دەیەوێت .

**دەرهێنان:**

ستایلی کـارۆخ ئیبراهیم تا راددەیـەک لای بینەر ئاشکرایە، چەند ئەوەندەی کاری دەرهێنانی لەشانۆگەریەک بۆ ئەوی تریان بگۆڕێت، هەمیشەو لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا پشت بەسینۆگرافیا دەبەستێت، سینۆگرافیا لـە رووی ئـەکتـەرو تەکنیک و دیـکـۆرو مـوزیـک و جوانکارییەکانی دیکەی شانۆ..

یان هەموو ئامرازە تەکنیکیەکان بەکار دێنێ بۆ گەشکردنەوەی چاو بۆ ئەوەی بینەر بکەوێتە ژێر کاریگەری بینینی ستاتیکای شانۆ، بەتایبەت بەجەستەی ئەکتەرو رەنگ و دیکۆرو تەکنیک و جلو بەرگ و هەموو ئامرازەکانی دیکەی پەیوەست بە بینین، بۆ ئەوەی چاو تێرکات لە جوانی، چاوێک کە یەکێکە لەسەرچاوە سـەرەکییەکانی ئیحساس و چێژ وەرگرتن .

دووهەمییان موزیک: دەرهێنەر پشت بەستنێکی سەرەکی بە موزیکەو هەمیشە لەهەوڵی ئەوە داوبوە پشت بەکەسانی پرۆفیشنال لەبارەی موزیکی شانۆیی ببەستییێت، وەک لەو نمایشەی دوایی دا هەستی پێ دەکرێت.

نزیکترین سەرچاوەی دەروونی بۆ کارتێکردنی راستەوخۆ بۆ سەر هەستی بینەرو زاخاو دانەوەو راچڵەکینی موزیکە کە بەشێوەیەکی ئەندازەیی لەسەر هەمان ریتمی بزووتنەوەی ئەکتەر لەسەر شانۆدا دەڕوات و دەتوانێت ئەو بزووتنەوانە لەچوارچیوەی ریتمێکی بەهێز بەرجەستە بکات و جوانیەک بە نمایش ببەخشێت.

لەهەمان کاتیشدا کارلێکێکی دەروونی بۆ بینەریش دروست دەکات بۆ وەرگرتنی نمایش وەک پێویست.
بۆیە دەکرێت بڵێین کرۆکی سینۆگرافیای ئەمجارەی کارۆخ لەو نمایشەدا موزیک بوو.
**رووناکی:**
لەهەموو نمایشەکاندا دەرهێنەر شوێنی تایبەتی بۆ رووناکی تەرخان دەکات لەستایلی کارکردنیدا، چونکە بەلای ئەوەوە رووناکی فاکتەری هەرە سەرەکی جوانکارییەکانی شانۆو بەرجەستە کردنی حاڵەتە دەروونییەکانی ئەکتەرە لەناوەوە.
بۆیە رووناکی هەرگیز نەبۆتە هونەرێکی تەقلیدی لای کارۆخ ئەوەندەی بۆتە سەرچاوە بۆ بەزیندووراگرتنی شانۆو بەرجەستە کردنی ئامانجەکان.
بەڵام لەو نمایشەدا ئەگەرچی توانستێکی زۆری رووناکی بەکار هێندراوە، بەڵام هاوسەنگی رووناکی تێک چووەو زێدە رۆییەکی زۆر لەرووناکیدا کراوە، کە وای کردووە لەنرخ وبەهای رووناکی کەم بێتەوە، خۆ رووناکیش وەک هەر کەرەستەیەکی شانۆیی ئەگەر وەک پێویست بەرجەستە نەکرا، ئەوە روخساری نمایش دەشێوێنێ و دەبێتە پەڵەیک بەرووی ستاتیکای شانۆیی دا.
تەکنیک:
لەبەر ئەوەی فۆرم هەمیشە لەشانۆگەرییەکانی کارۆخ جێگەی بایەخ پێدانە، هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە تەکنیک بکاتە کرۆکی فۆرم، بەتایبەت لەتەکنیکی دیکۆردا، کە پێی وایە دیکۆر نابێت ببێتە پێکهاتەیەکی چەسپاوو مردوو، بەڵکو دەبێت ببێتە پارچەیەکی زیندوو لەجەستەی شانۆدا.
دیکۆر لەو بەرهەمەدا پێکهاتەیەکە بە بەردەوامی لەگۆڕان دایەو بۆ هەر دیمەنێک بەشێوەیەکی ئۆماتیکی دیکۆر دەگۆڕێت، بەو شێوەیەی وەک باگراوند ببێتە تەواو کەری وێنە، وەک دیکۆری منارەو مزگەوتەکە لەکاتی نوێژ کردن و دیکۆری سک پڕ بوونی ژنە

داعشەکان لەکاتی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ژنەکە لەژێر دەستی داعشەکاندا، دیکۆری ئاوارەکان و چەند وێنەیەکی تری ئەو دیکۆرانە، کە لەگەڵ روداوەکاندا دروست بێت و ون بێت.
بەڵام کە مادام دەرهێنەر بەتەکنیک دەسەڵاتی تۆماتیکی گۆڕینی دیکۆری هەیە، نەدەبوا قەوارەی سەندوقەکان فۆرمێکی تەقلیدی وەربگرێت و بەو زەخامەتیە دەرکەوێت کە سەرتاسەری شانۆکە داگیر بکات، وێڕای ئەوەی مادام سەندوقەکان دەگەڕانەوە بۆ سەردەمی پێشووی کاراکتەرەکان، ئەگەر سیماییێکی کلاسیکی هەبوایە گونجاو تر دەردەکەوت .
جگە لەدیکۆری بگۆڕ، دەرهێنەر تەکنیکێکی جوانی بۆ دروست کردنی هەڵم دروست کردووە کە لە کۆتایی نمایشەکەدا بەدەستی کاراکتەرە ژنەکە پەخش دەکرێت و تێکەڵ بەموزیک و ریتمێکی تراژیدی دەبێت و لەسەر شانۆو لەناو هۆڵەکەدا بڵاو دەبێتەوە

**سەما:**

سەما دەکەوێتە چوارچیوەی سینۆگرافیای شانۆیی و ئاوێزانی موزیک و ریتمێکی بڵنتر لە ریتمی گشتی شانۆ دەبێت، بزووتنەوەی ئەکتەرو رەنگ وروونـاکی و موزیک هارمۆنیایەک لەستاتیکای شانۆیی دروست دەکەن کە تێیدا دەرهێنەر کۆمەڵێ ئامانجی گرنگ بەدەست بێنێت لەوانە:

١.دەرهێنەر ئەتمۆسفیرێکی سیحراوی لەسەر شانۆدا دروست دەکات کە هەم جوانییەک بە تەکنیکی نمایش ببەخشێت، هەم پشوویەک بە بینەر بدا، بۆ زاخاو دانەوەی مێشک .

٢.ریتمی شانۆ بەشێوەیەک بەرز دەکاتەوە، کە بینەر تێیدا هەست بەزیندوو بوونەوەی بەردەوامی نمایش بکات.

٣.سەما ـ بەهێترین کەرەستەیەکی درامیە بۆ بەرجەستە کردنی روداوەکان، بۆیە دەبێتە پارچەیەکی هەرە زیندوو لەنواندن بەڵام بەریتمێکی جیاواز.

کارۆخ ئیبراهیم ـ لەزۆرینەی ئەوسەمایانەی لەشانۆگەرییەکانی

خۆیدا بەرجەستەیان دەکات، دەف و رووناکی وئەدای ئەکتەر تێکەڵ بەیەکتر دەکات، بۆ ئەوەی بەو سێ توخمە بتوانێت وروژاندن لای بینەر دروست بکات، بەڵام ئاستی سەرکەوتن یاسەرنەکەوتنی دەکەوێتە سەر جۆری راهێنانی دەرهێنەرو توانستی ئەکتەر بۆ سەما. لەچوارچێوەی ئەو بایەخ پێدانەی دەرهێنەر بۆ سەما، ئەگەر بتەوێت جیاوازی لەنێوان سەمای شانۆگەری (کچی شەرەفەدین) لەگەڵ سەمای نمایشی (گوێچکەکانم قسە دەکەن) بکەیت، ئەوە هەست دەکەیت، کاریگەرییەکانی سەمای ( ئیلاف ئیبراهیم) لەکچی شەرەفەدین تا ئێستاش لە مێشکی بینەردا کاڵ نەبۆتەوە، لەگەڵ سەماکەی ( سێبەر) بەراوردییان پێ ناکرێت، بەڵام دیسان هەر لەکۆتاییدا هەمیشە سەما لای کارۆخ فاکتەرێکی گرنگی چێژە وەک لەدوا نمایشدا دەرکەوت .

**نواندن:**

دەرهێنەر بۆ شانۆگەری ئەمجارەی تەنیا دوو ئەکتەری خستۆتە سەر شانۆ (سێبەر ئیبراهیم و گۆران ساڵح ) کە هەروکییان دوو ئەکتەری تازە پێگەیشتوون لەشانۆدا.

سێبەر ـ دەرچووی ئەکادیمیاییکی شانۆیی نیە و شانۆی نەخوێندووە، بەڵام گۆران ـ ئەگەرچی لەبواری گۆرانی گوتندا ناسراوە، بەڵام دەرچووی شانۆیە .

بێگومان دەرهێنەر لەگەڵ دوو ئەکتەری تازە پێگەیشتوو، ماندوو تر دەبێت لەئەکتەرێکی خاوەن ئەزموون و ئەکادیمی، بەڵام ئەوەشییان دەمێنێتەوە سەر دەسەڵاتی دەرهێنەر لەدروستکردنی ئەکتەرو راهێنانی، هەروەها بڕی توانستی جەستەیی ئەکتەرەکە لەرووی ئەداو ئیلقاو و دەنگ .

ئەگەر هەموو ئەو باگ راوندانە لەبەرچاو نەگرین و تەنیا قسە لەسەر ئەو نواندنە بکەین کە هەردوو ئەکتەر لەسەر شانۆدا نیشانیان داین، ئەوە بەروونی ئەو راستیە دەردەکەوێت کە سێبەر ـ وەک پاڵەوانی یەکەمی شانۆگەریەکە دەردەکەوت ئینجا گۆران، بۆیە زۆر جار

بینەر هەستی بەوە دەکرد کە سێبەر بەسەر گۆڕاندا زاڵە لەنواندندا .
هەمیشە لەکاتی نمایشەکەدا پرسیاری ئەوەم لا دروست دەبوو، هۆکار چیە دەرهێنەر لەنێو دەیان ئەکتەری پسپۆڕو خاوەن ئەزموون، پەنا بۆ ئەکتەرێکی بێ ئەزموون ببا، ئایا ئەوە مەترسی نیە بۆ ئەوەی ئەکتەرێکی سەرەکی لەشانۆگەریەکدا ئەگەر لەئەزموونەکە سەر نەکەوت، ببێتە هۆکار بۆ روخانی شانۆگەریەک و فەشەل پێ هێنانی دەرهێنەرێک لە دوا ئەزموونی دا ؟
من و زۆرێک لەبینەران لەگەڵ خۆیاندا لەنیگەرانی دابووین، لەسەرکەوتن یا روخانی نمایشەکە بە هۆی ئەکتەرەوە.
خۆ ناهەق نین چونکە چەند ئەوەندەی تۆ پشت بەسینۆگرافیاو کەرەستەکانی دیکەی فۆرم بکەیت بۆ جوانکردنی شانۆ، ئەوە نابێتە ئەلتەرناتیف بۆ ئەکتەر کە رۆحی راستەقینەی نمایشە لەسەر شانۆدا.
بەڵام ئاخۆ تاچەند دەرهێنەر توانی هاوسەنگی (ئەکتەر) لەگەڵ (سینۆگرافیا) رابگرێت؟
رەنگە وەڵامی ئەو پرسیارە لەنێوان هەر یەکێک لەئێمە جیاوازی هەبێت لەگەڵ ئەوی ترماندا، بەڵام من پێم وایە ئەوەندەی کارۆخ بەسینۆگرافیاوە سەر قاڵ بووە (ئەگەرچی کۆمەڵێ برادەری دەست رەنگین کاری سینۆگرافیایان هەڵسوڕاندبوو) دەرهێنەر بە قەد سینۆگرافیا ئەو بایەخەی بە ئەکتەر نەداوە، خۆ ئەگەرچی ئامرازەکانی سینۆگرافیا هەمیشە ئامرازی هەڵخەڵەتێنەرن بۆ چاوی بینەر.
جوانترین سینۆگرافیا لەشانۆدا سینۆگرافیای جەستەی ئەکتەرو ئەدای ئەکتەرە، کەپەیوەستی راستەقینەی بەرۆحی بینەرەوە هەیە نەک چاوی.
ئەکتەر دەتوانێت بێ سینۆگرافیاش ئەو بۆشاییەت بۆ پڕ کاتەوە و بەرهەمێک پێشکەش بە بینەر بکات بەپەرۆشەوە لەئامێزی بگرێت، چونکە سینۆگرافیا بەگشتی ئامرازێکە بۆ خزمەتی ئەکتەرو نمایش، هەرگیز ناکرێت ئەکتەر بکەیتە ئامراز بۆ تێر کردنی سینۆگرافیا .
بەڵام باشترین حاڵەتی بژاردە لەو نێوانەدا ئەوەیە کە دەرهێنەر

هاوسەنگییە هونەرییەکان وەک یەک رابگرێت و بایەخی سەرەکی بەتوخمە بنەڕەتیەکان وەک ئەکتەرو تێکست بێت ( وەک پەیکەری بونیاتی شانۆیی) ئینجا توخمە لاوەکییەکانی دیکەی جوان کردن و کارتێکردن و وروژاندن و چێژ وەرگرتن .
لەو پێودانگەشەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواوە و شانۆگەری ( کچی شەرەفەدین ) بەبیر خۆمان بێنینەوە، ئەوە هەست بەجیاوازی ئەوە دەکەیت کە ئەکتەر لەوێ داینەمۆی نمایش بوو، ئینجا سینۆگرافیا، بەڵام لەو نمایشەی ( گوێچکەکانم قسە دەکەن) بەپێچەوانەی هاوکێشەکەی ترە.
بۆیە بینەر هەست بەوە دەکات کە کارۆخ نەیتوانیووە لەکچی شەرەفەدین تێپەڕێنێ، یا شتێ پێشکەش بکات لەئاستی ئەو دابێت لەهەموو رووەکانەوە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵانەی لەبەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا .
ئەگەر وەک ئەکتەرێکی تازە پێگەیشتووی کەم ئەزموون تەماشای (سێبەر ئیبراهیم ) بکەیت، ئەوە ناتوانین نکوڵی لەوەدا بکەین کە لەئاست ئەو تەمەنە کورتەی لەشانۆدا هەیەتی، توانی بەرگەی ئەو ئەرکە قورسە بگرێت و بەبوێرییەوە رۆڵەکەی خۆی راپەڕێنێ، بەڵام هەست بە جیاوازییەکی ئەوتۆ ناکەین لەرووی بەرجەستە کردنی ئەو چەند کاراکتەرانەی کە ئەو دەبوا بۆ هەر یەک لەوان جیاوازییەک لە فۆرمی نواندن دروست کات لەگەڵ ئەوی تریاندا، بەڵکو هەر سێ کاراکتەر لەیەک دەچوون ...
گۆران ساڵح: خۆی لەئەزموونێکی سەخت داوە، رەنگە ئەو ئەزموونە نە بۆخۆی نەبۆ بەرهەمەکەی کارۆخ ئیبراهیم جێگەی متمانە نەبووەو جۆرێک لەسەرکێشی تێدا بووە، چونکە ئەوە هەقیقەتێکە کەگۆران ناتوانێت ببێت بەئەکتەر.

# تاریکتر لە شەوە زەنگ و
# خوێندنەوەیەک لە مانگەشەودا



## تاریکتر لە شەوە زەنگ و
## خوێندنەوەیەک لە مانگەشەودا

**تێکست : دلشاد مستەفا**
**دەرهێنانی: ئەرسەلان دەروێش**
**نواندنی:  بەهمەن حاجی، ڕۆزانە فەرهاد، پشکۆ شێخ عەلی**

نمایشی(تاریکتر لەشەوەزەنگ)ی دەرهێنەر (ئەرسەلان دەروێش) م بینی، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێرو شانۆی سالار بەبەرهەم هاتبوو، لەکەشو هەوایەکی باراناوی دا،لەهۆڵی بەڕێوەبەرایەتی شانۆ نمایش کرا.
دلشاد مستەفا ـ ی نووسەر کاتێ ئەو تێکستەی خۆی ناو ناوە ( تاریکتر لەشەوە زەنگ) ویستویەتی بەکورتە رستەیەک پێت بڵێت، تۆ لەناو تێکستەکە کاراکتەرێکی رووداوەکانی و پارچەیەکی زیندووی لەجەستەی ئەو کۆمەڵگایەی مێژووییەکی دوورو درێژە لەتاریکیەکی نائاساییدا دەژیت.
لەهەر گۆشە نیگایەکەوە، ئاوڕ لەرابووردووی خۆت و کۆمەڵگاکەت بدەیتەوە، یاخود چەند ئەوەندەش لەئێستای خۆت بڕوانیت و بتەوێت تروسکاییەکی دوورو نزیک لەو رابووردووەو لەئێستای خۆتا بدۆزیتەوە، بۆ هەناسەدان و خۆ بەدەستەوە نەدان، ئەوە بەهێمنی لەنێو گەرووی تارکییەکاندا نقوم دەبیت و ئەگەر زۆر ورە بەرز نەبیت، لەناو شەوە زەنگی ئەو تاریکیەیدا ون دەبیت و هەموو شتێ لەدەست دەدەیت، بۆیە (پەری) دەڵێت: ئەو تاریکییە چیە خودایە!
نووسەر دوور لەهیچ تەم و مژێک، بەزمانێکی سادەو تێڕوانینێکی رەوان و هێڵێکی درامــی سەقامگیر، لـەگـوتـارو فەلسەفەی نمایشەکەی خۆیدا دەیەوێت پێت بڵێت: ئاگات لەخۆت بێت من، تۆ، باوکمان، باپیرانمان، هەر هەمووشمان، پارچەیەکین لەمەینەتیەکانی ئەو کۆمەڵگا ستەم دیدەیە، کە هیواکانی لەسەرابێکی بێ سنوور دەچێت، سەرابێک کە لەقوڵایی مێژووییەکی دوورو درێـژەوە سەری هەڵداوە و تا ئێستاشی لەگەڵ دابیت، هەر بەردەوامە.
بۆیە ململانێ هزری و فەلسەفیەکان لەنێوان نەوە کۆن و نوێکاندا لەسەر چارەنووس و ئایندە گەرمە، لەنێوان خۆبە دەستەوەدان و بێ ئومێدی و لەنێوان خۆ گری و بەردەوام بوون و بڕوا بە خۆ بوون، نەوەیەکی نوێ یاخییە لەوەی تێیدا دەژیت و دەیبینی،

نـەوەی کۆن لـەوەی قوربانی دان لەپێناو ئـازادی و مانەوەدا، بەنەریتێکی بۆ ماوەیی گەلە غەدر لێکراوەکان دەزانێ .
ئەوەتا لەئاکامدا کوڕەکە بە(خان) ی نەوەی کۆن دەڵێت:
هێشتا تۆ کەمت لەبەد فەڕییەکان بینیووە، ئەوە بزانە کە ئەم سەردەمە، سەردەمی یەک ڕەنگی و یەک دەنگی نیە ( مەبەستی لەو لێک ترازانەی نێوماڵی کوردە) سەردەم سەردەمی جیاوازییە، سەردەمی ئەوەیە لەکەس نەچیت ..
بـەڵام (خـان) بەسووڕ بـوون لەسەر ئەو بیرو بـاوەڕەی هەڵی گرتووە دەڵێ:
هەرکات ڕۆحی شۆڕشگێڕی لەئینساندا مرد، ئیتر خۆشی دەمرێ.
کوردی ئەسیل دەبێت وابێت، هیچ دۆخێک تووشی نشوستی نەکات، لەوپەڕی بێ ئەمەلیدا چاوی لەتروسکاییەک بێت ..
ئەوەتا لەئاکامدا (خان) بڕوا بەکوڕەکە دێنێت کە سڕ بێتەوەو وەختێکی تر هەڵبژێرێ بۆ ژیانەوە، ئەمەش بەو مانایەی کە سڕ بوون حاڵەتێکی کاتیەو هاکا پێویستی سڕ بوون نەما، سەر لەنوێ دەگەڕێنەوە ژیانێکی تر لەزەمەنێکی تردا.
لەکۆتاییدا (خان) بەدەم زام و برینی شەڕی ناوخۆییەکانەوە دەچێتە ژێر باڵی کوڕەکەو بـەرەو یەک ئاراستەو (بەیەکەوە)، کەئامانج تێیدا هەموو نەوەکان بەهەموو زام و برین و ئازارو مەینەتیەکانیانەوە یـەک ڕێگا هەڵدەبژێرن و دەگەڕێنەوە نێو تابلۆکە، بەو ئومێدەی دوای زەمەنی سڕبوون، بۆ جارێکی دیکە بگەڕێنەوە و سەرەتاییێکی دیکە بۆ گەیشتن بەئامانجەکان دەست پێ بکەنەوە.
ئەمە کورتەی ئایدیاو فەلسەفەی نمایشەکەیە، کە ئێمە لیرەوە بەدواداچوونێکی بۆ دەکەین و لە ناونیشانەوە دەست پێ دەکەین .
**ناونیشان:**
ناونیشان سەختترین کاری نووسینی تێکستە، چونکە تێکڕای فەلسەفەو ئامانجی نووسەر لەوێدا کۆ دەبنەوە، زۆر جاری وا هەیە

ناونیشانێکی سەقەت بەرهەمێک لەبار دەچوێنێ، یان بەرهەمێکی کرچوکاڵ بەناونیشانێکی جوانەوە دەبێتە مایەی فریودانی بینەرو راکێشانیان بەرەو هۆڵەکانی شانۆ.

**من لەتێکستی ( تاریکتر لە شەوە زەنگ ) دا هەستم بەدوو خاڵی گرنگ کرد:**

**یەکەمیان:**

ناونیشانەکە نەکەوتۆتە قالبێکی درامی سەرنج راکێش، کە پرسیارێکی زەهنی لای بینەر دروست بکات، بەشێوەیەک هۆگری بینینی ناوەرۆکی ناونیشانەکە بێت، چونکە زۆر جاران ناونیشانی تێکست،س روشی ئەوەت پێ دەبەخشێت کە ناونیشان وەک کردنەوەی دەرگای نهێنییەکان، بەداخراوەیی بەجێدێڵێ و بینەر تامەزرۆی کردنەوەی کرۆکی فەلسەفەی نمایشەکە بێت.

لەنمایشی (تاریکتر لە شەوە زەنگ) نەوێنەیەکی درامیت لەمێشکدا بۆ دروست دەبێت، نە نهێنیەک بۆ بینەر بەجێ دێڵێ تامەزرۆی گەڕانی بێت، بەپێچەوانەوە رەنگە سەرپۆش لەسەر تەواوی فەلسەفەی نمایشکە هەڵداتەوە، وەک ئاشکرابوونی پرسیاری تاقیکردنەوەکان .

**دووهەمییان:**

ناونیشانی (تاریکتر لەشەوە زەنگ ) ناونیشانێکی رەهایە، کە بواری بۆ هیچ ئەگەرێکی دیکە بەجێ نەهێشتووە بۆ ئەوەی حاڵەتەکە لەنێوان (گەش بینی و رەشبینی دا ـ لە نێوان ئەرێنی و نەرێنی، تاریکی و رووناکیدا) بکەینە حاڵەتێکی (رێژەیی) کەچی بەلۆژیک حاڵەتەکە حاڵەتێکی ریژەییە، وەک لەناوەرۆکی تێکستەکەشدا وا هاتووە، حاڵەتەکە بۆچوون و تێڕوانینی جیاواز لەیەکتر هەڵدەگرێ و نەبۆتە حاڵەتێکی گشتی.

**کاراکتەرەکان :**

نووسەر بۆ بەرجەستە کردنی ئەو تراژیدیاو مەرگەساتانەی لەتێکستەکەدا ئاماژەی پێکراوە، چڕ بوونەوەیەکی لەکاراکتەرەکاندا

کردووە و تێیدا چەند نەوەیەکی ئاوێزانی یەکتر کردووە، لە نەوەی کۆن و نەوەی نوێ دا لەوانە :

**پەری:**

کچە نیگارکێشێکی نەوەی نوێیە، وێڕای ئەوەی هونەرمەندێکی نیگارکێشە، لەهەمان کاتیشدا کەسێکی بەئاگاو هوشیارەو کتێب دەخوێنێتەوە، بەدەم جگەرەو شەراب خوارنەوەشەوە نیگار دەکێشێ، بەڵام پێ دەچێت ئەزموونێکی تاڵی هەبێت لەگەڵ پیاودا بۆیە متمانەی بە پیاو نەماوە، ترس و نیگەرانیەکی لە گەڵ دایە .. ئەو پرۆژەیەکی نیگار کێشانی بەدەستەوەیە بۆ مەینەتیەکانی کورد، چەند تابلۆیەک بکێشێ و دواتر لە پاریس بەشداری پیشانگایەکییان پێ بکات، دەکەوێتە خەیاڵێکی چڕ، نازانێت لە کوێوە دەست بە تابلۆ کێشانی ئەو مەینەتیانە بکات و لەکوێ کۆتاییان پێ بێنێت، بۆیە هەر لەناو ئەو خەیاڵانەدا کاراکتەرەکانی ناو تابلۆکە زیندوو دەبنەوەو لەناو تابلۆکە دێنە دەرەوە بۆ ئەوەی خۆیان نمایش بکەن و باسی ئازارەکانی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی شوێنێک لە جوگرافیای نێو تابلۆکەدا داگیر بکەن و مەینەتی و نەهامەتیەکانیان بگاتە پێش چاوی گەلانی دنیا .

**خانی لەپ زێڕین:**

کاراکتەری سەرەکییەو ئەو پیاوە قارەمانەی قەڵای دمدمە، کە لەسەر ململانێی نێوان ئەمیری برادۆست و شا عەباس دا، سەرەڕای قوربانی دانی بێ شوماری کوردو خۆ راگری بەرامبەر بە لەشکرێکی زەبەللاحی شا عەباس خۆ راگر بوو، بەڵام لە ئەنجامی خیانەت و گرتنەوەی سەرچاوەی ئاوی قەڵا داگیر کرا.

خانی لەپ زێڕین لەو نمایشەدا دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی شوێنی خۆی لەو تابلۆیەدا بکاتەوە کە مەینەتیەکانی کورد بەرجەستە دەکات، لەنمایشەکەدا نوێنەرایەتی نەوەی کۆن دەکات و دەبێتە هێمایەک بۆ خیانەتکاری لەمێژوودا، کە ئەمڕۆی کوردستانیش دەبینێ بەنەوەی ئێستاکە دەڵێت: سەردەمەکەتان زۆر ئاڵوزو

تاقەت پڕوکێنەرە، ئیحساس دەکەم ئێوە ئێستاتان لێ کردوین بە جەهەننەم.

خان ـ لەو کاتانەی گەڕاوەتەوە، لەشەڕی برا کوژیدا بریندار دەبێت و خوێنی لێ دەچۆڕێت، جارێکی دیکە برینە کۆنە ساڕێژ نەبووەکەی سەر هەڵدەداتەوە، بەدەم ئەو برینەوە دەگەڕێتەوە ئەو شوێنەی لێی هاتبوو بەڵام بەهیواو ئومێدێکی تر بەئایندە .

**کوڕەکە:**

ئەو کاراکتەرە هیچ ناوێکی لێنەنراوە، چونکە کەس نایناسێ، بەڵام رۆژێ لەرۆژان فیگەرێکی نێو تابلۆ بووە لای پەری نیگارکێش، لەناوچوارچیوەی تابلۆکەدا دێتە دەرەوە، بۆ ئەوەی ئەویش چارەنووسی خۆی لەناو تابلۆکەدا بدۆزێتەوەو گلەیی لە (پەری) دەکات کە ژیان کۆپی دەکاتەوە، ئەگەرنا ئەویش جیاوازی نیە لەگەڵ ئەوانی ترو لەدنیایەکی پڕوپوچی پڕ لەترس و نیگەرانیدا دەژیت.

هەمیشە موغازەلەی پەری دەکاو درۆی بۆ هەڵدەبەستی، بۆ ئەوەی لەخۆی نزیک بکاتەوە، بەڵام چونکە (پەری) وەک خۆی گوتەنی متمانەی بەکەس نەماوە، بۆیە گوێ ی پێ ناداو پەراوێزی دەکات، بەڵام لەکوێوە هاتۆتە ناو تابلۆکەو چ پەیوەندییەکی بەپەرییەوە هەیە؟

ئەوە پەری خۆی وەڵام دەداتەوە دەڵێ: من پێشتر سیمای تۆم لەسەر کێلی گۆڕێک بینی، ویستم لێرە دووبارەی کەمەوە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت مادام رەسمی لەسەر کیلێکدا نەخشێندرابێت، رەنگە ئەو کوڕە مردوویەکی گەنج، یان شەهیدێک بوو بێت، کەچی لەکاتی زیندوو بوونەوەو گەڕانەوەی خۆیدا هەرگیز باس لە چۆنیەتی مردنی خۆی ناکات بەو گەنجایەتی و بەو ئاواتە جوانەمەرگانەیەوە چۆن چۆتە ژێر گڵ ؟

یان چی وای لەپەری کردووە ئەو رەسمەی سەر کیلەکە سەرنجی راکێشێ ؟ بۆیە بینەر هەست دەکات ناسنامەی ئەو کوڕە بزرە و

ئاشنا بەباگراوندی ژیانی ئەو کاراکتەرە نیە..

**کاراکتەرە نادیارەکان:**

چەند کاراکتەرێکی نادیار لەپشت شانۆوە هەن، یەک لەوان کچە دەستەخوشکێکی پەرییە، کە ناوە ناوە زەنگ بۆ پەری لێ دەداو پەریش لەهەڵسووکەوتەکانی بێزارە، چونکە شەوان تا بەیانی بەدەم مەی خواردنەوە شەو دەباتە سەر و کێشەی تایبەتی خۆی هەیە، ئەویش لەو کاراکتەرە بێ ناسنامانەیە کە شوێنێکی لەجوگرافیای نمایشەکەدا نیە و بینەر نایناسێ،

دەکرا نووسەر ئەو کەسایەتیەی تێر تر کردایە، تەنها بەو پەیوەندییە تەلەفونیە لقێکی دیکەی لە ناهەمواری کەسانی وەک هێژا دروست کردایە..کە ئەوانیش پارچەیەک بوون لەنەهامەتیە لێک گرێ دراوی ئەو نیشتیمانە

بەگشتی کاراکتەرەکانی ئەو نمایشە ئەگەرچی لەبیرکردنەوەدا جیاوازن و هەمیشە لەململانێیەکی بەردەوام دان لەسەر بیرو باوەڕو چارەنووس، بەڵام لەئامانج دا یەک ئاراستەیان هەیە و هەموویان دەگەنەوە یەک جەمسەر.

دەتوانین بڵێین زەمەنی رووداوەکان لەرێگەی کاراکتەرەکانەوە دیاری کراوە، هەر لەزەمەنی خانی لەپ زێڕینەوە پێش ٤٠٠ساڵ زێتر، تاوەکو ئێستاکە،بەڵام زەمەنی ئێستاکەی لەزەمەنە بێزەوەرو مەترسی دارەکان دەست نیشان کردووە، کە تێیدا گەنج و لاوەکانیش بوونەتە بەشێک لەهەڵگری بەرپرسیاریەتی ئەو مەترسیە، بەهۆی قۆرخ کردنی ئەو گەنجانە لای حزبەکان بۆ شەڕە پەڕۆو دروشم هەڵگرتن و گوللە گێڕانەوە.

بەمەش نمایشەکە وا لە بینەر دەکات هیوای بەنەوەی نوێ نەمێنێ و ئاسۆی ئایندەی نیشتمان کز تر ببینێ، بۆیە ئەو بۆیە رەش قەترانیەی بەسەر سیماو ناوەرۆکی نمایشەکەدا رژێندراوە، زیاد لەپێویستەو پانتایی تاریکیەکە ئەوەندە زێتر دەکات کەجارێ بەم زووانە ئومێدت بەهەڵاتنی مانگەشەوێکی تر نەمێنێ.

بەگشتی فەلسەفەی نمایشەکە دابەشی چوار پەردە بووە، لەهەر لایەکەوە تێی بڕوانی یەک رەنگە، بەهەمان شێوە یەک بۆن و بەرامی هەیە، ئەوەندەش بابەتەکە لەو فەزا داخراوەدا دەسوڕێتەوە، وای لێ کردووە لەخنکان نزیک بێتەوە.

فشارێکی زۆر لەسەر سایکۆلۆژیەتی بینەر دروست دەبێت. بۆیە ئەگەر چەند پەنجەرەیەک لەهەیکەل و رووداوەکانی نمایشەکە بکرابوایەوە، تینی ئەو فشارە بەسەر بینەردا کەمتر دەبۆوە.

**دەرهێنان:**

ئەرسەلان دەروێش خاوەن ستایلێکی جێگیر نیە، هەمیشە لەهەڵبژاردنی ستایلدا لەگۆڕان دایە، ئەمەشیان گەڕانێکە بەدوای باشترو هەر تێکستێک جۆرە ستایلێکی پێویستە.

بۆ ئەمجارە ستایلێکی واقیعی هەڵبژاردووە، کە پشت بەدیالۆگ و گێڕانەوە دەبەستێت، خۆ ئەگەر دەرهێنەر هەموو دەسەڵاتە هونەرییەکانی خۆی بەگەڕ نەخا، بۆ ستاتیکای نمایشەکەی، ئەوە رەنگە بینەر دووچاری سڕ بوون و خاوبوونەوە دەکات و ناتوانێت بەتەنیا دایەلۆگ چێژ لەنمایش وەرگرێ.

چەند ئەوەندەی دایەلۆگەکان بەهێزو مۆسیقی و وروژێنەر بن، بۆیە دەرهێنەر پێویستی بە بونیاتێکی تری نمایشە، بەدروست کردنی وێنەو سینۆگرافیاو ئەدای ئەکتەر بۆ ئەوەی هەموو ئەو توخمانە هەریەک لەوان شوێنی خۆیان لەجوگرافیای شانۆدا دیار بێت و کاریگەری دەروونی و هزری خۆیان بەناخی بینەردا بە جێ بێڵن، بۆ ئەوەی ئەو کاتەی نمایش دەبینێ و تا زەمەنێکی دوور تامو چێژی ئەو وروژاندنانە هەر بمینێ.

هەر بینەرێکیش ئەگەر ئارەزووی ئەوەی کرد بزانێت ئەو نمایشەی بینی سەرکەوتوو بوو یان نا، دەتوانێ لەوەوە تاقی بکاتەوە، بزانێ ئەو نمایشە تاچەند کاسی کردووە، یان تا چەن کاریگەرییەکانی لەسەر دەروونی ماوە، هەر کات هەستی بەوە کرد، لەگەڵ هاتنە دەرەوەی لەهۆڵ نەما، ئەوە وەک ئەوە وایە نمایشەکەی هەر

نەبینی بێ ..
هەر کات دەرهێنەر نەیتوانی بەو هەموو دەسەڵاتەی هەیەتی بینەر بوروژێنێ، ئەوە پێویستە هەڵوێستە بکات و بەدوای هۆکارەکاندا بگەڕێ.
ئەو پرسیارەی گرنگە بگوترێ ئەوەیە ئایا دەرهێنەر توانی تێکستەکە تەواو بکات و رووی دووەمیمان نیشان بدات؟
یاخود توانی ئەو وروژاندنە دروست بکات کە پێویست بوو؟
یاخود نەتینوویەتی خودی دەرهێنەرو نەبینەریشی شکاند؟
هەمیشە وەڵامی راست لەناخ و هزری بینەر دایە.
بەڵام منیش بینەرم و دەڵێم: لەسینۆ گرافیادا دەرهێنەر بۆشاییەکی زۆری دروست کرد، هەر لەدیمەنی یەکەمدا کە ژووری نیگار کێشانی کچەکەیە، بینیمان چەند تابلۆیەکی پێوە هەڵواسرا بوو، چەند کەرەستەیەکی وێنە کێشانی وەک ستاند و پالێت و سەتڵی بۆیاخ و مێزێک دەبیندرا، لەباگراوندی شانۆدا، ئەو تابلۆ زلەی کۆمەڵێ لەکاراکتەرەکانی بەجولەی وەستاوەوە تێدا دیار بوو، ئەوە تەواوی دیمەنەکە فلات بوو.
رووناکی بەهیچ شێوەیەک رووناکی پەخش نەیتوانی بوو بەرجەستەی دیمەنەکان بکات، ئەو رووناکییە سوورەش کە بەدرێژایی شانۆ دووبارە دەبۆوە، هێمای خۆی لەدەست دابوو و هەستت بەبایەخی هیچ رووناکییەکی شانۆیی نەدەکرد..
بەگشتی نمایشەکە لەسینۆگرافیا داچۆڕاوبوو، بەهۆی لاوازی رووناکی و موزیک، جگە لەئارایشت نەبێت، بۆ دروست کردنی ئارایشتی کاراکتەرەکان لەناو تابلۆکە نەبێت کە ماندوو بوونی زۆری ماکێری پێوە دیاربوو، بەتایبەت بۆ رەسم کردنی تابلۆی کاراکتەرە سڕ بووەکان.
ئەو لایەنەی لاوازی سینۆگرافیا وای کردبوو ریتمی نمایشەکە خاو بێت، تا لەکۆتایی نمایشەکەدا ریتمی خاوبوونەوە لەدوا لەحزەدا بە تەواوەتی لەسەر شانۆدا مردو دەرهێنەر چارەسەرێکی پێ

نەبوو بۆ بەرز کردنەوەی.
تا دوا چرکە دەرهێنەر نەیزانی چۆن چارەسەری دیمەنی کۆتایی بکات!
لەناو ئەو ریتمە خاوەدا پەری ئەو تابلۆیە بەرز دەکاتەوە کە کێشابووی، کۆتایی بەنمایش دیت، ئەوەی نیشانەی مردنی ریتم بوو لەدوا لەحزەی نمایش ئەوەبوو بینەر هەستی بەکۆتایی هاتنی نمایش نەدەکرد .
لەهەندێ دیمەندا دەرهێنەر هاوسەنگی فـەزای شانۆی لەنگ کردووە، لەو کاتەی کە خان و کوڕەکە بەیەکەوە لەگفتو گۆ کردن دان، لەبری ئەوەی پەری سەرقاڵی دروست کردنی تابلۆ بێت لەگۆشەی لای راستی شانۆدا دەبیندرێت، بەسرِی دانیشتووە و هیچ جولەیەکی نیە، بەمە پارچەیەک لەجەستەی شانۆ دەمرێ کە بینەر سەرنجی لەسەرەو دەرهێنەر نەیتوانییوە چارەسەری بۆ دانێ، لەو حاڵەتانەدا ناکرێت ئەکتەر بەدەست بەتاڵی لەسەر شانۆ بمینێتەوە، ئەگەر رۆلیشی نەبێت مادام لەبەرچاوی بینەرە، دەبێت بەزیندوویەتی لەسەر شانۆ بێت نەک بەمردوویەتی، ئەوەی باسم کرد تەنیا نموونەیەک بوو بۆ چەند حاڵەتێکی تر بەهەمان شێوە.
ئەکتەر:
**دەرهێنەر سێ ئەکتەری هەڵبژاردووە بۆ رۆڵە سەرەکییەکان لەوانە:**
**بەهمەن حاجی ـ کوڕەکە**
**رۆزانە فەرهاد ـ پەری**
**پشکۆ شێخ عەلی ـ خانی لەپ زێڕین.**
بەپێی توانستی ئەو ئەکتەرانە دەبوا هاوسەنگی سینۆگرافیا زۆر لەوەی بینیمان بەرزتر بێت، بەڵام توانستی ئەوان لەسەر شانۆدا توانستێکی دیاری کراوەو هەست بەحاڵەتێکی جیاواز ناکەیت لەئەدای ئەو ئەکتەرانە وەک :
بەهمەن حاجی لەرووی ئیلقاو دەنگەوە ئەکتەرێکی نموونەییە،

بەڵام لەو بەرهەمەدا هەستت بەجۆرێک لەگرژی دەکرد، وێڕای ئەوەی بەیەک ریتم مایەوە، لەسەرەتاوە تا کۆتایی نمایش، راستە بەهمەن گەنجێکی تورەو یاخی بوو بوو لەو هەلو مەرجە سەختەی تێیدا دەژیا، بەڵام ئەو یەک خولەکی لەریتمی دەنگ و ریتمی نەگۆڕی و نواندنەکەی لاواز کردبوو.

رۆزانا فەرهاد: ئەکتەرێکی ئەکادیمی خاوەن بەهرەیە، من لەنمایشی دیکەدا بینییومە چۆن توانستی ئەو ئەکتەرە قۆرخ کراوەو سوود لەبەهرەو توانستی وەرگیراوە، بەڵام لەو نمایشەدا نەتواندرا وزەی رۆژانە وەک پێویست بتەقێندرێتەوەو ئەدای جوانتری پێ ببەخشرێت .

پشکۆ ـ جگە لەجلو بەرگی برادۆستی نەبێت، هیچ جولەیەکی سەرنج راکێشمان لێ نەبینی، کە گوزارشت لەتوانای ئەو بکا وەک ئەکتەر.

زۆرێک لەو گرفتانەی هاتبونە بەردەم ئەکتەر لەو نمایشەدا، بەشی زۆریان دەرهێنەر لێیان بەرپرسیار بوو، ئیتر بەهەر پاساوێک بێت.

بینەر هەستی بەوە دەکرد کە جۆرێک لە پەلەپرۆزێ لەبەرهەم هێنانی نمایشەکە کرابێت و هێشتا کاتی پێگەیشتنی مابوو.

# بكوژ
# لەنێوان فەلسەفەو سینۆگرافیا



# بکوژ
# لەنێوان فەلسەفەو سینۆگرافیا

**نووسین و دەرهێنانی : ئومێد کەمال**

**نواندنی: بێگەرد حەمە سەلیم، جەلال محەمەد سێدەری**

هەموو پێکهاتەو رەگەزەکانی شانۆ لەپێناو بەرجەستە کردنی ئامانج و فەلسەفەی نمایش دروست بوونە، بۆیە هەرکات نمایش ئەو ئامانجەی لەدەست دا کە دەبێتە کرۆکی نمایش، ئەوە هەموو رەگەزەکانی دیکە بەشێوەیەکی هەڕەمی دەڕوخێن..
من نالێم ئومێد کەمال ـ ی دەرهێنەر لەشانۆیی (کوژەر) ئەو توخمە بنەڕەتیەی شانۆی لە دەست داوە، بەڵام بەلای منەوە بەئاراستەیەکی دروست بەکاری نەهێناوە، کە ئامانجە سەرەکیەکە بپێکێنی، ئەویش ئەو دڵ رەقی و سوکایەتیە پێ کردنەی پیاوە بەرامبەر بە ئافرەت، یان گەمەی ئەهریمەنانەی پیاو بۆ فریودانی ئافرەتو لەخشتە بردنی، تا ئەو شوێنەی ئافرەت تێیدا دەبێتە قوربانییەکی نرخ هەرزان لەکۆمەڵگادا .
ئەگەر ئێمە لەشانۆدا ئافرەتمان وەک کائینێکی نا هوشیارو سادەو ساکارو ساویلکە نیشاندا کە بەئاسانی بکەوێتە داوی پیاوی بازرگان بەخۆشەویستی و بەشەرەف و ئینسانیەتی ئافرەت، ئەوە بەمانا ئێمە دەچینە پاڵ کۆمەڵگاییێکی ستەمکار لەدیدو پێوەر و بۆچووندا، کە ئافرەت بەکائینێکی کەم ئەقڵ و لاوازو بێ دەسەلاّت لەقەڵەم بدات، بەلاّم خۆ وەزیفەی ئێمە لەشانۆدا پشت راست کردنەوەی ئەو هاوکێشە چەوتە نیە کە کۆمەڵگا هەیەتی بەرامبەر بەئافرەت، بەڵکو رەتکردنەوەی ئەو بۆچوونە نالۆژیکیەیە، بەو ئامرازانەی لەشانۆدا بەردەستن.
بۆیە ئەوەی ئێمە لەکاراکتەرە کچەکەی (بکوژدا) بینیمان هەمان ئەو لۆژیکە سەرەو ژێرەی کۆمەڵگایە، نەک ئەوەی ئێمە لەشانۆدا چاوەڕوانی دەکەین .
هەرچەند لە کۆتایی نمایشدا دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی دا کچەکە بە ئاگا بێنێتەوە و یاخی بێت و ناچێتە ژێر باڵی

هەرڕەشەو ویستە ئەهریمەنیەکانی پیاو بۆ بازرگانی کردن بەشەرەف و کەرامەتی وێڕای هەموو مەترسیەکان، بەڵام دوای چی؟ دوای ئـەوەی ئەو ساویلکەیی و کەم ئەقلیەی کچەکەی گەیاندە کەنارەکانی کۆتایی و رووتکردنەوەی لە هەموو ئەو پیرۆزییانەی هەیبوو،

پاشان رووبـەروبـوونـەوەی کچە غـەدر لێکراوەکە لەگەڵ پیاوێک کە چارەنووسی رەش کردو گەیاندی بەوئەو کۆتاییە تاڵە، رووبەڕووبوونەوەیەکی بوێرانە نەبوو، بەڵکو رادەست بوون بوو بەناکامی، کە تێدا جگە لەفرمێسک و گریان نەبێت، نەیتوانی هەلوێستێک نیشان بدات کە ئەو کاراکتەرە لەو لاوازی و نەهامەتیە رزگار بکات.

من نازانم دەرهێنەر بۆ ئەو کاراکتەرەی ئەوەندە پەڕپووت و بێ دەسەلات کردبوو، کە ببێتە مایەی بەزەیی پێ هاتنەوە؟

هەموو ئەوانە بەڵگەی نیشاندانی ناهوشیاریی ئافرەتی ئێمەیە لەکۆمەڵگادا، بەڵام ناکرێت لە هەلومەرجێکا شانۆ فاکتەر بێت بۆ گۆڕانی پرنسیبە کۆمەڵایەتیەکان، کەچی بەشانۆ ئافرەت لەبەها فکری و رۆشنبیرییەکانیدا داچۆڕێنین .

بەگشتی هەڵسوو کەوت کردنی دەرهێنەر لەگەڵ واقیع دا، هەڵسووکەوتێکی ئیجگار دەقاو دەقە و نەیتوانیووە بۆچوون و ئایدیای تایبەتی خۆی لەو واقیعە تاڵەدا جودا بکاتەوە، کە بینەر دووچاری بێ ئومێدی نەکات بۆ ئایندەی ئافرەت لەکۆمەڵگای ئێمەدا .

تەنانەت بۆ چارەسەرکردنی درامیش لەکۆتاییدا بەدەست پێکردنەوەی سەرەتایەکی دیکە بۆ تاوانکاری لەلایەن پیاوەوە دەست پێ دەکاتـەوە، بۆ ئـەوەی هەمان تراژیدیا دووبـارە

بکاتەوە، بەمەش جارێکی دیکە هەرپیاو دەخاتەوە نێو قەفەسی ئیتیهام، بەرامبەر بەهەموو ئەو تاوانە توندو تیژیانەی دەرهەق بەئافرەت دەکرێت، بەڵام بینەر ئەوە بە چاوی خۆیەوە دەبینێت کە بەشێک لەفاکتەرە یاریدەدەرەکانی تاوانەکانی پیاو دەرهەق بەئافرەت، هەر ئافرەت خۆیەتی .
لەدوا دیمەندا دەرهێنەر بەدیمەنی کوشتنی کچەکە لەلایەن باوکییەوە (دوای بڵاوکردنەوەی ڤیدییەکی حەیابەری کچەکە لەلایەن دۆستی کچەکەو دووبارە پەیوەندی کردنی بەئافرەتێکی تر بەهەمان شێوەی پێشوو) دەیەوێت پێمان بڵێت: ئەو تراژیدیا تاڵانەی ئافرەت بەردەوامن و بە قوربانیەک و دووان و سییان کۆتاییان نەهاتووە، هەتا ئەقڵیەتی ئەو کۆمەڵگایە بەئافرەتیشەوە نەگۆڕێت، ئەو نەزیفەی ئافرەت هەر بەردەوام دەبێت.
دەرهێنەر ستایلێکی واقیعی بۆ هێڵی درامی نمایشەکەی هەڵبژاردبوو، بەتایبەت لەنواندندا، زۆر بۆشایی گەورەی لەسینۆگرافیای نمایشەکەدا بەجێ هێشتبوو، لەموزیک و رووناکی و دیکۆردا، بەکارهێنانی سکرینیش کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو بۆ بەزیندوو راگرتنی ریتمی نمایشەکە، لەگەڵ گوێ گرتن لەگۆرانیەکانی نێو ئۆتۆمبیلیش نمایشەکەی بەئاراستەی درامای تەلەفزیۆنییەوە دەبرد.
بەگشتی ئەو بۆشاییانەی هەبوون ریتمی نمایشەکەیان خاو کردبۆوە، راستە کەئەکتەر سەرچاوەیەکی بنەڕەتی سینۆگرافیایە لەشانۆدا، بەڵام دەرهێنەر ناتوانێت، تەنیا ئەکتەر بکاتە ئەلتەرناتیف، بۆ شوێن گرتنەوەی سینۆگرافیا، هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی ون بوونی رەگەزی وروژاندن بوو

له نمایشەکەدا.
دیارە کە داینەمۆی راگرتنی ریتم تەنیا بەبەرجەستە کردنی توخمەکانی وروژاندن دەستەبەر دەبێت، ئێ خۆ ئەرکی نمایش خوێندنەوەی کتێبێک نیە تەنیا فەلسەفەیەکت پێ ببەخشێت، بینەر بۆ ئەوە دێتە شانۆ چێژ لەرەگەزەکانی سینۆگرافیا وەربگرێ، ئەگەر نەکەوێتە ژێر ئەو کاریگەرییە، هەست ناکات هاتۆتە شانۆ.
بۆیە دەرهێنەر دەبێت دەسەڵاتی راگرتنی هاوسەنگی هەبێت لەنێوان تێکست و سینۆگرافیادا.
لەدیکۆردا هەوڵێک هەبوو کە رەنگ بۆ هەندێ هێماو دەلالاتی فەلسەفی و رەمزی بەکار بێنێ، هێمایەکی گوزارشت بەخش ببەخشێت بەو رەنگە رەشو سپی و رەنگە سوورانەی لەفەزای شانۆو سەرتەختەی شانۆو جلوبەرگەوە دابەش ببوون، وەک هێمای رەنگی سپی بۆ پاکیزەیی و بەرائەتی ئافرەتەکەو هێمای رەنگی رەش بۆ ئەو دیدو دڵە رەشانەی دژ بە رەنگە سپیەکەن و و رەگی سوور بۆ ئەو تاوان و بڕۆیەی دەرهەق بە ئافرەت دەکرێن، بەتایبەت لەشەوی سووری ئەنجامدانی تاوانی هەتک کردنی کچەکە کە یەکێک بوو لەدیمەنە هەرە جوانەکانی نمایش . دەرهێنەر بۆ بەرجەستە کردنی فەلسەفەی نمایشەکەی هەموو قورسایی خۆی خستۆتە سەر ئەکتەر، وەک داینەمۆی ریتمی نمایشەکەی و بەرجەستە کردنی دوو کاراکتەری ژن و پیاو، پیاوەکە (جەلال محەمەد سێدەری) لەرووی شێوەو روخسارەوە لەگەڵ کاراکتەرەکەی خۆی دەگونجێت و توانی رق لای بینەر دروست بکات، رق لێبوونەوەش بەمانای وروژاندنی بینەرە لە رووی سایکۆلۆژییەوە، بەڵام لەرووی

ئەداو پیر فۆرمانسەوە رۆڵەکەی خۆی تێر نەکردو لە ئەکشن و ئیلقادا کەمێک پەلە پروزێیی پێوە دیار بوو، کە هەندی جار دەبووە تەوژمێک بۆ لاوازبوونی کاراکتەرەکە .

رۆڵی ئافرەتەکە لەلایەن (بێگەرد حەمە سەلیم)ەوە دەبیندرا، کە خاوەنی توانستێکی سروشتی هاوسەنگ بوو، بەپێی خواستی رووداوو ریتمی دیمەنەکان رەفتاری دەکرد، بەرائەت و سادەیی پێوە دیاربوو، کە وێنەیەکی گونجاو نیشان بدات لەگەڵ کاراکتەرەکەی،وەک وێنەیەکی دەقاو دەقی هەموو ئەو ئافرەتە ستەم لێکراوانەی دەبنە قوربانیی، توانی بەنواندنە سروشتیەکەی بینەر بوروژێنێ و ببێتە کۆڵەگەیەکی بەهێزی راگرتنی نمایشەکە، هەم لە رووی ریتم و هەم لە رووی چێژ بەخشینیشدا، بەڵام دەرفەتی ئەوەی پێ نەدرابوو، کاراکتەرەکەی خۆی لەو لاوازی و دەستە پاچەییە رزگار بکات و بیکات بەکاراکتەرێکی بەهێز، ئەمە لەکاتێکا کە گەلێک دەرفەتی لەبار هەبوون بۆ ئەوەی هەم ئەو کاراکتەرە، کە هێمای ئافرەتی کورد بوون بەهێزتر کات، هەمیش ئاراستەی فەلسەفەی نمایشەکەی بۆ بەرژەوەندی ئایندەی ئافرەتی کورد بشکێنتەوە .

رۆڵی ئافرەتەکە لەلایەن (بێگەرد حەمە سەلیم)ەوە دەبیندرا، کە خاوەنی توانستێکی سروشتی هاوسەنگ بوو، بەپێی خواستی رووداوو ریتمی دیمەنەکان رەفتاری دەکرد، بەرائەت و سادەیی پێوە دیاربوو، کە وێنەیەکی گونجاو نیشان بدات لەگەڵ کاراکتەرەکەی،وەک وێنەیەکی دەقاو دەقی هەموو ئەو ئافرەتە ستەم لێکراوانەی دەبنە قوربانیی، توانی بەنواندنە سروشتیەکەی بینەر بوروژێنێ و ببێتە کۆڵەگەیەکی بەهێزی

راگرتنی نمایشەکە، هەم لە ڕووی ریتم و هەم لە رووی چێژ بەخشینیشدا، بەڵام دەرفەتی ئەوەی پێ نەدرابوو، کاراکتەرەکەی خۆی لەو لاوازی و دەستە پاچەییە رزگار بکات و بیکات بەکاراکتەرێکی بەهێز، ئەمە لەکاتێکا کە گەلێک دەرفەتی لەبار هەبوون بۆ ئەوەی هەم ئەو کاراکتەرە، کە هێمای ئافرەتی کورد بوون بەهێزتر کات، هەمیش ئاراستەی فەلسەفەی نمایشەکەی بۆ بەرژەوەندی ئایندەی ئافرەتی کورد بشکێنتەوە.

# مایسترۆی سلێمانی لەهەولێر بوو



# مایسترۆی سلێمانی لەهەولێر بوو

**نووسین و دەرهێنان: حەیدەر ئەبو حەیدەر**
**نواندن : میدیا رەئووف بێگەرد**

ئەمڕۆ ئێوارە، چاوەڕوانی ئەوە بووم، لەگەڵ هاتنی شانۆیی (مایسترۆ) لەنووسین و دەرهێنانی حەیدەر ئەبو حەیدەر، لەسلێمانیەوە بۆ هەولێر، کەمێک تێنوویەتی خۆمان لەو هەلومەرجە چەق بەستووە بێ شانۆییەی هەولێر بشکێنین،
لەماوەی ٥٥ خولەکدا لەگەڵ کۆمەڵێ شێت لەنەخۆشخانەیەکی تایبەتدا کاتمان بەسەر برد.
بەرجەستە کردنی واقیعی تاڵی هەندێ لەکۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان، لەوانەی کەوتونەتە ژێر جەزرەبەی ڕژیمە نا دیموکراسی و دکتاتۆرەکان و شوبهاندنی ئەو واقیعە تاڵەی تێیدا دەژین بەشێتخانەیەک، پرسێکی نوێ نیەو تا ئێستا لەچەندین کاری شانۆیی و درامی دا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام ستایل و فۆرمی هەر یەکێک لەوان تایبەتمەندی خۆیان هەبووە، تەنانەت هەندێ لەو بەرهەمانە هەمان ناونیشانی مایسترۆ بەخۆیانەوە هەڵدەگرن.
دەرهێنەڕ بۆ بەرجەستە کردنی واقیعی ئەو شێتخانەیە، نەخۆشخانەکەی وەک لابورێک لێ کردوە بۆ شۆرینەوەی دەماغ و کاڵ بوونەوەی هەموو ئەو بیرو باوەڕە نیشتمانیانەی لەمێشکی ئەو کاراکتەرانە دایە، بۆ ئەوەی وەک ڕۆبۆتیان لێ بێت و بکەونە ژێر دەسەڵاتی ئەوانەی نایانەوێ هیچ تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە لەژێر ڕکێف دەرچێ و ببێت بەمرۆڤێک بیر کاتەوەو کار بۆ ئازاد بوونی خۆی بکات.
بەڵام دەرهێنەر هەموو شێتەکانی لەیەک قالب داوەو نەیتوانووە، جیاوازی فۆرم لەنێوان هیچ لەواندا دروست بکات، وەک ئەوەی هەر شەش کاراکتەر تەنیا یەک کاراکتەر بن
نەک هەر لەفۆرمدا، بەڵکو لەئاماژەو دەلالات و بزوتنەوەشدا هەست بەو جیاوازیە ناکرێ.
پێم وایە هۆکاری ئەو یەک قالبیەی کاراکتەرەکان لەوە دایە کە

دەقەکە لەڕەسەندا دەقی مۆنۆدراما بووەو یەک ئەکتەری سەرەکی بۆ داندراوە، بۆیە کاراکتەرەکانی تر هیچ دیالۆژێکیان نیەو وەک کۆمبارسیان لێ هاتووە.
دواتر دەقەکە گۆڕاوە بۆدەقێک کە شەش کاراکتەری بێ دیالۆژی بۆ زێدە بکرێت بۆ دروست کردنی وێنەیی شانۆیی بەڵام بینەر بەهۆی دوورو درێژی دیالۆگی ئەکتەری سەرەکی و دوور خستنەوەی شەش ئەکتەرەکەی تر لەفەزای نمایشەکە، ئەوە دەزانێت ئەو ئەکتەرانە تەنیا بۆ نمایشی چەند دیمەنێک زێدە کراون، خۆ ئەوە ڕاستە ئەوان جوانکارییەکی زۆریان بەنمایشەکە بەخشی، بەڵام نمایشەکە چمکی مۆنۆدرامای لەدەست دا.
هونەری گەورەی مۆنۆدراماش لەوە دایە کە تەنیا ئەکتەرێک بتوانێ ببێت بەئەلتەرناتیف بۆ شەش ئەکتەرەکەی تری نمایشەکە.
**موزیک:**
دەکرێ ئەو نمایشە بەنمایشی موزیک ناو بەرین، چونکە موزیک لەڕووی تیۆرییەوە، هەڵگری فەلسەفەو ئامانجی نمایشەکەیەو پێمان دەڵێ موزیک بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ ناکامی و بێ هۆش کردنی کۆمەڵگا، کاریگەرترین چەکێکە بۆ دروست کردنەوەی مرۆڤ دوای ڕوخانی،
موزیک لەو چوارچیوە فەلسەفیەدا، کۆمەڵێ مەغزاو دەلالاتی هێمادارى جیا جیای لێ دەبێتەوە، کە هەر هەموویان بەئاراستەی چاکسازی و ڕێگەی ئاشتی خوازی دەبن بە پراکتیک بۆ ئازادی مرۆڤ، ئەم فەلسەفەیەش لەدوا دیمەندا بەتەواوەتی بەرجەستە دەبێت کە ئەکتەری سەرەکی نەخۆشخانەکە کەمانچەکە بەکێژۆڵەیەکی نەوەی نوێ دەسپێرێ بۆ ژەنین، ئیدی شێتەکان هەموویان دێنە ناو بینەران و نۆتەکانیان بەسەر دا دابەش دەکەن.
جگە لەڕووە فەلسەفیەکەی، موزیک لەنمایشەکەدا بەرجەستەیەکی

زیندووی ڕووداوەکانی دەکردو ڕیتمی نمایشەکەی بەهاوسەنگی ڕاگرتبوو، بەتایبەت لەدیمەنە سەربازی و دیمەنی تەپڵ و دابەش کردنی نۆتەکان لە ناو بینەراندا.

دەرهێنەر نیشانی داین کە شێتەکان چۆن بەوگوتارە موزیکیە دەردەکانیان سارێژ کرا، بەهەمان ئامانج نۆتەکان بەسەر بینەران وەک تاکی کۆمەڵگا دابەش کراو گوتیان سەرەڕای نەهامەتیەکان لەموزیک ژەنین بـەردەوام دەبین، چونکە پێیان وابـوو موزیک فاکتەرێکی بنەڕەتی بــەردەوام بوونی ژیانو چەکی بەرەنگار بوونەوەی ئازارەکانە.

بەگشتی موزیک لەنمایشەکەدا وەک زیندووترین پێکهاتەی نمایشەکە بوونی خۆی سەلماند.

**دەرهێنەر:**

پێشتر هیچ بەرهەمێکی دەرهێنەر حەیدەر ئەبو حەیدەرم نەبینیووە، بەڵام ستایلێیکی ئەکادیمی وئەزموونێکی باشی پێوە دیارە لەڕووی دەرهێنانی شانۆی تەعبیری.

پێم وایە کارێکی باشی کردووە کە نمایشەکەی لەنمایشی پانتۆمایم دەرهێناوە و وەک ئەزموونێکی تایبەتی خۆی، پانتۆمایم و نمایشی شانۆیی تێکەڵ بەیەکتر کـردووە، ئەگەرنا ڕەنگە نمایشەکەی دووچاری ڕوخان دەکرد.

چونکە بانتۆمایم کەپشت بەتوانایەکی گەورەی ئەکتەر دەبەستێت، پێوستی بەوزەو دەسەڵاتێکی زۆری فیزیکی و جەستەیی ئەکتەر هەیە، ڕەنگە بۆ نمایشێکی یەک سەعاتی بۆ هەموو ئەکتەرێک کارێکی ئاسان نەبێت.

دەرهێنەر کە نووسەری نمایشەکەشە، هەندێ لەدیمەنەکانی خستۆتە دیوی ناوەوەی لابوورەکەو هەندێکی تری خستۆتە دیوی دەرەوە، دەرگایەکی تۆماتیکی لێکیان جودا دەکاتەوە، بەڵام هەردوو دیو

هەر یەک جیهانن،
دەرهێنەر ئەوەی ناوەوەی داوە بەشەش کاراکتەرە شێتەکە و پەرستارەکە، ئەوەی دەرەوەش بەئەکتەری سەرەکی، کە موزیک ژەنێکە.
بۆ دەربڕینی دیمەنەکانی ناوەوە، دەرهێنەر پشتی بەڕووناکی و سینۆگرافیا و موزیک بەستووە، چەند دیمەنێکی تەعبیری بەسێبەری لەئەکتەرەکان دروست کردووەو ستاتیکایەکی سەرنج ڕاکێشی بەکار هێناوە بۆ دروست کردنی چەند وێنەیەکی دراماتۆرگی جیاواز.
فەزای دەرەوەشی بەئەکتەرە سەرەکیەکەو هەندێ دیمەنیشی تێکەڵ یەکتر کردووە.
**دەرهێنەر هەوڵی داوە نمایشەکەی لەوێنەی دراماتۆرگی تێر بکات بەپشت بەستن بە:**
یەکەم: ئەکتەر
دووەم: موزیک
سێیەم : سینۆگرافیاو ڕووناکی
بەڵام تاچەند لەدروست کردنی وێنە دراماتۆرگیەکاندا سەرکەوتوو بووە؟
چەند توانیویەتی وێنەکان بخاتە نێو بەرگی ستاتیکایەکی تەعبیری و هێماداری، کە چێژ بەبینەر ببەخشێ و چاو تێرکا لەجوانیی؟
ڕەنگە بینەر وەڵامی تایبەتی خۆی هەبێت، بەڵام من پێم وایە دەرهێنەر زۆر لەو خواستانەی نەگەیاند کە لەخەیاڵی دابوو، لەسەر تەختەی شانۆ بە پراکتیکیان بکات.
نیشانەی ئەو بۆشاییەش لەوە دەردەکەوێ، کە وێنەکان لەزۆر کاتدا بینەری تێر نەکرد لەچێژ، لەوانەش لەدیمەنی گەلگامیش، دیمەنی ژەهرخواردنەکەی سوقرات، دیمەنی خوێندنە وەی بڕگەکان،

دانیشتن لەسەر ئاو دەست.
بە پێچەوانەی دیمەنی نمایشە سەربازیەکەو دیمەنی کۆتایی دابەش کردنی نۆتەکان .
هەروا دەرهێنەر هەوڵی زۆری دابوو ڕیتمی نمایشەکە لەسڕ بوون بپارێزێ، بەدروست کردنی ئەو ڕیتم و وێنە لەناکاوانەی بینەر لەسارد بوونەوە بە ئاگا دێنێتەوە

**ئەکتەر:**

ئەکتەری سەرەکی نمایشەکە میدیا ڕەئووفە، کە لەو نمایشەدا ڕۆڵی موزیک ژەنێک دەبینی لەناو نەخۆشخانەیەکداو ئاگاداری تەواوی ئەو کارەساتە مرۆییانەیە کە لەو شوێنەدا ڕوو دەدەن و ئەو زۆرینەی ڕووداوەکانی بەرجەستە دەکات،
ئەویش پارچەیەکە لەشێتەکان، بەڵام هوشیار ترو بەئاگاترە لەوانی تر چونکە بەهۆی موزیکەوە توانیویەتی بەرگە بگرێ، هەر ئەویشە بۆ خۆ رزگار کردن شێتەکان فێری موزیک ژەنیین و سەمایان دەکات.
میدیا ڕەئووف وەک ئەکتەر پاشخانێکی پڕ لەئەزموونی دوورو درێژی هەیەو ئەکتەرێکی ئەکادیمی نەوەی هەشتاکانە لەشانۆی عیراقی و شانۆی کوردیدا، بەڵام چونکە شانۆ لابورێکی بەردوامە بۆ ئەکتەرو پێویستی بەئەکتیف بوونەوەی بەردەوامی ڕاهێنان و جەستە و ئیلقا هەیە، ڕەنگە توانست و ئەدای ئەکتەر گۆڕانکاری بەسەر دابێت، بینەر ئەو گۆڕانکارییە لەسەر شانۆدا دەخوێنێتەوە.
بەگوێرەی میدیا دوو خاڵی زەق لە نمایشەکەی دا هەستی پێ دەکرا یەکەمیان بەگشتی نمایشێکی گرژی هەبوو، کە لەگەڵ کاراکتەرێکی موزیک ژەن لێک دوور بوون، گرژی لەبەرز بوونەوەی حاڵەتی ئینفعالات لە نواندندا، گرژی لەریتمی دەنگ.
دووەمیان: خنکانی نیوەی ڕستەو دیلۆگەکان بەهۆی دەنگ نووسان

و نا سەقامگیری لەتۆن و نارێکی هاوسەنگ ڕاگرتن، کە دیارە ئەم گرفتە هونەریانەش کاریگەری خۆیان دەبێت بەسەر هونەریی ئیلقاو دەنگی ئەکتەر بەگشتی .

بەڵام لەهەندێ دیمەندا میدیا ئەدایەکی بەرزی نیشاندا، بەتایبەت لەدیمەنی سەما و دیمەنی نمایشە سەربازیەکەدا.

شەش ئەکتەرە گەنجەکانی پەیمانگاش بەتێکڕایی ئەدای سەکەوتوویان نواند، بەتایبەت ئەو نمایشانەی پێش دەست پێکردن لەناو بینەران ئەنجامیان دا، خۆناساندنێکی بەهێز بوو بۆناساندنی کاراکتەرەکانیان و چوونە نێو ئەتمۆسفیری نمایشەکە.

# لەنمایشی دوا ڕۆژەکانی بابلۆ
# سیحری ڕاکێشانی بینەر لەکوێ دایە؟



## لەنمایشی دوا ڕۆژەکانی بابلۆ
## سیحری ڕاکێشانی بینەر لەکوێ دایە؟

**نووسین: کلۆد ماگینێر**
**دەرهێنان: شوان کەریم**
**نواندن: ڕێشان حەمۆش، ژمارەیەک ئەکتەری تر**

دوێنێ ئێوارە نمایشی چوارەم ڕۆژی دوا ڕۆژەکانی بابلۆم لەهۆڵێکی پڕ لەبینەردا لەهەولێر بینی، ویستم بەدیدێکی ڕەخنەیی دوور لەو فشارە میدیاییەی هەبوو، لەهەقیقەتی نمایشەکە بگەم و خوێندنەوەیەک بۆ ئەو بەرهەمە بکەم، کە تا ئێستا لە ڕووی میدیاییەوە دەنگۆیەکی گەورەی ناوەتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی نزیکەی٢٥ هەزار بینەر لەسلێمانی شانۆگەریەکەیان بینی.

ئەو پرسیارەی بەر لەهەموو شتێ جێگەی سەرنجە و دوای بینینی نمایشەکە دێتە پێشەوە، ئەوەیە ئاخۆ سیحری ڕاکێشانی ئەو ژمارە زۆرەی بینەر چیە بۆ ئەونمایشە؟ هۆکارەکانی چین؟

بێگومان کرۆکی نمایشەکە خۆی لەسێ تەوەری سەرەکی نیشان دەدا.

هەر یەک لەو تەوەرانە کاریگەری تایبەتی خۆیان بەسەر نمایشەکەوە جێ دێڵن،

یەکەمیان: نمایشەکە فۆرمێکیی کۆمێدی سووکی خێزانی هەیە، ئەوەندە ئەو فۆرمە بەهێمنی و هاوسەنگی دوور لەهەڵچوون و زێدە ڕۆیی خۆی نیشان دەدات، بینەر لەڕێگەی هەندێ دیالۆگ و بزووتنەوەی کۆمێدی دەهێنێتە پێکەنینێکی هاوسەنگ و دەبێتە سەرچاوەیەکی بەهێزی چێژ وەرگرتن

لەچوارچیوەی نواندنێکی پڕ ئامانجی دوور لەهیچ نیشانەو مۆرکێکی تەهریجی.

ئەکتەرێکی وەک (ڕێشان حەمۆش) کە ڕۆڵی سەرەکی کۆمێدیاکە دەبینێ، توانایەکی تایبەتی خۆی هەیە بەهاوکاری دوو ئەکتەری سەرەکی، نمایشەکە زیندوو ڕادەگرن و ڕێگە نادەن ڕیتمی نمایشەکە هاوسەنگی خۆی لەدەست بدات.

بۆیە لایەنی ئەو فۆرمە کۆمێدیە وەک لایەنێکی زاڵ بەسەر ڕووبەری نمایشەکەوە دیارەو نرخ و بەهایەکی زۆریان بەسەنگی نمایشەکە بەخشیووە،

فۆرمی کۆمێدی لەهەلوەرجێکی سەخت و ئاڵۆزی وەک ئەمڕۆی

کۆمەڵگای کوردی، فۆرمێکی مەقبولە ئەگەر بەو ئاست و ئامانجە بەرجەستە بکرێت کە لەدوارۆژەکانی بابلۆ بەرجەستەکرا.
٢ .گۆرانی و موزیک لایەنێکی زۆری پانتایی نمایشەکەی داپۆشیووە، کە بەهاوکاری گروپێکی موزیک ژەنی بەتوانا، چەندین گۆرانی بەسۆزی کوردی بەفۆرمێکی ڕاستەوخۆی زیندوو نمایش کرا.
ئەم ڕاستەوخۆییە بۆ موزێک و گۆرانیەکان، تەنانەت بۆ موئەسراتی دەنگیش، وای کردبوو ڕیتمی نمایشەکە هەر بەزیندوویی بمێنێتەوە، جگە لەوەی بینەر لەو ڕاستەوخۆییە چێژی زیاتری وەرِ دەگرت، چونکە ببوو بەبەشێک لە نمایشەکە.
خۆ ئەگەر هەمان ئەو موزیک و گۆرانیانە بەتۆمار کراوی بونایە، چێژو ڕیتمی نمایشەکە وەک ئێیستا نەدەبوو.
هونەری دەرهێنەر لەوە دابوو کە توانیبووی سوود لەسیناریۆی تێکستەکە وەربگرێت کە دەڵێ بابلۆ ئارەزوو مەندێکی گۆرانی و موزیک بوو دووچاری واهیمەیەک ببوو وای دەزانی ئەو لەم بارەیەوە بلیمەتە، کەسیش ئەو ڕاستیەی پێ نەدەگوت کە ئەو نەخۆشەو لەوەهمدا دەژیت، چونکە لەهونەردا کەسێکی فاشیلە.
دەرهێنەر زۆر زیرەکانە کۆمەڵێ ئاوازو گۆرانی جوانی دەست نیشان کردوە کە گوایە بابلۆ بەرجەستەیان دەکات، لەکۆتایی گۆرانیەکان بەنەشازی دەیانڵێتەوە.
بەڵام دەرهێنەر لەو کاتەی بابلۆ وەک کەسێکی واهیمەدار لای بینەر پێناسە دەکات لەکاتی ژەنینی جاس دەبێتە جاس ژەنێکی کارامەو لێهاتوو، بەمەش دووچاری دژایەتی بوونێک دەبێت لەنیشاندانی کەسایەتی بابلۆ.
دەرهێنەر لەدیمەنی جاس لێدانەکە کە بۆتە بەڵایەک بەسەر نمایشەکەو کۆمەڵێ کێشەی تەکنیکی و هونەری لەگەڵ خۆیدا دێنێ، تووشی جیاوازی لەفۆرمی گۆرانی و موزیک دەبێتەوە لەگەڵ گۆرانیەکانی تر، ئەوەۆ جگە لەکێشەی بەرز بوونەوەی ڕیتم و تێکچوونی ئەتمۆسفیری نمایشەکە، هەموو ئەوانە دەرهێنەر تەنیا دەیەوێ بەبینەر بلێ ڕیشان

لەبواری جاس ژەنیندا لێهاتووە.
ئەگەرچی دەرهێنەر ئەو ئامانجەی نەپێکاو زۆر بەگران لەسەر بەرهەمەکە کەوتەوە.
٣.لایەنی تراژیدی لەو قۆناغەدا دەست پێدەکات کە بابلۆ لەئاکامدا ڕاستیەکانی بۆ ئاشکرا دەبێت و بەدەم ئازارەکانیەوە شێت دەبێت و دوا ڕۆژە تاڵەکان بەچاوی خۆی دەبینێ.
لەو قۆناغە تراژیدیەدا هاوسەنگی نمایشەکە لەنگ دەبێت، بەهۆی دیالۆگی دوورو درێژی خیتابی، کە ڕاستەوخۆ ڕووی لەبینەرە.
بەپێچەوانەی پەردە سەرەتاییەکان جۆرە ساردییەک هۆڵەکە داگیر دەکات و بینەر لەناو ئەو هەموو شەپۆلە پێکەنینە دەکەوێتە نێو ئەتمۆسفیرێکی تراژیدی دژ بەئەتۆسفیری کۆمێدی پێشوو.
بۆیە بینەر هەست دەکات هەردوو فۆرمە کۆمێدی و تراژیدیەکە بەشێوەیەکی سروشتی تێکەڵ بەیەکتر نابن.
ئەو کاتە بۆ دەرهێنەر سەخت دەبێت هەر سێ فۆرمی کۆمێدی و موزیک و سترانسازی و تراژیدی بەیەکەوە بەڕێوە ببات.
بەمە دەرهێنەر هاوسەنگی لەفۆرمەکاندا لەنگ کردووە زێدەڕۆییەکی زۆرتر لەپێویستی بەتراژیدیا کردووە، دەبوا لەپانتایی تراژیدیاکە کەم کاتەوە، بەتایبەت لەخیتابە دوورو درێژەکەی دوا دیمەنی، کەمەترسیەکی زۆری خستە سەر نمایشەکە.
لەدیمەنەکانی دواییدا ئەکتەرێکی زۆر دێنێتە سەر شانۆ، هەموو ڕوداوی نمایش و کاراکتەرەکان لەگەڵ یەکتردا کۆ دەکاتەوە.
دەرهێنەر ویستی ئامانجێک لەپرسی جانتاکەو فڕوفێڵ و خواز بینیەکان دەر بخا، بەڵام نەیتوانی ئەو پەیامە بگەیەنێتە بینەرو بۆشاییەک لەو نێوانەدا دروست بوو ببێتە هۆی لاوازی فەلسفەی نمایشەکەو ئامانجەکانی.
هەروا کۆ کردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی ئەکتەر، وای کرد بینەر دەرفەتی ناسینی کارکتەرە لاوەکییەکانی نەبێت جگە لەسێ کاراکتەری سەرەکی نەبێت.

لەڕووی ڕیتمیشەوە لەو دیمەنەی کە خزمەتکار ڕاکێشی شێتخانە دەکەن، ئەویش بەدەستیانەوە ڕادەکاو دەڵێ من نیم و گەڕانەوەی زاوا بەجانتای نیو ملیۆن دۆلاری کە پڕە لەجلی ژنان و هاتنی تیمی شێتخانەو ڕاکردنی هەر یەکەو بەئاراستەیەک، ئەو ئاژاوە تێک چرژاوەی ئەو کۆمەڵگا بێ سەرو بەرە، باشترین دەرفەت بوو بۆ کۆتایی و بەجێ هێشتنی ئەو واقیعە تاڵە کە ئێستاش بەردەوامی هەیە.

بەڵام شێت کردنی بابلۆو خیتابەکانی کۆتایی ئەو دەرفەتەی لەدەست داو لەریتمێکی مردوودا نمایشەکە کۆتایی هات.